

### بەزمانی پێشوازیی پڕۆتۆکۆڵی لە بارزانی

# فەرەنسا پشتگیریی خۆی
# بۆ دەوڵەتی کوردستان ڕاگەیاند

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا لەگەڵ پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری کە راوێژکاری دەستووری نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق، سەبارەت بە سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئەمریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ جۆرج دەبلیو بوش پرسیاری ئەوەمان لێکرد، ئایا بە رای تۆ دەبێت بەرنامەی سەرۆک لەم سەردانەیدا بۆ ئەمریکا چی بێت؟ ئایا بەرنامەیەکی ئەوتۆ رێکخراوە کە بۆ ئایندەی کوردستان رەنگدانەوەی هەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا پرۆفیسۆر ئۆلێری پێی گوتین: سەرۆک بارزانی بۆ وێنەگرتن لەگەڵ جۆرج بوش سەردانی کۆشکی سپی ناکات و سەرۆک بوش-یش لەو ئاستە بەرزە بەبێ بوونی بەرنامەیەك پێشوازی لە بارزانی ناکات، بۆیە ئەم سەردانەی بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆشکی سپی و پێشوازی سەرۆکی ئەمریکا لەناو کۆشکی سپی لە بارزانی، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا بە ئاشکراش ئەوە بڵێت کە مامەڵەی کۆشکی سپی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکادایە بەرامبەر عێراق، بەڵام ئەم سەردانە دەبێتە وەرچەرخانێك بۆ سەرەتای دروستبوونی سیاسەتێکی راستەوخۆ لە نێوان هەولێر و واشنتۆندا.

ئاماژە کردنمان بەم رووداوە کە پێش هەشت ساڵ لەسەردانی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی بۆ فەرەنسا و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆك فرانسۆ هۆلاندەوە بە هەمان ئاستی پرۆتۆکۆڵی سەرۆکی رووسیا و ئەمریکا و تورکیا، ئەوەمان پێدەڵێت ئەگەر پێشوازی جۆرج بوش لە ساڵی ٢٠٠٨ سەرەتای وەرچەرخانێك بوویێت بۆ دروستبوونی سەرەتای سیاسەتێکی راستەوخۆی واشنتۆن لەگەڵ هەولێر، ئەوا زمانی پێشوازیی پرۆتۆکۆڵی سەرۆك هۆلاند لەسەرۆك بارزانی راگەیاندنی سیاسەتی راستەوخۆی پاریسە بەرامبەر هەولێر و دانپێدانانی کۆشکی ئەلیزێیە بە شکۆی دەوڵەتی کوردستاندا.

ئەوانەی لە زمانی پرۆتۆکۆڵی تێدەگەن، هەست بەو راستییە دەکەن، فەرەنسا کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و خاوەنی ڤیتۆیە و دەتوانێت بۆ پشتگیری و دژی هەر بڕیارێکی جیهانی بەکاری بهێنێت، هەروا بەسادەیی و بەبێ رەچاوکردنی پرانسیپە نێودەوڵەتییەکان، بە زمانی پرۆتۆکۆڵی بە هەموو جیهان ناڵێت سەرۆکی کوردستان هاوتای سەرۆکی تورکیا و رووسیا و ئەمریکایە لە تێڕوانینی فەرەنسادا. بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئەمە یەکەمین سەردانی سەرۆك بارزانی نییە بۆ فەرەنسا و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە، بەڵام لەسەردانی ئەمجارەیدا، زمانی پێشوازیی پرۆتۆکۆڵی کۆشکی ئەلیزێ، پشتگیری فەرەنسای بۆ دەوڵەتی کوردستان پێی راگەیاندین.

سەرۆك بارزانی لە نیسانی ٢٠١٥ پرسی سەربەخۆیی کوردستانی بردە کۆشکی سپی، ئەمەش یەکەمین جار بوو لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا سەرۆکێك بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ئاستە بەرزە لە کۆشکی سپی پێشوازی لێبکرێت و سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان گوێی بۆ رابگیرێت و، ئیدارەی ئەمریکی دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان نەکات و تەنیا پێشنیاری ئەوەی هەبووە خۆتان باشتر ئامادەبکەن و کاتێکی گونجاو هەڵبژێرن، ئەم زمانەی ئەمریکاش کە لەگەڵ سەرۆك بارزانی قسەی پێکرابوو، دیسان پیشاندانی تیشکێکی سەوز بوو بۆ جیهان بۆ ئەوەی پێشوازی لە دەوڵەتێکی تازە بکەن کە ئەویش دەوڵەتی کوردستانە.

سەرۆك بارزانی دوای گەڕانەوەی لەسەردانە سەرکەوتووەکەی بۆ کۆشکی سپی، لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان کۆبووەوە بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان ژوورێکی عەمەلیات بۆ خۆئامادەکردن بۆ سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکەن، بەڵام بەداخەوە هەندێك لەو حزبانە لەبری ئەوەی هەموو هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان سەرکەوتوو بێت، هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی رێبەری پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دووربخەنەوە و پرۆسەکە شکست پێبهێنن. بەڵام سیاسەتی لۆژیکانەی بارزانی نەك رێگەی نەدا سەقامگیری کوردستان بشێوێندرێت، لە هەمانکاتدا سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆییشی زیاتر لە لوتکە نزیك کردەوە.

ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لە دژایەتینەکردنی ئەمریکا بۆ دەوڵەتی کوردستان و پێشوازیی فەرەنسا لە سەرۆك بارزانی بە ئاستی پرۆتۆکۆڵی سەرۆك دەوڵەت، کە لەماوەی تەنیا ساڵێك و چەند مانگێکدا روویداوە، مانایەکی دیکەی لێدەخوێندرێتەوە، ئەو مانایەش ئەوەیە کاتی ئەوە هاتووە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پرسی دەوڵەتی کوردستان قسەو باسی لەسەر بکرێت و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی راشکاوانە هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەم پرسە رابگەیەنێت. دیارە ئەو پرسە گرنگانەشی کە دەبنە کارنامەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێویستی بەوە هەیە کە ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش دەستنیشانی بکات، لەم راستەدا کە فەرەنسا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە فاکتەرێکی گرنگی یەکلاکردنەوەی شەڕ و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بزانێت، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەو نەخشەڕێگە سیاسییەی هاوشانی ستراتیژیەتی سەربازی بۆ تێکشکاندنی

**ئەم بارودۆخە ئومێدبەخشەی ئێستا بۆ باشووری کوردستان هاتۆتە پێشەوە، لە ناو هەناوی مەترسی و شەڕێکی گەورەی جیهانی دژ بە تیرۆریستانی داعش لە دایک بووە، ئەوەی رۆڵی سەرەکی لە وەرچەرخانی ئەو مەترسییە گەورەیەدا بۆ ئومێدیکی گەورە گێڕاوە، رۆڵی شەخسی سەرۆک مسعود بارزانی بووە، ئەم رۆڵەش تەنیا لەو سەرۆکە کاریزمایانەدا دەردەکەوێت کە لە ناو تاریکستانی قەیران و مەترسییەکانی نەتەوەدا، پەنجەرەیەکی ئومێد دەکەنەوە**

**کە فەرەنسا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە فاکتەرێکی گرنگی یەکلاکردنەوەی شەڕ و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بزانێت، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەو نەخشەڕێگە سیاسییەی هاوشانی ستراتیژیەتی سەربازی بۆ تێکشکاندنی داعش داوای دەکرێت، دەوڵەتی کوردستان بەشێکی گرنگی ئەو نەخشە سیاسییەی دوای تێکشکاندن و لەناوبردنی داعش دەبێت**

داعش داوای دەکرێت، دەوڵەتی کوردستان بەشێکی گرنگی ئەو نەخشە سیاسییەی دوای تێکشکاندن و لەناوبردنی داعش دەبێت.

ئەنجومەنی ئاشایش بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی سەربازی بۆ تێکشکاندنی داعش، لەسەر داوای فەرەنسا بڕیارێکی نیودەوڵەتی بۆ هاوپەیمانییە سەربازییەکە دەرکرد، لە ئێستاشدا کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەموو هەوڵی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی داعش لە موسڵ و رەقە کۆتایی پێبهێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای داعش ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بڕیاردان لەسەر نەخشەڕێگەی سیاسی بۆ ناوچەکە لەدوای داعش دەبێت جارێکی دیکە کۆببێتەوە و بڕیاری خۆی لەو بارەیەوە بدات.

ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، رەزامەندیی (بەغدا و ئەنکەرا)یە بەم پرۆسەیە، بۆیە لە ئێستادا کە تورکیا خۆی ئامادەیە لەناو کۆشکی کۆماری بە ئاڵای کوردستان پێشوازی لە بارزانی بکات و بەغداش بەرژەوەندی خۆی لەوەدا ببینێتەوە کە کوردستان سەربەخۆ بێت و لە عێراق جیاببێتەوە، بەڵام لەسەر ئەو ناوچانەی بەغدا بە ناوچەی جێناکۆکیان دەزانێت و کوردستان بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ناویان دەبات، نێوبژیوانی دروست بووە بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا ئەو کێشانەش بە دیالۆگ چارەسەر بکەن، ئەوا کاتێك بەغدا ئامادەبێت گوێ لەپرسی سەربەخۆیی کوردستان بگرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان نابێت.

رووداوێکی دیکە کە راستەوخۆ دوای گەڕانەوەی بارزانی لە پاریس هاتەئاراوە، پرسی سەردانی ئەنتونی بیلکن جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە. سەردانی بیلکن بۆ بەغدا و هەولێر و کۆبوونەوەی تایبەتی و جیای لەگەڵ سەرۆك بارزانی و حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمە مانای ئەوەیە ئەمریکا لە ئێستادا لەسەر وردەکاری زۆر وردی دروستکردنی بڕیارێکی سیاسی سەبارەت بە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ و بەڕێوەبردنی موسڵ لە دوای داعش لەگەڵ هەولێر و بەغدا بەجیا قسە دەکات و ئەوە پیشاندەدات ئێستا لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، هەولێر و بەغدا هاوتای یەکن. ئەم خوێندنەوەیە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە پۆستی جێگری وەزیری دەرەوە و بەرگری لە ئیدارەی ئەمریکیدا هێندەی پۆستێکی پیشەییە، هێندە پۆستێکی سیاسی نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك جێگری وەزیری دەرەوە، یان بەرگری ئەمریکا دێنە ناو پرۆسەیەکەوە، مانای ئەوەیە پرۆسەی بڕیارێکی سیاسیی گرنگ بەدەستەوەیەو لە ئایندەدا ئەو بڕیارە سیاسییە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە کاتێك کە شاندی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی ئەنتونی بیلکن جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بریت ماکگۆرك نوینەری تایبەتی سەرۆك ئۆباما بۆ عێراق و جۆزیف هاریس بەڕێوەبەری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ کاروباری عێراق و جۆزیف بیننگتۆن بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك پێکەوە لەگەڵ سەرۆکی کوردستان کۆدەبنەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ باسکردنی بڕیارێکی سەربازی نییە بۆ گرتنەوەی موسڵ، بەڵکو هاوکات پرۆسەی دروستکردنی بڕیارێکی سیاسیش لە ئارادایە و لەو بڕیارە سیاسییەشدا تێڕوانینی کوردستان شوێن و جێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ئەمریکا و لەو پلانە ستراتیژیەشی کە ماوەی ساڵێکە خەریکن بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق و ناوچەکە ئامادەی دەکەن، پرسی سەرەکی دوای تێکشکاندنی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق و ناوچەکە لە سەرووی ئەو نەخشە جیۆسیاسییە دیراسەتی لەسەر دەکرێت کە ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا سایکس پیکۆ کێشاویەتی، هەربۆیە ئەو واقیعە خەیاڵییەی سنوورەکانی سایکس پیکۆ لە ناوچەکە دروستی کردووە، هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت ئەو واقیعە خەیاڵاوییە کۆتایی بێت و لەسەر ئەرزی واقیعی راستەقینە (پێش سنوورەکانی سایکس پیکۆ) جارێکی دیکە بەدوای چۆنیەتی هێنانەئارای سەقامگیری و تەناهی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگەڕێن، لەمەش زیاتر وەك لە ژمارەی پێشووی گوڵانیش هەڵوەستەمان لەسەرکردبوو، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦وە لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا کار لەسەر ئەوە دەکات، ئەو کێشانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بە رێگەی بەدەستهێنانی سەروەری (واتە دروستبوونی دەوڵەتی تازە) چارەسەر دەکرێت، چۆن بتوانرێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بە پێدانی سەروەری ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت. دیارە لەسەر چۆنیەتی چارەسەکردنی یەکێك لەو کێشانەی بە رێگەی بەدەستهێنانی سەروەری چارەسەر دەکرێت، پرسی دەوڵەتی کوردستانە.

بێگومان ئەمە یەکەمجار نییە بۆ پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس لە رێگەچارەی بەدەستهێنانی سەروەری، یان پێدانی سەروەری دەکرێت، پێشتر لە ساڵی ١٩٩٣ و لە میانەی رێککەوتنی ئۆسلۆ، بنەمای دروستکردنی دوو دەوڵەت بۆ چارەسەکردنی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل تاقیکرایەوە، بەڵام لە چوارچێوەی رێککەوتنی ئۆسلۆ، پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری،

**ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لە دژایەتینەکردنی ئەمریکا بۆ دەوڵەتی کوردستان و پێشوازیی فەرەنسا لە سەرۆک بارزانی بە ئاستی پرۆتۆکۆڵی سەرۆک دەوڵەت، کە لەماوەی تەنیا ساڵێک و چەند مانگێکدا روویداوە، مانایەکی دیکەی لێدەخوێندرێتەوە، ئەو مانایەش ئەوەیە کاتی ئەوە هاتووە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پرسی دەوڵەتی کوردستان قسەو باسی لەسەر بکرێت و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی راشکاوانە هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەم پرسە رابگەیەنێت**

**لەگەڵ ئەوەی ئەمە یەکەمین سەردانی سەرۆک بارزانی نییە بۆ فەرەنسا و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە، بەڵام لەسەردانی ئەمجارەیدا، زمانی پێشوازیی پرۆتۆکۆڵی کۆشکی ئەلیزێ، پشتگیری فەرەنسای بۆ دەوڵەتی کوردستان پێی راگەیاندین**



قۆناخبەندکرابوو بە ئاستی پابەندبوونی ئەو دەوڵەتە بە یاسای نیودەوڵەتی و ڕێگرتن لە توندوتیژی و هەناردەکردنی توندوتیژی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، ئەوجا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین نەیتوانی لەو قۆناخبەندییەدا سەرکەوتوو بێت و بزووتنەوەی حەماس هەڵبژاردنی بردەوە، ئەوا پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینیش لەباربرا.

بەڵام لە پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی بارزانی، لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتیش بوونی نییە بۆ ئەوەی کێشەی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا چارەسەر بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بارزانی پرۆسەکەی بە ڕێگەیەکی ڕاستدا بردووە و لەناو هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعشدا کوردستان وەك نەتەوەیەکی ئازادیخواز و هاوبەشی بەها مرۆڤایەتییەکان خۆی پیشانداوە، ئەوا کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پێشوازی لە هەنگاوەکانی بارزانی بۆ سەربەخۆیی دەکات و جەختیش لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەبێت ئەم پرۆسەیە لەسەر دەستی بارزانی بگاتە دواقۆناخی تا ئەو کاتەی کوردستان دەبێتە خاوەنی دامەزراوەیی دەوڵەتی هەڵسووڕاوی ئەوتۆ کە مەترسیی ئەوەی لەسەر نەمێنێت بە هاوشێوەی فەلەستین ڕێکخراوێکی توندڕۆی هاوشێوەی حەماس دەربکەوێت و ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئومێدی لەسەر هەڵچنیوە، لەباری بەرێت.

ئەم بارودۆخە ئومێدبەخشەی ئێستا بۆ باشووری کوردستان هاتۆتە پێشەوە، لە ناو هەناوی مەترسی و شەڕێکی گەورەی جیهانی دژ بە تیرۆریستانی داعش لە دایك بووە، ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لە وەرچەرخانی ئەو مەترسییە گەورەیەدا بۆ ئومێدێکی گەورە گێڕاوە، ڕۆڵی شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی بووە، ئەم ڕۆڵەش تەنیا لەو سەرۆکە کاریزمایانەدا دەردەکەوێت کە لە ناو تاریکستانی قەیران و مەترسییەکانی نەتەوەدا، پەنجەرەیەکی ئومێد دەکەنەوە.

ئێستا جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی تیرۆریستانی داعش بەو دەوڵەتانەشی هەتا دوێنی دژایەتی دەوڵەتی کوردستانیان دەکرد، دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی بارزانی نەك هەر وەك مەترسی بۆ ئایندەی سیاسیی ناوچەکە دوای داعش سەیر ناکەن، بەڵکو بە شێوازیکی تازەی دادەنێن بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی ناوچەکە دوای داعش، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەو حزب و کەسانەی کە چاویان بە سەرکەوتنی کوردستان بە ڕێبەرایەتی بارزانی هەڵنایەت، کاتێك هەوڵەکانی خۆیان چڕدەکەنەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەناو بەرن، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بواریان نادات حەماسێکی دیکە لە کوردستان دروست بێت و هەمان ئەزموونی فاشیلی فەلەستین دووبارە ببێتەوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك پشتگیری بارزانی دەکەن بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتی ئەم دەوڵەتە بخاتە سەرشانی خۆی، هەتا ئەوکاتەی مەترسیی سەرهەڵدانی حەماسێکی دیکە لە کوردستاندا نامێنێت.

**زمانی پێشوازیی پرۆتۆکۆڵی سەرۆک هۆلاند لەسەرۆک بارزانی ڕاگەیاندنی سیاسەتی ڕاستەوخۆی پاریسە بەرامبەر هەولێر و دانپێدانانی کۆشکی ئەلیزێیە بە شکۆی دەوڵەتی کوردستاندا**



## هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیی سەربەخۆیی کوردستان

### سەرۆ قادر رووناکبیر و چاودێری سیاسی:

# سەرکردە گەورەکان پابەند دەبن بە بەرژەوەندیی باڵا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی باڵا بوونی ئەو میللەتە دیاری دەکات

**پرسی ستراتیژیەتی سەربەخۆیی کوردستان کە سەرۆك بارزانی رێبەرایەتی دەکات، گەیشتۆتە قۆناخێك کە ئومێدی ئایندەی نەتەوەی لەسەر بینا دەکرێت، ئەو دەرفەتانەی لە ماوەی ٢٥ساڵی رابردوو بۆ کورد و دۆزەکەی هاتوونەتەپێشەوە، تەنیا بۆ باشووری کوردستان نەبووە، بەڵام ئەزموون و لۆژیکی بارزانی توانی ئەم دەرفەتانە بۆ ئایندەی کوردستان بقۆزێتەوەو بە ئاراستەیەکی راست بەرەو لوتکەی بەرێت، لەسەر ئەم پرسە سەرۆ قادر رووناکبیر و چاودێری سیاسی لە میانەی دیالۆگێکی کراوە زۆر خاڵی گرنگ و شاراوەی ئەم ستراتیژیەتە ئاشکرا دەکات. ئەم دیالۆگە کە رۆژنامەنووس شەمال بۆکانی لەگەڵی ئەنجامیداوە گوڵان بە گرنگی زانی بۆ خوێنەرانی بڵاو بکاتەوە.**

*** ئایا دیپلۆماسییەتی کورد لەم چەند ساڵەدا توانیویەتی پشتیوانی بۆ کورد دەستەبەربکات؟**

- لەم هاوکێشەدا پێش هەموو شتێك ئەگەر باکووری کوردستانی لێ دەرکەین، پەکەکە لەبەر توندڕەویی خۆی، بەداخەوە وایکرد لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا ناوی بچێتە لیستی تیرۆرەوە، ئەمەش کاریگەریی هەبوو بۆ کەمکردنەوەی هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ باکوور، بەڵام ئەگەر سەیری هەر سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان بکەین، دەبینین کە باشووری کوردستان دوڵەتێکی ئەمری واقیعە بەناوی هەرێمی کوردستان، هەروەها رۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕش و چالاکیی بەرچاوی تێدایە. رۆژئاوای کوردستانیش شەڕی ناوخۆی سووریا و بارودۆخی ناوچەکە دەرفەتی پێدا کە ناوچەکانیان بکەونە ژێردەست بەگشتی، کە لەئێستادا لە ژێر دەسەڵات و میهرەبانیی نێودەوڵەتیدان و بەردەوامیشن، بەلانیکەم پێیان دەوترێت ئێوە میللەتێکی حەقخوازن، ئێوە دەبێ هاریکاریی بکرێن بە یاسایی و ئاشتییانە و بە هاوکاریی نێودەوڵەتی بە گونجان لەگەڵ داهاتووی دیموکرات بۆ جیهان، بە هەبوونی هەڵوێست و سەنگەری بەردەوامتان بەرامبەر بە تیرۆر و توندڕۆیی سیاسی و ئایینی و نەژادی، بەو هەموو پێناسانەی کە پێمان دەڵێن ئێوە میللەتێکن بۆ ئەوە دەبن لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەوڵەتێکی باوەڕپێکراوتان هەبێت، لە داهاتووی جیهاندا دەوڵەتێکی کاریگەر دەبن. ئەو نەخشە دیپلۆماسییە بیرۆکەی یەکەمی بۆ بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە کە لە شەستەکانەوە بەردەوام هەوڵیدەدا لە جیهان بگەیەنێت کە کێشەی کورد لە راستیدا کێشەی میللەتێکی مافخوراوە و چارەسەرییەکەشی تەنیا بە دیموکراسی و برایەتی و



بە بەشداریی هەمووان مەیسەر دەبێت، ئەمە ڕێبازی بارزانییە کە بۆتە بنەمای دیموکراسییەتی ئێستای کورد بەگشتی، جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی-یش لە دوای ساڵی (١٩٩١)ـەوە ڕۆڵی کاریگەر و داهێنەرانەی بینی لە قۆناغی نوێی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، هەروەها توانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکات و وەکو دەوڵەتێکی ئەمری واقیع بیکاتە شەریك لە هەموو ڕووداوەکانی ڕۆژهالاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، سەرۆك بارزانی توانی لەگەڵ ستراتیژە بەهێزەکانی جیهان و ئیقلیمیدا بگونجێت، ئەمانە دیپلۆماسییەتێکی ئاڵۆز و چەند سەرەن، بەڵام ئامانجە یەکگرتووەکانی لەمانەدا بوون:

١. هەرێمی کوردستان پارێزراوبێت، کورد لە پارچەکانی دیکەدا ئیبادە نەکرێن، بەردەوام پەنجەرەکانی جیهان ئاوەڵا بن بە ڕووی ئەوەی کە کورد دەبێ ڕۆژێك ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی پێ بدرێت.

٢. ئەمەیە وایکردووە کە بارزانی خۆی سەرۆکێکی کاریگەر بێت لە ڕووداوەکانی ئەم شەڕە گەورەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئێستا فەرماندەی گەورەترین سوپای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە بە ناوی (پێشمەرگە) و خاوەنی قسەی بەهێز و کاریگەر و یەکلاکەرەوەیە لە چارەنووسی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئەم قسەیە هەروا لە خۆرا نایکەم، بەڵکو مسعود بارزانی لە هەموو ڕاوێژێکی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەشداری تێدا دەکات. دیارە ئەم شکۆیەی سەرۆك بارزانی بۆ کورد نیعمەتێکی گەورەیە کە سەرۆکێکی زانای هەیە. هەر بۆیە دەبێ ئێمە ئەو دیپلۆماسییەتە باش تێبگەین، لەو هێڵە ستراتیژییانەی

**ئەو نەخشە دیپلۆماسییە بیرۆکەی یەکەمی بۆ بارزانیی ئەمر دەگەڕێتەوە کە لە شەستەکانەوە بەردەوام هەوڵیدەدا لە جیهان بگەیەنێت کە کێشەی کورد لە راستیدا کێشەی میللەتێکی مافخوراوە و چارەسەرییەکەشی تەنیا بە دیموکراسی و برایەتی و بە بەشداریی هەمووان مەیسەر دەبێت**

**مسعود بارزانی لە هەموو راوێژێکی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد لە باکوور و رۆژهەلات و رۆژئاوا بەشداری تێدا دەکات. دیارە ئەم شکۆیەی سەرۆک بارزانی بۆ کورد نیعمەتێکی گەورەیە کە سەرۆکێکی زانای هەیە. هەر بۆیە دەبیَ ئێمە ئەو دیپلۆماسییەتە باش تێبگەین، لەو هێڵە ستراتیژییانەی کوردستان تێبگەین کە مەسعود بارزانی سەرکردایەتییان دەکات**

**هەروەکو چۆن زۆر بە ئاڵۆزییەوە دوای (٢٠٠٣)داخلی عێراقی بووین لە رێگای دەستوور و حکومەتی عێراقەوە، ئێستاش لێی دەرچووین، ئێستا لە داخیل بوون بۆ ناو ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەموو یاسا وشک و برنگەکانیەوە، کوردستان دەستی پێکردووە و بارزانی لێی شارەزایە و نەفەسێکی دوور و درێژی هەیە و سەرەنجام وەکو لە عێراق دەرچوو، لەوێش دەردەچێت**

کوردستان تێبگەین کە مەسعود بارزانی سەرکردایەتییان دەکات. ستراتیژییەت بریتی نییە لە حەز و ئارەزووی حزبێك، یان سەرکردەیەك. ستراتیژی لە بوونی میللەتاندا واقیعێکە هەیە و رێوشوێنی دابینکردنی بەرژەوەندیی ئەو میللەتە دیارە بە کوێدایە، بەڵام سیاسەتمەداری زانای دەویَ کەشفی بکات و میکانیزمی جێبەجێکردنی بۆ بدۆزێتەوە. لە ستراتیژیی پاراستنی میللەتاندا شتێك بەناوی عاتیفە و مەیلی شەخسی و ئایدیۆلۆژی جێی نابێتەوە و سەرکردە گەورەکان پابەند دەبن بە بەرژەوەندیی باڵا، چونکە بەرژەوەندیی باڵا بوونی ئەو میللەتە دابین دەکات، ئەمە ئێستا لە شەڕی داعش و بەشداری نێودەوڵەتی بۆ لێدانی تیرۆریستانی داعش دیارە کە گەورەیی کورد و رۆڵی سەرۆکی کوردستان چەندە کاریگەرو یەکلاکەرەوە دەبیندرێت.

*** کاتێك باسی دیپلۆماسییەت دەکەین لە سیاسەتدا دوو پێوەر دەگرینە بەرچاو، لە سیاسەتی دەرەکیدا سیاسەتی کورتخایەن و درێژخایەنمان هەیە، ئایا ئەوەی باستان کرد دەتوانیَ لە درێژخایەندا کاریگەریی تایبەتتری هەبێت، یاخود بەهۆی شەڕی داعشەوە لەئێستادا سیاسەتی کورتخایەنە؟**

- ئەوە دەوەستێتە سەر پلانی سەرکردە سیاسییەکان و پابەندبوونیان بە ستراتیژیەتی راستەقینەی کوردستان کە میکانیزمەکەی چۆن دادەڕێژن، دیارە هەندێك خاڵ هەن سەرەکی و درێژخایەنن، دەبیَ هەمیشە لەبەر چاوبن. وەکو دابینکردنی سەلامەتی ئابووری بۆ وڵات، دابینکردنی رێگا بۆ بازرگانیی جیهانی، دابینکردنی پەیوەندیی بەردەوامی هاووڵاتیان بە دەرەوە، دابینکردنی رێگای هاتنی کۆمەك و هاوکاریی دەرەوە بۆ پاراستنی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێك خاڵی دیکە. هیوادارم حکومەتی ئێمە رۆژێك بگاتە ئەوەی لەسەر سنوورەکان رێوشوێنی هاتوچۆی بازرگانی بە شێوەیەکی یاسایی رێکوپێك دابنرێت کە هاووڵاتیان کارەکانیان مەیسەر بێت و بازاڕی سەقامگیر هەبێت، دەکرێت ئاوا تۆ بەرژەوەندیی وڵات دابەش بکەیت و پلانی وڵاتی لەسەر دابڕێژیت. ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە و زۆر گرنگە پاراستنی کوردستانە و گەیشتنە بە سەربەخۆیی و ئەمە ستراتیژیی درێژخایەنە، ناکرێت بڵێین سەربەخۆیی ئاواتێکە هەر دێتەدی. دەبیَ چاوەڕیَ بین سەرکردایەتی و سەرۆکی ئێمە بەو حیکمەتە و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەی هەیەتی سەربەخۆیی لە چەند مانگی دابیَ، لەساڵی دابیَ بە کەمتر زیاتر رابگەیەنێت.

*** کاتێك ئێمە دوو ئامانجی کورتخایەن، یان درێژخایەن دەگرینەبەر، مەرجە دەبێت هەموو پلان و ئامانجەکانی خۆت بۆ کۆمەڵگە روون بکەیەوە؟**

- هاووڵاتیان دەبیَ بە گشتی ئامانجە سیاسییەکان بزانن، بەڵام لەناو جێبەجێکردن و پێوەندییەکاندا بواری نهێنی هەیە و بۆ هەبوونی ئەو نهێنییەش پێناسەیەك هەیە تا جێبەجێکردنی ئامانجەکان زەبری بەرنەکەوێت، بۆیە رێگە بەسەرکردەکان دەدرێت لایەنی نهێنی لە دیپلۆماسییەتدا بپارێزن، ئەوان ئەوە دەزانن گەر رۆژگارێك پێویست بکات ئەو نهێنییە بڵاوبکرێتەوەو ئەگەر ئەو نهێنییە زیانی بە وڵات گەیاند، دەبێت سەرکردەکان لەبەرامبەر میللەت و پەرلەماندا وەڵام بدەنەوە، واتا دەبیَ ئەو هاوسەنگییە هەمیشە پارێزراو بێت.

*** ئەو کەسانەی کە لە ئۆپۆزسیۆندان و هێشتا نەگەیشتوونەتە دەسەڵات، دەزانن بەشێك لەو یاساو رێسایانەی کە لە حکومەتداریدا جیبەجیَ دەکرێن، هێڵی سوورن، بەڵام لە کاتی ریکلامکردنی حزبیدا خۆیان ریکلامیان پێوە دەکرد و دەیانگوت کە ئێمە بچین زۆر شت دەگۆڕین، ئەوانە کاتێك کە دەگەنە دەسەڵات و دەگەنە بنبەست، بۆچی نابیَ وەڵامی خەڵك بدەنەوە کە پێیانوایە دەبیَ هەموو شتێکی سیاسەت روون نەبێت؟**

- لەکاتی هەڵبژاردندا کەفوکوڵی هەڵبژاردن هەیە، کاندیدەکان و ئەوانەش کە پڕوپاگەندە بۆ لیستەکانی خۆیان دەکەن زۆرجار لە سنووری واقیعبینی و راستگۆیی دەردەچن و موبالەغە دەکەن. هەرچەندە هەڵمەتی هەڵبژاردن بە یاسا دیاری دەکرێت و زۆرجاریش کەس و حزبەکان سزاش دەدرێن، لێرەش حاڵەتی ئاوا هەبووە، سەرباری ئەوەش راستگۆیی لەوکاتەدا دەردەکەوێت کە دێنە سەرکار چەند لەو بەڵێنانەی داویانە راست بووە، گەر راست بووە، چەند باوەڕیان پێبووە، ئێستا دەتوانن چەندی جێبەجیَ بکەن. گرنگ ئەوەیە ئەو لا باڵە سیاسییەی کە ئێستا لە زۆرینەدایە لە بەرژەوەندیی وڵاتەکە بگات و شارەزا بێت و بە تەئکید ئەو پرۆژەیەی خۆی دایدەنێت بۆ ئەو لایەنانەی لە ژیانی سیاسیی وڵات کە قابیلی گۆڕانن، حەقی خۆیەتی. بەڵام ئەو پرەنسیپانەی کە قابیلی گۆڕان نین و بەرژەوەندیی وڵاتی لەسەر بینا دەکرێت، هیچ کەسێك بۆی نییە دەستکارییان بکات، ئەمانە تەنیا بە ریفراندۆم و راپرسیی گشتی قابیلی دەستکارین. بۆ نموونە تێکەڵکردنەوەی پارێزگایەکی کوردستان لەدەست پارێزگارێك و حزبێکدا نییە و گەر بیکات بە خیانەت حیساب دەکرێت و گەر وڵات لە تەنگ و چەڵەمەدا نەبێت، سەرۆکی وڵات دەبێت سوپا بجووڵێنێت بۆ ئەوەی بە یاسا رێگایان پیَ بگرێت. لە کوردستاندا ئێستا باڵی سەنگبین ئەو باڵە واقیع بینییەیە کە بارزانی سەرکردایەتی دەکات. ئەوانە لەپەرلەماندا لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵەی ئیسلامیدا بینیمان هەندێکمان لە یەکگرتوودا بینی.

بازبازێنی لەمبەر بۆ ئەوبەر لە یەکێتی نیشتیمانیدا بینیمان، ئەوەش لە راستیدا نیشانەی بێ ئەزموونی و لاوازیی ژیانی سیاسییە لە وڵاتی ئێمەدا.

*** کاتێك باس لە کێشە ناوخۆییەکان دەکەین، دەتوانم بڵێم ئاسانترن، چونکە لەناو خۆماندایە، بەڵام ئێستاکە کە باس لە دیپلۆماسییەتی دەرەکیی هەرێم دەکەین بۆ بەرەو سەربەخۆیی و دەوڵەتبوون، هاتوون وەك گەمەیەکی سیاسی گاڵتە بە دیپلۆماسییەتی کوردی دەکەن لە دەرەوەدا، ئەمە زۆر مەترسیدارە، بۆچی ئەم ریکلامانەی پێوەدەکەن، سەرکردایەتیی کورد چۆن دەتوانێت لەو ریکلامانە بۆ دنیای دەرەکی خۆی ساغ بکاتەوە؟**

- هیچ کەس ناتوانێت ئێستا لەدەرەوە یاری بە دیپلۆماسییەتی کوردستان بکات، چونکە دیپلۆماسییەتی کوردستان لە دەرەوە لە دەستی بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، ئەوەی کە گوێمان لێ دەبێت هاتوهاواری سیاسیی ناوخۆی کوردستانە لە میدیای کوردستان تێپەڕنابێت، شەپۆلەکانی لە ناو شاری سلێمانی دەرناچێ و هیچ تەئسیری لەسەر دیپلۆماسیەتی کوردستان لەدەرەوە و لەگەڵ دەوڵەتانی جیهاندا نابێ و ناتوانن هیچ کارێك بکەن تەنانەت لەگەڵ عێراقیشدا سیاسەتی هەرێمی کوردستان بگۆڕن.

*** سیاسەتی ئێستای دیپلۆماسیی کوردی لەسەر بناغەی ئابووری داڕێژراوە، یاخود دەتوانێت بناغەکانی دیکەش بگرێتەبەر؟**

- کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە. ئێمە لە تێکۆشانێکی جددیداین بۆ ئەوەی ئەو سەربەخۆییە بەدەست بێنین. تا میللەتێك خاوەن دەوڵەت نەبێت، ناتوانێت بەرنامەی تۆکمەی خۆی بۆ ژیان وەك ئەندامێکی نێودەوڵەتی دابڕێژێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهان. بارزانی بۆیە خاڵی یەکەمی ستراتیژیی خۆی لە پاراستنی کوردستانەوە کردووە بە سەربەخۆیی بۆ ئەوەی کوردستان بگاتە ئەو قۆناغە. سەرباری ئەوەش ئێمە ٢٥ ساڵە حکومەتێکمان هەیە لە کردەوەدا وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع کاردەکات. بەڵام لە زۆربەی سەرچاوە دارایی و یاساییەکانی بۆ دەرەوە ناچارە لە رێی عێراقەوە بجووڵێتەوە، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات، ئەوەش وای کردووە یاسا نێودەوڵەتییەکان لە بەرژەوەندیی کوردستان نەبن، چونکە کوردستان دەوڵەت نییە سەرباری ئەوەش بنەمای سیاسەتی دەرەوەی کوردستان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانە، بەرژەوەندییەکانیش ئەمانەن:

١. گەیاندنی دەنگی کوردو کاریگەریی کردن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی سەربەخۆیی، دڵنیاکردنی دەوڵەتان و تێگەیشتن و خۆگونجاندن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان و هەوڵدان بۆ دابینکردنیان.

کاتێك کوردستان هەوڵدەدات خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەرەوە دەبێت واقیعبین بێت بەرژەوەندیی هێزەکانی جیهانی کامانەن، ئینجا میکانیزمی خۆگونجاندن چۆنە دیراسەی دەوێت تا لەگەڵی بگونجێت، چونکە کارێکی ئاسان نییە، لەوانەیە قبوڵت نەکەن. ئەمە کارێکی زۆری ویست تا دوای نەوەت و یەك بارزانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیاند کە میللەتی کورد میللەتێکی جێی متمانەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بۆ پاراستنی پێکهاتەکانی کوردستان بە نەتەوەیی و بە ئایینییەوە بۆ هەبوونی پێوەندییەکی باش لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە کە کوردستان سەرچاوەی گرژی و نائارامی نابێت، ئەمە کاتێکی ویست تا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو متمانەیەیان پەیداکرد.

٢. قۆناغی دووەم بریتی بوو لە گۆڕینی یاساکانی عێراق تا کورد شوێنێکی تۆکمەتری هەبێ، لە دوای (٢٠٠٣)وە ئەم بوارە کرایەوە، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو شەڕێکی زۆر ئاڵۆز بوو بۆ نموونە؛ جەنابی بارزانی لە دوای رووخان لە زەمانی مەجلسی حوکمدا لە بەغدا هەموو هەوڵی خۆی خستە سەر دانانی ئەو دەستوورەی عێراق دەبێ هەیبێ، لە قۆناغی نوێدا کارێکی ئاسان نەبوو ئەم دەستوورە بەسەریدا تێنەدەپەڕی پێکهاتەکانی عەرەب، سوننە و شیعە، بە ئاسانی قەناعەتیان نەدەهات، ئەمە لە ژیانی بارزانی-دا قۆناغێکی پرشنگدار بوو لە زۆرانبازی و ململانێ، لە پێناوی دابینکردنی کۆمەڵێك بەند لە دەستووری وڵاتێکدا کە ئێمە جارێ ناچارین تێیدا بمێنینەوە، کە لە داهاتوودا ئەم بەندانەی دەستوور دەبنە بەردەبازی ئێمە بۆ دەرچوون لە عێراق، ئەگەر دیقەت بدەیتێ دیباجەی دەستووری عێراق کە دەڵێت: هەرکاتێك عێراق ئەم دەستوورەی پێ جێبەجێ نەکرا، کوردستان بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ مافی چارەی خۆنووسین. لەوێدا دەڵێت کوردستان دەتوانێت سەرچاوەکانی سامانی سروشتیی خۆی بەکاربێنێت. هەر لەوێدا ماددەیەك سەپێندرا کە ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان ناوی لێندرا ماددەی (١٤٠). ئێمە زیاتر لە دە ساڵ بە لیژنە و کۆبوونەوەو مشتومڕی نێوان سەرکردەکان و هەڵبژاردن و بەڵێنی یەك لە دوای یەکی سەرۆك وەزیرەکانی عێراقمان بردە سەر کە ماددەی (١٤٠) جێبەجێ دەکەن، یان نایکەن. بەڵام مافێکی رەوای کورد هەبوو کە دەبوایە بکرێت، ئەویش سەرچاوەکانی سامانی سروشتییە، سەرەنجام نێچیرڤان بارزانی کە ئەم شانازییە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە بە کارێکی ئاڵۆز و بە پشتیوانیی شارەزایانی نێوخۆ و دەرەوە و بە پشوویەکی درێژ توانی ئەم دەرگایە لەسەر فرۆشتنی

**ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە رۆژگارێک کوردستان سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت، هیچ ئاماژەیەک نییە هیچ کام لە دەوڵەتانی ئەوروپا و رووسیاو چینیش بەوانەوە کە دەکاتە هەر پێنج ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش دژی سەربەخۆیی ئێمە بن**

**جەنابی بارزانی پێش ئەوەی ئەنکەرا بەجێبێڵێت، باسی خاڵە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکەی لە ئەنکەرا کرد و گوتیشی رووداوی گەورە و ئاڵۆز روو دەدەن، دەبێ کورد وشیار و یەکگرتوو بێت تا بتوانێت تیایدا بە سەلامەتی دەربچێت**

**هەبوونی کینە و تۆڵەسەندنەوەی سیاسییەکان لە یەکدی، نابێ بگاتە ئەوەی کە ستراتیژیی وڵاتەکەیان نەزانن، یان پشتگوێی بخەن، یاخود پێشێلی بکەن، وەک ئەوەی کە لە گۆڕان و یەکێتیدا دەیبینی، کە لە پێناو هەندێ پارەو هەندێ شتی تاریک کە دەبێ دوایی روون بێتەوە، بۆچی ئاوا ملکەچی ئێرانن، لەسەر یەک بەندیش ئەو ملکەچییەیان هەیە، کە تێکدانی سەربەخۆیی**

**بەشێك لە سەرکردەکانی یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر بنەمای وابەستە بە دەرەوە و بە ئێران بەتایبەتی و مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقێکی لێکهەڵوەشاوە لەسەر بنەمای پارەو و ئیستیفادەکردنی عێراق بۆ ئیحراجکردنی بارزانی کاردەکەن**

**رۆژهەڵات لە قوربانیدان و تەحەممولکردن لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی باشوور کەمیان نەکردووە، بگرە زۆریان کردووە، بەڵام پەکەکە کە جێگای تێکۆشانیان لە باکووری کوردستانە و ئێستا لە رۆژئاواشن، واقیعبین نین، توندڕەون و هەمیشە مایەی سەرئێشە بوون بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئێستاش بوونەتە مایەی شکست بۆ پارچەکەی خۆشیان**

**ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ باشوور و باکووری کوردستان بکەین، هەمان دەرفەتی ئێرە بۆ باکووری کوردستانیش هاتە پێش، بەڵام سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل شکستیان پێ هێنا لە خوێندا غەرق بوون و کەس هەر گوێشیان ناداتێ، سەرکردەکانی پەیەدە کە هەمان سەرکردەکانی پەکەکەن لە رۆژئاوای کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو پشتیوانییەی کە بۆیان دەکرێ، ئەوەندە بە هەڵە سەرکردایەتی دەکەن، ئەگەر خۆیان چاك نەکەنەوە و بارزانی بەهانایان نەگات هەمان شکستیان تووش دەبێ کە تووشی باکوور بوو**

نەوتی کوردستان بکاتەوە. ئەمەش بۆخۆی شەڕێکی دوور و درێژ بوو.

٣. تەئکیدکردنەوە لەوەی کە دەبێت پێکهاتەکانی عێراق شەریك بن لەم وڵاتەدا زەمانەت هەبێ بۆ بەشداری و مانەوەیان. بەڵام بینیمان کە عێراق خۆی کەوتە قەڵاچۆکردنی پێکهاتەکانی، مەسیحی و شیعە بۆ سوننە وسوننە بۆ شیعە و کاکەیی و...هتد. کوردستان بوو بە داڵدەی نیشتمانی ئەو پێکهاتانە و هاتن و لێرە خۆیان گرتەوە.

*** ئایا ئەوە تراژیدیایە کە توانیویەتی کورد لە ئاستی دیپلۆماسییەتدا بباتە سەرێ، یاخود کورد توانیویەتی کەڵك لە هونەری سیاسی وەربگرێت لە دەرەوە؟**

- ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورددا هاتوون، کەم نین، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەیەکی سیاسی و سەرکردەی سیاسی نەبن، تەنیا وەکو داخێکی نێودەوڵەتی دەمێننەوە و دواتر لەبیر دەکرێن، کارەساتەکان بوون بە بەڵگە کە دەبێت میللەت سەربەخۆ بێت، ئەمە روانگای واقیعبینانە و سیاسەتی راستگۆیانەی سەرۆك بارزانی-یە، ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ باشوور و باکووری کوردستان بکەین، هەمان دەرفەتی ئێرە بۆ باکووری کوردستانیش هاتەپێش، بەڵام سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل شکستیان پێ هێنا لە خوێندا غەرق بوون و کەس هەر گوێشیان ناداتێ، سەرکردەکانی پەیەدە کە هەمان سەرکردەکانی پەکەکەن لە رۆژئاوای کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو پشتیوانییەی کە بۆیان دەکرێ، ئەوەندە بە هەڵە سەرکردایەتی دەکەن، ئەگەر خۆیان چاك نەکەنەوە و بارزانی بەهانایان نەگات هەمان شکستیان تووش دەبێ کە تووشی باکوور بوو.

*** مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان بە مامەڵەیەکی دیپلۆماسی دەزانین، هەرچەندە ئێمە کوردستان بە یەك پارچەیی دەزانین، بەڵام وەکو سنوورێکی فەرمی جیاوازیی خۆی هەیە؟**

- من پێموایە دوو لای هەیە، یەکێکیان هەرێمی کوردستان پابەندە بە سنووری عێراقەوە لە رووی یاساییەوە، هەرێم دەبێ لەگەڵ ئێران و تورکیا و عێراق دراوسێیەکی باش و ئەمین بێت، واش بووە. دووەمیان کوردستان کە چوار پارچەیە ئێمە لە باشووریدا دەژین و تێکۆشەرانی کوردستان تێکەڵن و تەواجودی زۆربەیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانە و لە باشوورە، لە تێکۆشاندا نەك هەر میللەتێکی چوار پارچە ئەگەر لە جیاتی ئەوە میللەتانی دیکە دراوسێی ئێمە بان، زیاتر هاوکاریی یەکتریان دەکرد، چونکە بەڵگەیان پتر بەدەستەوە دەبوو، کەمتر سەرکوت دەکران و کەمتر تۆمەتبار دەکران. هەرێمی کوردستان درێخی نەکردووە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، بەتایبەتی رۆژهەڵات لە قوربانیدان و تەحەممولکردن لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی باشوور کەمیان نەکردووە، بگرە زۆریان کردووە، بەڵام پەکەکە کە جێگای تێکۆشانیان لە باکووری کوردستانە و ئێستا لە رۆژئاواشن، واقیعبین نین، توندڕەون و هەمیشە مایەی سەرئێشە بوون بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئێستاش بوونەتە مایەی شکست بۆ پارچەکەی خۆشیان.

*** ئایا حزبەکان لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی دیپلۆماسییەتی کوردستان یەکدەنگن، هاوڕان بۆ جیهانی دەرەوە بەو شێوەیەی کە سەرۆك بارزانی دیپلۆماسییەتی بۆ داڕشتووە و کاری لەسەر دەکات؟**

- ئێمە جیاوازیی بیروڕا لە ناو هەرێمی کوردستاندا بە ئاشکرا دەبینین و لەسەر ئەم بنەمایەش پەرلەمانی کوردستان تووشی کێشە بووە، هەبوونی جیاوازی لە روانگا، لە سەر ئاستی ناوخۆ کارێکی ئاساییە. بەڵام تێکدانی شیرازەی بەڕێوەبردنی وڵات نائاساییە و دەبێ بە یاسا رێی لێ بگرێت، ئەمە سەرۆکی وڵاتە کە بەرپرسە لە پاراستنی سەلامەتیی وڵاتەکەی. ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، هامشێکی پاشکەوتووە لە ژیانی سیاسیی میللەتی ئێمەدا، بەشێك لە سەرکردەکانی یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر بنەمای وابەستە بە دەرەوە و بە ئێران بەتایبەتی و مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقێکی لێکهەڵوەشاوە لەسەر بنەمای پارەو و ئیستیفادەکردنی عێراق بۆ ئیحراجکردنی بارزانی کاردەکەن، سێیەمیشیان تێنەگەیشتنیانە بۆ سیاسەتی جیهانی، ئەگەر دیقەت دەی هیچ ئیمتدادێکیان نییە. نەوشیروان موستەفا، هێرۆ براهیم ئەحمەد، عەلی باپیر، کە وەکو سەرکردەی ئەم سێ ئیتیجاهە ناویان دێنم، لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە نە باسیان دەکەن، نە حیسابیان بۆ دەکەن، نە رۆژێك خۆیان ماندوودەکەن کە لەو مەوزووعە تێبگەن کە بەشدار بن و نە هاریکاریی وڵاتی خۆیان و میللەتی خۆیان دەکەن. کەواتە ئەمانە لەمپەرن و کاریان کارێکی ناقانوونییە ئایندەشیان هیچ نییە.

*** بڕواتان بەوە هەیە تەنیا پشتیوانیی نێودەوڵەتی بە ئامانجەکانمان دەگەیەنێت، یان ئەوەی ناوخۆش گرنگیی خۆی هەیە؟**

- ناوخۆ زۆر گرنگە، بەڵام ئەوەی کە بە پلەی یەکەم دێ، ئێستا ئێمە هەوڵمان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە وەکو ئەندام قبوڵمان بکەن، لە ناوخۆدا کوردستان حکومەتێکی هەیە کە دەکرێ لە چوارچێوەی حکومەتەکەدا ببێ بە دەوڵەتێك، کەوایە

هەوڵ و تێکۆشانەکەمان لەگەڵ دەرەوەیە، لە ئێستادا دەرەوە یەکەمە و چارەنووسسازە.

*** واتا دەبێ سیاسەتی ئەقڵی بەسەر سیاسەتی ئیحساسیدا زاڵ بێ؟**

- مەسەلەی ئیحساساتی مرۆڤ شتێکە و واقیعبینی شتێکی دیکەیە، ئینجا هەبوونی کینە و تۆڵەسەندنەوەی سیاسییەکان لە یەکدی، نابێ بگاتە ئەوەی کە ستراتیژیی وڵاتەکەیان نەزانن، یان پشتگوێی بخەن، یاخود پێشێلی بکەن، وەك ئەوەی کە لە گۆڕان و یەکێتیدا دەیبینی، کە لە پێناو هەندێ پارەو هەندێ شتی تاریك کە دەبێ دوایی روون بێتەوە، بۆچی ئاوا ملکەچی ئێرانن، لەسەر یەك بەندیش ئەو ملکەچییەیان هەیە، کە تێکدانی سەربەخۆییە، دوێنێ شەو گوێمان لە لاریجانی بوو کە دەڵێت: شکاندنی یەکپارچەیی عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە دەبێ زۆر بە شیددەت داخیل بین و لێیان بدەین، ئەمە جاری یەکەم نییە، جاری شەشەم و حەوتەمە کە ئێرانییەکان ئەو قسەیە دەکەن، ئەو سێ حزبەی کە ئێمە ناومان هێنان لە راستیدا لە ژێر سێبەری ریشی ئەو جۆرە کەسانەدان.

*** لە یەکگرتنەوەکەی گۆڕان و یەکێتیدا ئەوەی کە بینرا نوێنەری بەریتانیا بەشدار بوو، ئەمە دەتوانێ لەسەر سیاسەتی دەرەکیی کوردستان چ کاریگەرییەکی نەرێنی هەبێ؟**

- هیچ کاریگەری نییە، من ئاگام لێیە باڵیۆزی بەریتانیاو بەشێك لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا هاوکاریی جەنابی سەرۆکیان دەکرد بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کێشەیەی سلێمانی بێت، نەماندەتوانی قسەبکەین، بەڵام پێش ئەوەی ئەوان بچن، یەکێکی وەك من دەیزانی، بەڵام ئەمە ناکرێ بە بەشە شاردراوەکەی دیپلۆماسییەت.

*** کەواتە پێویست ناکات هەموو کۆمەڵگە بەشێك لە سیاسەت بزانێت، بەڵام ئەو گەشتانەی بارزانی لەم ماوەیەدا بۆ تورکیا و بەشێکی ئەوروپا، ئاخۆ پێتانوایە بەشێك بێ لەو بەشە نهێنییانەی کە باسمان کرد؟**

- خۆی جەنابی بارزانی پێش ئەوەی ئەنکەرا بەجێبێڵێت، باسی خاڵە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکەی لە ئەنکەرا کرد و گوتیشی رووداوی گەورە و ئاڵۆز روو دەدەن، دەبێ کورد وشیار و یەکگرتوو بێت تا بتوانێت تیایدا بە سەلامەتی دەربچێت. ئەو خاڵانەی ئەو لەوێدا ئیشارەتی پێکردن بەردەوامییە لە شەڕی داعش و گرتنەوەی شاری موسڵ و چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژئاوای کوردستان بەشێوەیەك کە کورد زەرەر نەبینێت و پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری لەگەڵ تورکیا و هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەرگای ئاشتی لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا، لە یەك کاتیشدا کە بارزانی لەوێ بوو جێگری سەرۆکی ئەمریکا و بریکاری وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەوێ بوون، کۆبوونەوەکان ئاڵۆز بوون و زۆربەیان لە چاوی کامێرا دوور بوون، لەسەر زۆر لەو رووداوانە بوون کە لە ناوچەکەدا لەوانە بوو رووبدەن، یان لە داهاتوودا روودەدەن.

*** سێ وڵاتی زلهێزو کاریگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە پێش سایکس پیکۆ دەستیان هەبووە، ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، پێتانوا نییە ئەم سێ وڵاتە لەسەر بە خاوەن دەوڵەتبوونی کورد ناکۆکییان هەیە؟**

- نا، لەسەر چ بنەمایەك ئەو پرسیارە بکەین؟ بەریتانیا قسەی نەکردووە لەسەر ئەوەی بڵێ دژی سەربەخۆیی کوردستانین، هیچ هەڵوێستێکی خراپیشیان نەبووە و هیچ کارێکیان نەکردووە کە زەرەری بە بژێوی ئێمە گەیاندبێت، هاوکارییەکی بەرچاویش دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و زۆر کاریگەریشن لە ئەوروپا کە رێگا خۆشکەر بن بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام لە کاتی گفتوگۆکردنیاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکان لەناو کوردستان، یان لە ناو سووریا و لە عێراقدا، بەریتانیا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، ئەم بەڵایە بەدەستی ئەوان چێنراوە، بۆیە قسەیان زیاترە. بەچەند سەر دەڕۆن، بەڵام ستراتیژییەتێکی یەکگرتوویان هەیە و دژی کوردستان نین، بە پێچەوانەوە ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە رۆژگارێك کوردستان سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت، هیچ ئاماژەیەك نییە هیچ کام لە دەوڵەتانی ئەوروپا و رووسیاو چینیش بەوانەوە کە دەکاتە هەر پێنج ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش دژی سەربەخۆیی ئێمە بن، بەڵام گەر وا لێکی بدەینەوە، ئەوان چەپڵەمان بۆ لێ بدەن خێرا، ناتوانن وا بکەن، چونکە ئەمانە پاسەوانی یاسای نێودەوڵەتین، ئەو یاسایەش یاسایەکی وشك و برنگە بە ئاسانی ناشکێندرێت، رێگای هەیە بۆ کردنەوەی، جا ئەم رێگایانە یاسایین، یان شکاندن و بەهێزی دووبارە دروستکردنەوەیانن، هەموو ئەوانەش لەسەر باڵانسی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی دروست دەبن، لەسەر رەزامەندیی حکومەتی عێراق دروست دەبن. بۆیە دەبێ ئێمە ئامادەی ئەم ئاڵۆزکارییانە بین، هەروەکو چۆن زۆر بە ئاڵۆزییەوە دوای (٢٠٠٣)داخلی عێراقی بووین لە رێگای دەستوور و حکومەتی عێراقەوە، ئێستاش لێی دەرچووین، ئێستا لە داخیل بوون بۆ ناو ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەموو یاسا وشك و برنگەکانیەوە، کوردستان دەستی پێکردووە و بارزانی لێی شارەزایە و نەفەسێکی دوور و درێژی هەیە و سەرەنجام وەکو لە عێراق دەرچوو، لەوێش دەردەچێت.

**کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە. ئێمە لە تێکۆشانێکی جددیداین بۆ ئەوەی ئەو سەربەخۆییە بەدەست بێنین. تا میللەتێک خاوەن دەوڵەت نەبێت، ناتوانێت بەرنامەی تۆکمەی خۆی بۆ ژیان وەک ئەندامێکی نێودەوڵەتی دابڕێژێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهان. بارزانی بۆیە خاڵی یەکەمی ستراتیژیی خۆی لە پاراستنی کوردستانەوە کردووە بە سەربەخۆیی بۆ ئەوەی کوردستان بگاتە ئەو قۆناغە**

**هیچ کەس ناتوانێت ئێستا لەدەرەوە یاری بە دیپلۆماسییەتی کوردستان بکات، چونکە دیپلۆماسییەتی کوردستان لە دەرەوە لە دەستی بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، ئەوەی کە گوێمان لێ دەبێت هاتوهاواری سیاسیی ناوخۆی کوردستانە لە میدیای کوردستان تێپەڕنابێت**

**ئەو پرانسیپانەی کە قابیلی گۆڕان نین و بەرژەوەندیی وڵاتی لەسەر بینا دەکرێت، هیچ کەسێک بۆی نییە دەستکارییان بکات، ئەمانە تەنیا بە ریفراندۆم و راپرسیی گشتی قابیلی دەستکارین**








# حزبەكانی كوردستان نمایشی سیاسی بە نەهامەتیی خەڵكەوە دەكەن

## كاتێک چەمكی فرەیی مانای خۆی ون دەكات

## حزبەكان بە ژمارە هەن، بەڵام فرەحزبی بوونی نییە



«ئـەو حاڵەتـەی زۆر جێگـەی هەڵوەسـتەکردنە ئەوەیـە کـە زۆربـەی ئـەو بزاڤانـەی بانگەشـە بـۆ بەرجەسـتەبوونی فرەیـی حزبـی و دامەزراندنـی دیموکراتـی و کرانـەوە دەکـەن، زۆرجـار بـە بڵاوکردنـەوەی ئاژاوەگێـڕی و تـرس و دڵەڕاوکـێ کۆتاییـان هاتـووە. ئایـا ئەمـە مانـای ئەوەیـە خـودی فرەیـی حزبـی بریتییـە لـە نەعلەتـی ئاژاوەگێـڕی و ناسـەقامگیری، یـان دەتوانیـن بڵێیـن فرەیـی شـێوازی جیـاواز و مانـای جیاوازی هەیـە؟ لەگـەڵ ئـەوەی لێـرەدا بـواری ئـەوە نییـە وەڵامـی ئـەو هەمـوو پرسـیارانە بدەیتـەوە، بۆیـە ئەوەنـدە بەسـە کـە هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەو شـێوازە بکەیـن کـە فرەییـەکان لەیەکتـری جیادەکاتـەوە، بەتایبەتـی ئـەو جـۆرە فرەییـەی بـە ئاژاوەگێڕیـی کۆمەڵایەتـی و چەلەحانێـی فیکـری کۆتایـی دێـت. دیـاردەی دیـاری ئـەو جـۆرە فرەییانـە ئەوەیـە کـە ناتوانرێـت لـە یـەک حزبـی و یـەک بۆچـوون جیابکرێنـەوە، بۆیـە لـەم حاڵەتـەدا یەکـەی دیکـە، یـان حزبـی دیکـە لـە پـاڵ یەکـە و حزبـی دیکـە دروسـت دەبێـت، بۆچوونـی جیـاواز لەپـاڵ



## • چەمکی فرەیی و رەنگدانەوەی لە فرەحزبیدا

چەمکی فرەیی (مفهوم التعددية) تەنیا بۆ حزبە سیاسییەکان بەکارنەهاتووە، بەڵکو بۆ نیشتمانێکیش بەکاردێت کە کۆمەڵێک نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکەوە لەسەر خاکی ئەو نیشتمانە دەژین، هەروەها بۆ کۆمپانیایەکیش بەکار دەهێندرێت کە خاوەنەکانی هەڵگری رەگەزنامەی جیاوازی نەتەوەیین، بەڵام چەمکی فرەیی کاتێک مانای دەبێت، کە هەرلایەك دان بە بوونی بەرامبەرەکەیدا بنێت، ئەوجا ئەو لایە نەتەوە بێت، یان ئایین، یان حزبێکی سیاسی بێت، راشکاوانەتر مانای فرەیی تەنیا ئەوە نییە کە لە وڵاتێکدا چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز هەبێت، بەڵکو مانای راستەقینەی کۆمەڵگەی فرەیی و نیشتمانی فرەیی ئەوەیە کە هەموو نەتەوە و ئایینەکان دان بە یەکتریدا بنێن و نەتەوەیەك، یان ئایینێك نەیەوێت نەتەوە، یان ئاینێکی دیکە بسڕێتەوە.

ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان شانازی پێوە دەکات، بوونی ئەو فرەیی نەتەوەیی و ئایینییەیە کە لەکوردستاندا هەیە، ئەم شانازیکردنە تەنیا لەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لەکوردستاندا تەنیا بە ژمارە بوونیان هەیە، بەڵکو بەوە شانازی دەکات کە لەنێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکاندا پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبووردەیی هەیە، بەڵام ئەگەر سەرنج لەبەشە عەرەبییەکەی عێراق بدەین، دەبینین بە ژمارە ئایین و نەتەوەی جیاواز بوونیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەمکی فرەیی بوونی نییە، ئەوا بە بەشە عەرەبییەکەی عێراق ناگوترێت نیشتمانێکی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی، بەڵکو دەڵێت: لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا فرەیی بوونی نییە، هەروەك لە تورکیا و

بۆچوونی جیاوازی دیکە دروست دەبێت، بەڵام ئەم ژمارانە نەیانتوانیوە ئاراستەی بیرکردنەوەی یەک حزبی، یەک بۆچوون و یەک یەکەیی بگۆڕن، بۆیە فرەیی (التعددیة) بەم مانایە، مانای ژماردن (تعداد) دەگەیەنێت، ئەمەش واتە چەمکێکی حیسابییە بۆ زیادکردنی ژمارەیەکی دیکە بۆ سەر ژمارەکانی دیکە، بۆیە لە پشت ئەم فرەییەوە چەمکی یەکحزبی و یەک بیرکردنەوە خۆی حەشارداوە، بۆیە ناومان لەمانە ناوە یەک جۆر بیرکردنەوە، یان ژماردن (تعداد). ئەم حاڵەتە وامان لێدەکات لەبری ئەوەی باسی رۆڵی فەلسەفە بکەین لە ئێستادا، ئەوا دەبێت باسی کۆمەڵگەی نمایشکار بکەین (مجتمع الفرجة)، باسی ئایدیۆلۆژیا و راگەیاندن بکەین. کاتێک دەڵێین کۆمەڵگەی نمایشکار وەک ئایدیۆلۆژیا وایە، مەبەستمان ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیا خۆی واقیعێک وێنا دەکات و لەبارەیەوە قسەدەکات، ئەو لۆژیکەی ئەم بارودۆخە دروست دەکات، لۆژیکێکی سەیرە کە خەیاڵ و واقیع تێکەڵ دەکات. بۆیە ئایدیۆلۆژیا هەوڵدەدات بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەو خەیاڵە بکاتەوە و وەک راستی و واقیع پیشانی بدات، بەڵام کۆمەڵگەی نمایشکار ئەو کۆمەڵگەیەیە کە شتێکی تێدا دەژی لە خودی کۆمەڵگەکە دوورە، لەبری کۆمەڵگە دەجووڵێت و وێنای دەکات، بۆیە ئەمە دەبێتە واقیعێک کە واقیعییەتی واقیعە ئەسڵیەکە ون دەکات، واقیعێک کە بەرگی خەیاڵی بەبەردا دەکرێت و دەگۆڕێت بۆ شاشەی سینەما.»

● عبدالسلام بنعەبد ئەلعالی کتێبی (ضد الراهن)

ئێرانیش کە دوو دەوڵەتی دراوسێی کوردستانن، بە هەمان شێوە بە ژمارە چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز لەو دوو دەوڵەتە دەژین، بەڵام لەبەر ئەوەی دانپێدانان (الاعتراف) لەلایەن دەوڵەتەوە بە نەتەوە و ئایینەکانی دیکە نییە، بەهەمان شێوە بە تورکیا و ئێرانیش ناگوترێت، دەوڵەتێکی فرەیی، یان نیشتمانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان.

دیارە ئەم چەمکە بۆ پێوەندی نێوان حزبە سیاسییەکانیش لە وڵاتیکدا راستە، لەبەر ئەوەی فرەیی حزبی تەنیا بریتی نییە لەوەی کە ژمارەیەك حزبی سیاسی لەو وڵاتە بوونی هەبێت، بەڵکو فرەیی حزبی ئەو کاتە مانای دەبێت کە حزبی سیاسی بتوانێت بە هەمانگی و پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەکاندا بوونی خۆی بسەلمێنێت. بەڵام ئەگەر شێوازی مامەڵەکردنی حزبە سیاسییەکان گەیشتە ئەو ئاستەی حزبەکان یەکتری رەتبکەنەوە، یان حزبەکەی بەرامبەری بە فاشیزم و دیکتاتۆر وێنا بکات، وەك ئەوەی چەند ساڵێکە بزووتنەوەی گۆڕان بەرامبەر چەند حزبێك پیادەی دەکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا فرەیی بوونی نامێنێت، ئەو گوتارەی بزووتنەوەی گۆڕان بەرزی کردۆتەوە و بانگەشە بۆ فرەیی و بونیادی دیموکراتی دەکات، سەرەنجام بە ئاژاوەگێڕی لە ناو کۆمەڵگە و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی کۆتایی هاتووە. لێرەوە ئەگەر بەخێرایی بگەڕێینەوە بۆ ئەو بونیادەی کە گوتاری بزووتنەوەی گۆڕانی لەسەر دامەزراوە، دەبینین هەر لەسەرەتاوە لەبری ئەوەی دان بە بەرامبەرەکەیدا بنێت، هەوڵیداوە بە هەموو شێوازێکی ناشیرین بەرامبەرەکەی رەتبکاتەوە، ئەوجا بەرامبەرەکەی یەکێتی بووبێت، یان پارتی، یان هەر حزبێکی سیاسیی دیکە ئەو هەوڵیداوە بیسرێتەوە، ئەمەش وایکردووە کە لە کوردستاندا بە

**ماناى فرەیى تەنیا ئەوە نییە کە لە وڵاتیکدا چەندین نەتەوە و ئایینى جیاواز هەبێت، بەڵکو ماناى راستەقینەى کۆمەڵگەى فرەیى و نیشتمانى فرەیى ئەوەیە کە هەموو نەتەوە و ئایینەکان دان بە یەکتریدا بنێن و نەتەوەیەک، یان ئایینیک نەیەوێت نەتەوە، یان ئاینێکى دیکە بسڕێتەوە**

ژمارە حزبى سیاسى هەبن، بەڵام ماناى فرەیى حزبى بوونى نەماوە.

پێش دروستبوونى بزووتنەوەى گۆڕان، سیماى فرەحزبى لە کوردستاندا، تا رادەیەکى زۆر سیماى دوو حزبى وەرگرتبوو کە بریتى بوون لە (پارتى و یەکێتى)، ئەم دوو حزبە بۆ ئەوەى سەرەتایەك بۆ مانادانەوە بە فرەیى حزبى بدەن و بتوانن لەبرى ئەوەى شەڕ لەگەڵ یەکترى بکەن، پێکەوە هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ بەڕێوەبردنى کوردستان و چەسپاندنى مافەکانى کوردستان لە دەستوورى عێراق و پاشانیش پیادەکردنى ئەو مافانە بۆ گەلى کوردستان هەنگاوێکى هاوبەشیان هەڵگرت، ئەو هەنگاوەى پارتى و یەکێتى کە لە چوارچێوەى رێککەوتنى ستراتیژیدا بەرجەستە بوو، بووە هۆکارى ئەوەى لە ساڵى ٢٠٠٥ ئیدارەى سلێمانى و هەولێر لە چوارچێوەى کابینەى پێنجەمى حکومەتى هەرێمى کوردستاندا یەکبگرێتەوە، هەروەها بەڕێز مام جەلال وەك نوێنەرى کورد بووە سەرۆك کۆمارى عێراق و بەڕێز مسعود بارزانى بووە سەرۆکى هەرێمى کوردستان، ئەم رێککەوتنە ستراتیژییەى نێوان پارتى و یەکێتى بووە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەى حزبەکانى دیکەش لە چوارچێوەى چەمکى فرەیى حزبى یەکڕیزى و یەکهەڵوێستى لەسەر ئاستى عێراق و کوردستان دروست بکەن، ئەوکات جیهان بە فرەحزبیى کوردستان سەرسام بوو، ئومێدێك دروست ببوو کە خەڵکى کوردستانیش باشتر بەشدارى لە پرۆسەى سیاسیى کوردستاندا بکات و زیاتر هاوکاریى حکومەتى خۆى بکات.

بەڵام لەگەڵ یەکگرتنەوەى ئیدارەى سلێمانى و هەولێر و راگەیاندنى کابینەى پێنجەمى حکومەتى هەرێمى کوردستان، نەوشیروان مستەفا کۆمپانیاى وشەى دامەزراند و دژایەتى خۆى بۆ رێککەوتنى ستراتیژى نێوان پارتى و یەکێتى راگەیاند، ئەم دژایەتیکردنەى نەوشیروان مستەفا بۆ رێککەوتنى ستراتیژى نێوان پارتى و یەکێتى، زۆر راشکاوانە ئەو مانایەى بەرجەستەکرد، کە هەموو هەوڵەکانى بۆ ئەوە بوون کە فرەیى حزبى لە کوردستان بوونى نەبێت و ژمارەى حزبەکان زیاتر بکات، بێگومان هەر واشى کرد، بە راگەیاندنى بزووتنەوەى گۆڕان حزبێکى دیکە لە پاڵ حزبەکانى دیکەى کوردستان زیادى کرد، بەڵام فرەحزبى بەماناى رێزگرتنى نێوان حزبەکان و پێکەوە کارکردنیان بۆ بەڕێوەبردنى وڵات کۆتایى هات.

بزووتنەوەى گۆڕان وەك باڵێکى جیابووەوەى یەکێتى نیشتمانى کوردستان، توانى لەسەر حیسابى یەکێتى نیشتمانى و دژایەتیکردنى پارتى ٢٥ کورسیى پەرلەمانى بەدەست بهێنێت، لەسەر ئاستى پەرلەمانى عێراقیش توانى هەشت کورسى بەدەست بهێنێت، بەڵام هەنگاوى یەکەمى بۆ هاتنە ناو پەرلەمانى کوردستان و عێراق، هەوڵدانى بوو بۆ ئەوەى فرەیى حزبى لە سەر ئاستى عێراق و کوردستان لەناو حزبە سیاسییەکانى کوردستان نەمێنێت و پەرلەمانى کردە گۆڕەپانى بێڕێزى کردن بە فرەحزبى و یەکریزى و یەکهەڵوێستى و پێکەوە کارکردن و هەماهەنگى نێوان حزبە سیاسییەکان. لەمەش خراپتر دواى هەڵبژاردنى ساڵى ٢٠١٣، داواى کرد بەشدارى لە حکومەتدا بکات، پارتى دیموکراتى کوردستان وەك حزبى براوەى یەکەم لە چوارچێوەى رێککەوتنێکى هاوبەشى نێوان بزووتنەوەى گۆڕان و پارتى و لەسەر بنەماى چوارساڵى ئارامى و پێکەوە کارکردن، هەموو سازشێکى لەسەر ئاستى پشکى پارتى لە حکومەتى هەرێمى کوردستان و پشکى پارتى لە حکومەت و پەرلەمانى عێراقى لەگەڵدا کرد، بەڵام لەبەر ئەوەى ئامانجى ئەوەڵ و ئەخیرى رێکخەرى گشتى بزوتنەوەى گۆڕان تێکدانى فرەحزبى بوو لە کوردستاندا، ئەوا نەك هەر نەیتوانى هاریکاریى حکومەت و پەرلەمان بکات، بەڵکو هەوڵیدا کوردستان بسووتێنێت.

ئەم قسانە تۆمەت بەشینەوە نییە بەسەر رێکخەرى گشتى بزووتنەوەى گۆڕاندا، بەڵکو ئەمە واقیعێکە کە وەزیرەکانى بزووتنەوەى گۆڕان کە هەستیارترین وەزارەتى حکومەتى هەرێمى کوردستانیان لەبەر دەست بووە وەك (وەزارەتى پێشمەرگە، وەزارەتى دارایى، وەزارەتى ئەوقاف، وەزارەتى پیشەسازى و بازرگانى، دەستەى وەبەرهێنان) خۆیان ئەو راستییانەیان بە میدیاکان راگەیاندووە کە پارتى دیموکراتى کوردستان هەماهەنگ و هاوکار بووە بۆ کارەکانیان و هەرگیز ئاستەنگى بۆ دروست نەکردوون، تەنانەت بەڕێز مستەفاى سەید قادر کە وەزیرى پێشمەرگەى حکومەتى هەرێمى کوردستان بوو لە ماوەى شەڕى تیرۆریستانى داعشدا، خۆى لە میانەى دیمانەیەکى لەگەڵ گوڵاندا راشکاوانە ئاماژەى بەوە کرد کە بەڕێز مسعود بارزانى وەك فەرماندەى گشتى هێزە چەکدارەکانى کوردستان کە خاوەنى هەموو بڕیارێك بووە لەسەر ئاستى هێزە چەکدارەکانى کوردستاندا، لەهەموو هەنگاوێکدا

**کوردستان لەسەر ئاستى ئیقلیمى و نێودەوڵەتى وەک دەوڵەتێکى سەربەخۆى ئەمرى واقیع مامەڵەى لەگەڵ دەکرێت و لەسەر هەموو ئاستەکان لە چوارچێوەى یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەى لەگەڵ دەکرێت و بەهەمان شێوازى پرۆتۆکۆڵى نێودەوڵەتى پێشوازى لەسەرۆکى کوردستان دەکرێت، بەڵام لەبەرامبەردا دەسەڵاتى سیاسى لە هەرێمى کوردستان شێوازى مامەڵەکردنى لەسەر ئاستى ناوخۆ وەک دەوڵەتێکى سەربەخۆ پیادە نەکردووە و هێشتا بۆ پاراستنى یەکڕیزى و یەکهەڵوێستى و ئاشتیى کۆمەڵایەتى، مامەڵەى لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانى کوردستان نەکردووە**

وەزیری پێشمەرگە هەماهەنگ و هاوکاری بووە و بەبێ وەزارەتی پێشمەرگە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە، هەروەها سەرۆکی پەرلەمانیش کە ئەویش کادرێکی بزووتنەوەی گۆڕان بووە، وێڕای ئەوەی پەرلەمانی کردە سەکۆی حزبایەتی و مینبەرێك بۆ ئاژاوەگێڕی و تێکدانی دیموکراتی لە کوردستاندا، بەڵام هەتا ئێستاش نەیتوانیوە نکۆڵی لەوە بکات کە نە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستەنگیان بۆ کارەکانی دروست نەکردووە. بۆیە ئێستاش وێڕای ئەو هەموو درۆ و بوختان و قسە و جنێوە ناشیرینانەی کە رۆژانە دەزگاکانی راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دروستی دەکەن، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەزیرە بەڕێزەکانی گۆڕان خۆیان نەکردۆتە بەشێك لەو تۆمەت و درۆیانە و رێزیان لەو هاوکاری و هەماهەنگییە گرتووە کە لەماوەی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە حکومەت و پەرلەماندا بینیویانە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەرگیز هەوڵینەداوە چەمکی فرەیی حزبی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لەنێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا بێ مانا بکات.

**● نمایشی سیاسیی حزبەکان بە نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستانەوە**

سەرۆکی رێکخراوی کەم ئەندامانی کوردستان، پێش هاتنی جەژنی قوربان بە یەك دوو رۆژ و لەسەر پێنەدانی مووچەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بە هۆیەکانی راگەیاندنی راگەیاند: «چووینە لای هەموو ئەو سەرۆك حزبانەی لە سلێمانین، هەموویان وتیان ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە و چارەسەری ئەم بارودۆخە لای ئێمە نییە.» بەڵام هەموو هۆیەکانی راگەیاندنی سلێمانی بەرنامەی تایبەتی بۆ نەهامەتیی کەمئەندامانی کوردستان رێکدەخەن و بەدیاریەوە دادەنیشن، بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێکی مرۆییانە بەرامبەر ئەو توێژە بێ نازەی خەڵکی کوردستان هەبێت، لە رۆژانی جەژنیشدا، دیسان چالاکان و پەرلەمانتار و ئەندامانی پارێزگای سلێمانی لەناو گردبوونەوەی بەشێك لە مامۆستایانی ئەو دەڤەرە دەبیندران و راستەوخۆ نەهامەتی و پێنەدانی مووچەی مامۆستایان لە شاشەکانەوە نمایش دەکرا و هەموو حزبەکانیش بەدیاریەوە دانیشتبوون، بەبێ ئەوەی هیچ حزبێکی سیاسی هەڵوێستێکی جددی بەرامبەر مووچەی مامۆستایانی کوردستان هەبێت.

دیارە ئەو دیمەنەی نەهامەتیی گوزەرانی خەڵك کە شاشەکان لە سلێمانییەوە دەیگوازنەوە بۆ ناو هەر ماڵێك، ئەم پرسە تەنیا تایبەت نییە بە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان، بەڵکو سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی دارایی زۆر سەخت و مەترسیداردایە، ئەم قەیرانە تەنیا مووچەخۆرانی حکومەتی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەیەك کاتدا کەرتی تایبەتیشی تا رادەیەکی زۆر بەرچاو پەکخستووە، بۆیە لە حاڵەتی لەمجۆرەدا ئەرکی حزبی سیاسی ئەوەیە هەموو پێکەوە هەماهەنگ و هاریکار بن بۆ ئەوەی واقیعەکە چۆنە بە هەمان شێوە پیشانی خەڵکی کوردستانی بدەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی خەڵك و حزبەکان پێکەوە هەمانگ و هاریکاربن بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بێت ئەو قەیرانە داراییە قورسە تێپەڕێندرێت.

بەڵام بەداخەوە بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو باڵەی یەکێتی نیشتمانی کە بە خۆیان دەڵێن زۆرینەی مەکتەبی سیاسی و لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی، واقیعێکی خەیاڵیان لەبری واقیعی قەیرانە داراییە راستەقینە مەترسیدارەکەی کوردستان دروستکردووە و خەڵکیان لە واقیعە راستەقینەکە دوور خستۆتەوە و لەناو ئەو واقیعە خەیاڵییەدا نمایشی سیاسی بە نەهامەتییەکانی خەڵکەوە دەکەن و وەك عەبدولسەلام بن عەبدعالی-یش دەڵێت کۆمەڵگەیان کردۆتە شاشەیەکی گەورەی سینەما و حزبەکان لەبەرامبەر ئەو شاشەیەدا بە نەهامەتی و پێنەدانی مووچەی فەرمانبەران پێدەکەنن!

ئەم رۆڵەی ئەو حزبانە بەرامبەر خەڵك لە دەڤەری سلێمانی پیادەی دەکات، وەك بیرمەندی ئەڵمانی لە کتێبی (دژە دەسەڵاتدا) ئاماژەی پێکردووە، ئەو مانایە دەگەیەنێت، ئەو خەڵکانەی لەدەڤەری سلێمانی دەنگیان بەو حزبانە داوە، ئێستا ناتوانن داکۆکییان لێ بکەن، یان نوێنەرایەتیان بکەن و بەدەنگ نەهامەتی و گوزەرانیانەوە بچن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو حزبانە بە رێگەی نمایشکردنی سیاسی بە نەهامەتییەکانی خەڵکەوە دەیانەوێت چەمکی فرەیی حزبی بگۆڕن بۆ سڕینەوەی بەرامبەر و ناشیرینکردنی، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو حزبانە خۆیان لە هەموو کەسی دیکە باشتر دەزانن، هۆکاری راستەقینەی نەهامەتی و قەیرانی دارایی لە کوردستاندا چییە و چۆنیش چارەسەر دەکرێت.

**هیچ کێشە و قەیرانێک لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان گەورەتر نییە ئەگەر ئەو ئیرادەیە یەکگرتوو و یەکهەڵوێست بێت، هەربۆیە ئێستا تەواو ئەو راستییە ئاشکرایە کە هۆکاری نەبوونی چارەسەرێکی گونجاو بۆ قەیرانی دارایی کوردستان و کێشەی سیاسی نێوان حزبە سیاسییەکان، ئەو حزبانەن کە نایانەوێت فرەیی سیاسی و پێکەوە گونجاندن و پێکەوە کارکردن لە کوردستاندا بوونی هەبێت**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەماوەیەکی زۆر کورتدا نەک هەر بووە جێگەی سەرنجی ژەنراڵەکانی پێنتاگۆن و ناتۆ، بەڵکو هەموو جیهانی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە دەبێت لەبەر قارەمانییەتی پێشمەرگە رێز لە کوردستان بگیرێت**

**ئەوەندەی هەوڵدەدرێت لە جیاوازییەکانەوە فیتنە دروست بکرێت، هیچ هەوڵێک بەدی ناکرێت کە لە جیاوازییەکانەوە پردی هاوبەش بۆ پێکگەیاندنی خاڵە هاوبەشەکان بدۆزرێتەوە**

**چارەسەری دەوڵەتییانە بۆ کێشەکان بەو مانایە بەکاردەهێنین، دەوڵەت هەر چەندێک ئیمکانیەتی لەبەر دەستدا بێت، لەچوارچێوەی ئەو ئیمکانیەتەدا چارەسەرەکان دەستنیشان دەکات و بە هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکی کوردستان جۆرێک لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو چارەسەرە ناچارییە دروست دەکات، ئەم جۆرە تێگەیشتە لە نێوان خەڵک و دەوڵەت، جۆرێک لە هەستکردن بە سەروەریی نیشتمانی و نەتەوەیی لای خەڵک دروست دەکات و دەبێتە هێڵێکی سووریش بۆ ئەوەی چیدیکە ئەو حزبە سیاسییانە نەتوانن نمایشی سیاسی بە نەهامەتییەکانی خەڵکەوە بکەن**

**هاووڵاتی وەک گرنگترین توخمی کۆمەڵگە لەناو پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردنی لەناو پرۆسەی سیاسیدا گۆڕاوە بە توخمێک بەدەستی دەستەبژێری نێو حزبە سیاسییەکان و نمایشی سیاسی بە نەهامەتییەکانیانەوە دەکرێت و حزبەکانیش سەیریان دەکەن**

**هەواڵ لەناو فەزای راگەیاندنی کوردستاندا بۆتە پێچکەکانی رەورەوەیەک، واتە هەواڵێک بە چەندین شێوە پەخش دەکرێت و هەر هەواڵێکیش ئەوەی پێشخۆی بەدرۆ دەخاتەوە**

### • سڕکردنی سیاسیەت و دروستکردنی بەدیل بۆ سیاسەت

ئەگەر واقیعییانە باسی پرۆسەی سیاسی کوردستان بکەین، ئەوا هەر تاکێکی ئاسایی کوردستان بە رەهایی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی نەک هەر حزبەکان لەسەر پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردستان هاودەنگ و هاوهەڵوێست نین، بەڵکو پرۆسەی سیاسی بە ئاستێک سڕکراوە کە ئەگەر حزبەکان لەسەر کێشەکانی خەڵکی کوردستان وتوویژیش بکەن لەبری ئەوەی رێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزنەوە، کێشەکان بەرەو خراپتر و داخستنی هەموو دەرگاکان دەبەنەوە.

ئەم حاڵەتی چەقبەستوویی و بوونی چارەسەری کێشەکان بە گرێکوێرە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەردەکەوێت کە سیاسەت لەو وڵاتەدا سڕکرابێت، یان بێ مانا کرابێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر سیاسەت (هونەری مومکینات بێت) ئەوا هیچ مومکین نییە سیاسەت نەتوانێت چارەسەر بۆ کێشەیەک بدۆزێتەوە کە نەکەوتبێتەوە چوارچێوەی مەحاڵەوە.

لە ئێستای کوردستاندا چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەک نەگەیشتۆتە ئاستی مەحاڵ، راشکاوانەتر نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئەگەر حزبە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان پێکەوە هاوکاری و هەماهەنگی بکەن، چارەسەرێک بۆ قەیرانێک نەدۆزنەوە، ئەوجا ئەو قەیرانە سیاسی بێت، یان ئابووری، یان تەنانەت ئەگەر قەیرانی شەڕێکی نەخوازراو و قورسی وەک شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعشدا بێت.

لێرەوە گرنگە جەخت لەسەر خاڵی سەرەکی کە مانای (سیاسەتە) بکەینەوە و پرسیار لەسەر ئەم توخمە گرنگە بکەین، بۆچی ئێستا لە کوردستاندا سیاسەت کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێت، یان حزبە سیاسییەکان ناتوانن پێکەوە سیاسەتێک بۆ ئێستای کوردستان دابرێژن و پێکەوە ئەم قەیرانە تێپەڕێنن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی قەیران و کێشەکانی کوردستان دەیداتەوە و پێمان دەڵێت، لەبەر ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا شتێک نییە ناوی سیاسەتکردن بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە بەدیلی سیاسەتە. ئەم بەدیلەی سیاسەت فەزای کارکردنی تەنیا هۆیەکانی راگەیاندنە، نەک ژیانی رۆژانەی خەڵک و فەزای گشتی خەڵک کە دیالۆگێکی سەردەمیانە لەنێوان هەموو توخمەکاندا دروست دەکات بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆیە لێرەوە ئەگەر سەیر بکەین هەست دەکەین بەدیلی سیاسەت لەناو فەزای راگەیاندا بۆتە لابۆرێکی کیمیاوی و واقیعی راستەقینەی کۆمەڵگە لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت و توخمی دیکەی لێ دروست دەکات، لەوانە هەر بۆ نموونە:

١. شەڕێکی گەورەی وەک شەڕی پێشمەرگەی لەگەڵ دەوڵەتی تیرۆریستی داعش گۆڕیوە بۆ کۆمەڵێک جەنگی لابەلا، بە دیوێکی دیکەدا ئەگەر ئێستا لە رێگەی هۆیەکانی راگەیاندنەوە سەرنج لەو شەڕە گەورە جیهانییە بدەین کە پێشمەرگە دژی دەوڵەتێکی تیرۆریستی دەیکات، دەبینین بێجگە لەچەند جەنگێکی لابەلا، رەنگدانەوەی دیکەی لەسەر خەڵکی کوردستان نییە، بەمانایەکی دیکە شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش تەنیا بریتییە لە بڵاوکردنەوەی جەنگێک لەبەرەیەکی شەڕدا و دوای تەواوبوونی ئەو جەنگە، ئیدی وەک ئەوەیە شەڕەکە کۆتایی هاتبێت.

٢. هەڵوێستی سیاسی لەسەر رووداوێک، یان بارودۆخێک، یان تەنانەت قەیرانە سیاسی و ئابورییەکانی گۆڕیوە بۆ کۆمەڵێک کار و کاردانەوەی شێواو و ناجێگیر، بۆیە کاتێک لایەنێک، یان کەسایەتییەک هەڵوێستێکی لەسەر پرسێک دەخاتەڕوو، لە ناو فەزای راگەیاندنی کوردستاندا تەنیا وەک کاردانەوەیەکی شێواو و ناجێگیر دەردەکەوێت.

٣. بەدیلی سیاسەت فیکر و بیرکردنەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گۆڕیوە بۆ سەرنجدانێکی گوماناوی، واتە ئەمە وایکردووە کاتێک خەڵکانێک دیانەوێت بیربکەنەوە بۆ ئەوەی رێگەچارەیەک بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە، ژینگەی شێواوی بەدیلی سیاسەت وایکردووە بە گومانەوە سەیری ئەو بیرکردنەوە بکرێت و بەوەش پەکیدەخرێت.

٤. هەواڵ لەناو فەزای راگەیاندنی کوردستاندا بۆتە پێچکەکانی رەورەوەیەک، واتە هەواڵێک بە چەندین شێوە پەخش دەکرێت و هەر هەواڵێکیش ئەوەی پێشخۆی بەدرۆ دەخاتەوە.

٥. هاووڵاتی وەک گرنگترین توخمی کۆمەڵگە لەناو پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردنی لەناو پرۆسەی سیاسیدا گۆڕاوە بە توخمێک بەدەستی دەستەبژێری نێو حزبە سیاسییەکان و نمایشی سیاسی بە نەهامەتییەکانیانەوە دەکرێت و حزبەکانیش سەیریان دەکەن.

٦. بەدیلی سیاسەت هەموو بەها و نەریت و پیرۆزییەکانی نیشمانی خستۆتە ژێر پرسیار

و گومانەوە، بۆ ئێستا کە هێزی پێشمەرگە بۆ پیرۆزترین سیمبولی بەرگریکردنی مرۆڤایەتی، دەستەبژێری حزبە سیاسیەکان لەناو فەزای راگەیاندا، زۆر جار هەوڵیانداوە ناوی پێشمەرگە بخەنە ژێر گومان و پرسیارەوە.

٧. سیاسەت ئەگەر لە بنەڕەتدا مانای پێکەوە ئاشتکردنەوە و پێکەوە گونجاندن و پێکەوە کارکردنی نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکان بێت، سیاسەتمەدار ئەو کائینە سەندبادییە بێت کە بە بیربۆچوونی جیاوازی سیاسیی خۆیەوە لەناو فەزای سیاسیدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئێستا لەچوارچێوەی دروستکردنی بەدیلی سیاسەتدا، هەڵسووڕاوی ناو پرۆسەی بەدیلی سیاسی بۆتە بەشەڕهێنانی نێوان چەمکە جیاوازەکان، ڕەتکردنەوەی پێکەوە گونجاندن و پێکەوە کارکردن، سازشکردنی کردنی سیاسی گۆڕیوە بۆ عینادیی سیاسی و چەقبەستوویی ناو پرۆسە سیاسییەکە.

ئەمانە و چەندین وەرچەرخانی دیکە کە نەبوونی سیاسەت لەناو قەیران و کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دروستیکردووە، بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت لەسەر هیچ کێشە و قەیرانێك، ڕێکاری چارەسەر بدۆزرێتەوە، بۆیە لێرەوە کاتێك باسی کێشە و گرفتی نێوان حزبە سیاسیەکانی کوردستان دەکرێت، دەبینین ئەوەندەی هەوڵدەدرێت لە جیاوازییەکانەوە فیتنە دروست بکرێت، هیچ هەوڵێك بەدی ناکرێت کە لە جیاوازییەکانەوە پردی هاوبەش بۆ پێکگەیاندنی خاڵە هاوبەشەکان بدۆزرێتەوە.

## ● لێکترازاندنی هەڵوێستە هاوبەشەکان و دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو دیمەنی جیاواز

تەنیا هۆکارێك کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هێشتۆتەوە، ئەوەیە کە ئەو بیروبۆچوونە ئاژاوەگێڕییەی لەناو فەزای ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەکاندا بوونی هەیە و هەموو شتێکی لە خەڵك ئاوەژوو کردۆتەوە، قبووڵی نەکردووە و، سوپاس بۆ خوا هەتا ئێستا شتی وا لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوونی نییە، هەربۆیە ئەو قەیرانە گەورانەی لەناو هێزی پێشمەرگە وەك (نەبوونی شارەزایی پێویست لەشەڕی دژی تیرۆریستان، نەبوونی چەك و تەقەمەنی پێویست، نەبوونی مووچە و ئیمکانیەتی سەربازی پێویست) بوونی هەیە و هەمووشیان تا رادەیەکی زۆر باش چارەسەر کران و زاڵبووین بەسەریاندا، لەبەرامبەردا قەیرانی وا گەورەی سیاسی لە نێوان حزبەکاندا نییە، هەروەها قەیرانی دارایی و نەبوونی مووچەش هێندەی کێشەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەورە نەبوون.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاتێك بریاری شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش دا، هیچ شارەزاییەکی سەربازی لەسەر ئاستی جیهان لەو قەناعەتەدا نەبوو کە پێشمەرگە بتوانێت لەو شەڕەدا بەرامبەر هێزێکی گەورەی دەوڵەتێکی تیرۆریستی وەك خەلافەتەکەی داعش خۆی بگرێت، تەنانەت پسپۆڕێکی وەك ماکس پۆت کە بە یەکێك لە گەورەترین پسپۆڕانی بواری ئاسایش و سەربازی لەسەر ئاستی سینکتاکسەکانی ئەمریکا و جیهان هەژمار دەکرێت، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، راستە هێزی پێشمەرگە لە رابردوودا و لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو هێزێکی قارەمان بووە و توانیویەتی دوژمن تێکبشکێنێت، بەڵام دوای نزیکەی ٢٣ ساڵ کە هیچ شەڕێکی نەکردووە، ئەوا ناتوانێت هەمان قارەمانییەتی رابردوو دووبارە بکاتەوە، بەتایبەتیش کە چەکی دەستی کۆنە و ئیمکانیەتی سەربازیی بەردەستیشی زۆر سنووردارە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەماوەیەکی زۆر کورتدا نەك هەر بووە جێگەی سەرنجی ژەنراڵەکانی پێنتاگۆن و ناتۆ، بەڵکو هەموو جیهانی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە دەبێت لەبەر قارەمانییەتی پێشمەرگە ڕێز لە کوردستان بگیرێت.

کەواتە ئەم بەراوردکارییەی نێوان قەیرانەکانی هێزی پێشمەرگە و قەیرانی دارایی کوردستان، دەروازەیەکی باشە بۆ ئەوەی لەو راستییە تێبگەین کە هیچ کێشە و قەیرانێك لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان گەورەتر نییە ئەگەر ئەو ئیرادەیە یەکگرتوو و یەکهەڵوێست بێت، هەربۆیە ئێستا تەواو ئەو راستییە ئاشکرایە کە هۆکاری نەبوونی چارەسەرێکی گونجاو بۆ قەیرانی دارایی کوردستان و کێشەی سیاسی نێوان حزبە سیاسییەکان، ئەو حزبانەن کە نایانەوێت فرەیی سیاسی و پێکەوە گونجاندن و پێکەوە کارکردن لە کوردستاندا بوونی هەبێت.

گەڕانەوە بۆ ناو واقیعی راستەقینەی کوردستان و دەرچوون لەو واقیعە خەیاڵییەی باڵێکی یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بۆ نمایشکردنی سیاسی بە نەهامەتییەکانی خەڵکەوە دروستیان کردووە، دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی

**بەدیلی سیاسەت فیکر و بیرکردنەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گۆڕیوە بۆ سەرنجدانێکی گوماناوی، واتە ئەمە وایکردووە کاتێک خەڵکانێک دەیانەوێت بیربکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە، ژینگەی شێواوی بەدیلی سیاسەت وایکردووە بە گومانەوە سەیری ئەو بیرکردنەوە بکرێت و بەوەش پەکیدەخرێت**

**ئێستا لە کوردستاندا شتێک نییە ناوی سیاسەتکردن بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە بەدیلی سیاسەتە. ئەم بەدیلەی سیاسەت فەزای کارکردنی تەنیا هۆیەکانی راگەیاندنە، نەک ژیانی رۆژانەی خەڵک و فەزای گشتی خەڵک کە دیالۆگێکی سەردەمیانە لەنێوان هەموو توخمەکاندا دروست دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**



**بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو باڵەی یەکێتی نیشتمانی کە بە خۆیان دەڵێن زۆرینەی مەکتەبی سیاسی و لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی، واقیعێکی خەیاڵیان لەبری واقیعی قەیرانە داراییە راستەقینە مەترسیدارەکەی کوردستان دروستکردووە و خەڵکیان لە واقیعە راستەقینەکە دوور خستۆتەوە و لەناو ئەو واقیعە خەیاڵییەدا نمایشی سیاسی بە نەهامەتییەکانی خەڵکەوە دەکەن**

**وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان کە هەستیارترین وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لەبەر دەست بووە وەک (وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، دەستەی وەبەرهێنان) خۆیان ئەو راستییانەیان بە میدیاکان راگەیاندووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەماهەنگ و هاوکار بووە بۆ کارەکانیان و هەرگیز ئاستەنگی بۆ دروست نەکردوون**

**فرەیی حزبی تەنیا بریتی نییە لەوەی کە ژمارەیەک حزبی سیاسی لەو وڵاتە بوونی هەبێت، بەڵکو فرەیی حزبی ئەو کاتە مانای دەبێت کە حزبی سیاسی بتوانێت بە هەمانگی و پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەکاندا بوونی خۆی بسەلمێنێت**

هەموو لایەک لەسەر بەرنامەیەک رێبکەون و بەهەماهەنگی و هاوکاریی خەڵکی کوردستان و لە چوارچێوەی ئەو ئیمکانیەتە راستەقینەی حکومەت لەبەردەستیەتی چارەسەرێك بۆ قەیرانی دارایی بدۆزرێتەوە.

دیارە ئێستا هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لەسەر هەموو ئاستەکان لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەهەمان شێوازی پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی پێشوازی لەسەرۆکی کوردستان دەکرێت، بەڵام لەبەرامبەردا دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان شێوازی مامەڵەکردنی لەسەر ئاستی ناوخۆ وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ پیادە نەکردووە و هێشتا بۆ پاراستنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، مامەڵەی لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان نەکردووە، تەنانەت هەتا ئێستاش هەندێك حزبی سیاسی چاویان بەرایی نایەت وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن و هێشتا ئەو قەوانە سواوە لێدەدەنەوە کە ئایا ئێستا کاتی ئەوەیە دەوڵەت رابگەیەندرێت، یان نە؟ ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەتەکە بە فەرزکردن بەسەر کوردستاندا راگەیەنراوە و حکومەتی عێراق خۆی رازی بووە کە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان لەسەر ئاستی هەموو دەسەڵاتە سنووردارکراوەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی، هەرێمی کوردستان هەموویان پیادە بکات، ئەمە جیا لەوەی هەرێمی کوردستان هەندێك لەو



دەسەڵاتە سنووردارانەی دەوڵەتی فیدراڵی بەشێکی بە هاوبەشی لەگەڵ عێراق و بەشێکی بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان دژی داعش پیادە دەکات. هەر بۆیە دەرچوون لەو بازنە خەیاڵییەی بۆ واقیعی ئێستای کوردستان دروستکراوە و ئەو چەند حزبە بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان گاڵتە بە نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن، پێویستی بەوەیە دەسەڵاتی سیاسی وەك دەوڵەتێك ئیمکانیەتی خۆی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی راستەوخۆ باس بکات و ئەو خاڵە شاراوانە ئاشکرا بکات کە هەندێك حزبی سیاسی خۆیان لە بەرپرسیاریەتی دەشارنەوە، بەتایبەتی کە هەندێك چارەسەر هەیە پێویستی بە هەماهەنگیی پارتی و یەکێتی هەیە بە پلەی یەکەم، لەم حاڵەتەدا گرنگە ئاستی بەرپرسیاریەتی هەردوولا بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بێت.

چارەسەری دەوڵەتییانە بۆ کێشەکان بەو مانایە بەکاردەهێنین، دەوڵەت هەر چەندێك ئیمکانیەتی لەبەر دەستدا بێت، لەچوارچێوەی ئەو ئیمکانیەتەدا چارەسەرەکان دەستنیشان دەکات و بە هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکی کوردستان جۆرێك لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو چارەسەرە ناچارییە دروست دەکات، ئەم جۆرە تێگەیشتە لە نێوان خەڵك و دەوڵەت، جۆرێك لە هەستکردن بە سەروەریی نیشتمانی و نەتەوەیی لای خەڵك دروست دەکات و دەبێتە هێڵێکی سووریش بۆ ئەوەی چیدیکە ئەو حزبە سیاسییانە نەتوانن نمایشی سیاسی بە نەهامەتییەکانی خەڵکەوە بکەن.

**تەنیا هۆکارێک کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هێشتۆتەوە، ئەوەیە کە ئەو بیروبۆچوونە ئاژاوەگێڕییەی لەناو فەزای راگەیاندنی حزبە سیاسییەکاندا بوونی هەیە و هەموو شتێکی لە خەڵک ئاوەژوو کردۆتەوە، قبووڵی نەکردووە و، سوپاس بۆ خوا هەتا ئێستا شتی وا لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوونی نییە**



*** ئایا بە تێڕوانینی ئێوە سنوورە دەستکردەکانی سایکس پیکۆ کە بوونە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی لەرزۆك و لاواز، بەرپرسن لەو قووڵبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییە تایفەگەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکە ئەگەر بتەوێت لەو ناسەقامگیرییە بڕوانیت کە ئێستادا لەئارادایە، ئەوا دەبێت چەند فاکتەرێك لەبەرچاو بگریت. لەبەر ئەوە من تەواوی ئۆباڵەکە ناخەمە ئەستۆی سایکس پیکۆ. من فاکتەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەبەرچاو دەگرم کە بەرپرسن لەو ناسەقامگیرییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لە بری ئەوەی بۆ چەندین دەیە پێش ئێستا بگەڕێینەوە. لەبەر ئەوە و بۆ ئەوەی کار نەکرێت بۆ پەرەپێدانی ڕوانگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگەکە.

*** ئایا پێتانوایە چارەسەرکردنی کێشە درێژخایەنەکانی ئەم ناوچەیە پێویست بە گۆڕینی سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە دەکات؟**

- ڕەنگە لە ئایندەدا هەندێ حاڵەت بێتەئاراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تێیدا لە ئەنجامی گفتوگۆوە ڕێککەوتنێك دروست ببێت کە گۆڕانی سنوورەکان لەخۆبگرێت، واتە بوارێك بۆ گەلان بکرێتەوە بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس. بەڵام هەرچۆنێك بێت پێویستە گۆڕینی سنوورەکان لە ئەنجامی گفتوگۆوە بێت و لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە نەسەپێنرێت، واتە لەسەر مێزی

میریام ئەلمان

پسپۆڕی ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# گەلی کورد مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە و شایستەی ئەوەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ

**میریام ئەلمان، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە زانکۆی کۆلۆمبیا بەدەست هێناوە و ئێستا پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە سکوڵی ماکسوێڵ بۆ هاووڵاتیبون و کاروبارە گشتییەکان لە زانکۆی سیراکیوز، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی وەك پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی و ناکۆکیی فەلەستین-ئیسرائیلە. بەڕێوەبەری پرۆگرامی پەرەپێدانی توێژینەوەیە لە بارەی ناکۆکی و هاوکارییەوە. بۆ هەڵوەستەکردن و هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی گۆڕینی سنوورەکانی ئەم ناوچەیە و هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.**

گفتوگۆ بێت و لەلایەن ئەو کاراکتەرانەوە بێت کە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێز ڕەتدەکەنەوە.

*** ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە تاوەکو بارودۆخەکە لە ناوچەی بەلکان نەگەیشتە دۆخێکی خوێناوی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، یان ناتۆ دەستێوەردانیان نەکرد، بەڵام ئەم دەستێوەردانەش بووە هۆی ئەوەی کە سنووری دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و دەوڵەتی نوێ دروست بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت ئەزموونی بەلکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکرێتەوە؟**

- ئەمانە پرسیارگەلێکن کە توێژەران و سیاسەتدارێژەران سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە. بە شێوەیەکی گشتی پێموایە قورسە بتوانیت پرۆسەیەکی سەرکەوتوو لە کۆمەڵگەیەکی دیکەوە وەربگریت کە ئەو کۆمەڵگەیانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ڕەهەندێکی ئیتنی و ئایینی و نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان هەیە، واتە زەحمەتە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بگوازیتەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێی بکەیت، چونکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارودۆخی تایبەت و ئاڵۆز و قەیرانی تایبەت بە خۆی هەیە و پێویستە چارەسەرەکان ئەم هەلومەرجە تایبەتە لەبەرچاو بگرن. هەروەها، واتە دەبێت لایەنە پێوەندیدارەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ ئەو کێشانە یەکلابکەنەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ڕۆڵی گرنگی هەیە لەم ڕووەوە، چونکە ئەگەر لە

سووریا بڕوانین ئەوا ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە فەرامۆشکردنی دۆخی ئەم وڵاتە، یان دەستێوەرنەدان لەم وڵاتەدا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ چەندین دەیەی دیکە پەشیمانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کەواتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵی خۆی هەیە، بەڵام نابێت لەسەر حیسابی کاراکتەرە مەحەلییەکانی ناوچەکە بێت.

*** واتە مەبەستتان ئەوەیە کە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات هەر لەم ناوچەیەدا نامێنێتەوە و دەرهاویشتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواش دەگرێتەوە، کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە سەرچاوەی کۆچکردنی سەدان هەزار کۆچبەر و سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسیی ئەمنی لەسەر ئەورووپا، کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵەکانی زیاتر بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە؟**

- لە ڕاستیدا ناکرێت خۆت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دوور بگریت، پێموایە ئەو بیرۆکەیە هەڵەیە کە پێیوایە ئیدارەی ئۆباما دەبێت دوورەپەرێز بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووبکاتە ئاسیا، یان ناوچەی دیکە، چونکە ئەمە بە قازانجی ئاسایشی جیهانی و ئاسایشی ئەمەریکاش تەواو نابێت، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دۆخێکی باشتردا دەبێت ئەگەر لەسەر ئاستی جیهان پشتیوانی لە پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن و گەشەپێدانی ئابووری بکرێت لەم ناوچەیەدا، کە مەرج نییە ئەمەش لە ڕێی پەنابردنەبەر هێزەوە بێت، ئەگەرچی بەکارهێنانی هێزیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە پاراستنی خەڵك لە کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی. چونکە هەموو پرسێك لە ڕێی گفتوگۆوە چارەسەر نابێت و هەندێ جار بۆ پاراستنی خەڵك ناچار دەبیت پەنابەریتەبەر هێز، بەڵام پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵی گرنگی هەیە بەدەر لەبەکارهێنانی هێز، واتە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کەلتوورییەوە. لەبەر ئەوە من ئومێد دەکەم کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر بەشدار بێت، بەڵام نەك لە ڕێگەی هاوردەکردنی مۆدێلێك کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەی پێدرابێت و هیچ بەشدارییەك بە کاراکتەرەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکرێت، واتە دەبێت ئەو هێزانە ڕۆڵی باڵادەستیان هەبێت لە بڕیاردان لەبارەی ئایندەیانەوە. هەروەها کاتێك دەڵێن ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات کاریگەرییەکەی دەپەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی دیکە، لە ڕاستیدا ئەمە بۆ هەموو ناوچەیەك ڕاستە، چونکە ئێستا ئێمە لە دنیایەکی بە جیهانی بوودا دەژین، کە خەڵك و پارە و کاڵا بە ڕەوتێکی خێرا – کە بێ پێشینەیە- هاتوچۆ دەکەن، هەروەها لە ڕۆژگاری شۆڕشی زانیاریداین، کە ئەمەش سوودێکی ئێجگار گەورەی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا مایەی تەحەددیگەلێکی گەورەشە.

*** هەروەك ئاشکرایە کە لە هەرێمی کوردستاندا و لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت کوردستان بتوانێت دانپێدانانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم سەربەخۆییە بەدەست بهێنێت؟**

- باشە کێ بیری لەوە دەکردەوە کە کۆسۆڤۆ دەبێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ کێ بیری لەوە دەکردەوە کە دەوڵەتێك بە ناوی ئیسرائیل دروست دەبێت؟ من باوەڕم وایە کە گروپە نەتەوەییەکان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، بەڵام من پێم باشترە گفتوگۆ لەسەر دەرئەنجامەکان بکرێت، مافی بڕیاردانی چارەنووسیش مافێکی دانپێدانراوە و چەندین نەتەوە هەن لە جیهاندا –بۆ نموونە لە چین و میانمار- کە دووچاری سەرکوتکاری دەبنەوە و خاوەنی دەوڵەت نین، کێشەکەش ئەوەیە ئێمە لە سایەی سیستمێکی نێودەوڵەتیدا دەژین کە لەسەر بنەمای دەوڵەت دروست بووە لە دوای ڕێککەوتنی وێستڤالیاوە. ئەو گەلانەش شایستەی ئەوەن ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان. لەلایەکی دیکەوە چەندین دەوڵەتی فرەنەتەوە هەن، کە هەندێ لە گروپەکان توانیویانە مافی کەمینە بەدەست بهێنن و پەرە بە خۆیان بدەن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسیدا، یەکێك لە نموونەکان وڵاتی ئەمەریکایە، کە چەندین گروپی ئێتنی تێدا دەژی کە داوای دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان ناکەن و خۆیان بە ئەمریکی دەزانن. بەڵام چەندین نەتەوە هەن لە جیهاندا و لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتدان، بەڵام زەحمەتە بۆیان ئەم خەونە بەدی بێنن لەو ناوچەیەی تێیدا دەژین، لەبەر ئەوە ناچار بوون بۆ چەندین دەیە و سەدە شەڕ لەو پێناوەدا بکەن. ئومێدی من ئەوەیە بتوانن لە ڕێگەی گفتوگۆوە ئەو کارە ئەنجام بدەن و هیوام وایە ئەمە فەلەستین و گەلی کوردیش بگرێتەوە، کە کوردیش نەتەوەیەکن و مافی بڕیاردانی چارەنوسیان هەیە، بە چەشنی ئەوەی کۆسۆڤۆ ڕوویدا، چونکە مەرج نییە ئەم ئامانجە لە ڕێی شەڕ، یان توندوتیژییەوە یاخود تیرۆریزمەوە بەدی بێت، چونکە چەندین میکانیزمی ناتوندوتیژ هەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کە دەکرێت پیادە بکرێن.

**ناکرێت چاوەڕێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بین و بێت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕزگار بکات، چونکە دەبێت خەڵکی ئەم ناوچەیە خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن**

**دەبێت ڕێگاگەلێک هەبن کە کۆمەڵگە و دەوڵەت و حکومەتەکان بتوانن بارودۆخەکە بەرەوباشتر ببەن، چونکە بە خستنەئەستۆی ئۆباڵەکە بەسەر ڕێککەوتنێکدا کە چەندین دەیە پێش ئێستا ئەنجام دراوە، پاساوێکە بۆ ئەوەی هەوڵی گەیشتن بە سازش نەدرێت**

**گرنگی بوونی دەوڵەت لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە سیستمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای دەوڵەت بنیادنراوە**



ئەنتۆنی فیلیپ
شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەزموونی بەلکان پێمان دەڵێت سنوورەکان نەگۆڕ و هەمیشەیی و پیرۆز نین تا دەستکاری نەکرێن

ئەنتۆنی فیلیپ گۆرمان، پرۆفیسۆرە لە بەشی دیراساتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئیدەنبێرگ، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگی وەك، مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی بەراوردکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بۆ تیشکخستنەسەر هۆکارە ڕیشەییەکانی ناسەقامگیری و نائارامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕاڤەکردنی ئەو ململانێ تایفەگەرییەی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت، لەگەڵ هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی دەربڕی.

**وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل زیاد لە شایستەیی خۆیان هاوکاری کراون لەلایەن ئەمەریکاوە. لەبەرئەوە سەیرە کە گلەیی لە ئەمەریکا بکەن دوای ئەوەی بۆ چەندین ساڵ لە پشتیوانی دارایی و لە پارێزگاری ئەمەریکا بەهرەمەندبوون**

**نابێت ئۆباڵی هەموو ناسەقامگیرییەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخەینە ئەستۆی هێزە ڕۆژئاواییەکان، بەڵکو هێز و دەستەبژێری مەحەلیش هەن کە بوونەتە سەرچاوەی ناسەقامگیری**

**سعودیە و ئێران وەک دوو هێزی ناوچەیی هەوڵی ئەوە دەدەن سنووری دەستڕۆیشتوویی خۆیان بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیان درێژ بکەنەوە**

*** چۆن لە کێشەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت و ئایا پێتوایە ئۆباڵی ئەم کێشانە بکەوێتە ئەستۆی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ کە بە شێوەیەك سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە داڕشتووە کە بە هیچ شێوەیەك پێکهاتەی سروشتی دانیشتووانەکەی لەبەرچاو نەگرت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاستە کە ئەوەی لەم ساتەوەختەدا دەگوزەرێت، دەرئەنجامی هەندێ لەو بڕیارانەیە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دران، بەتایبەتی ئەو بڕیارەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەپێندرا، کە بێگومان ئەمە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-ش دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە تەواوی هۆکارەکە نییە، چونکە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، دەرئەنجامی سیاسەتی هێزە ڕۆژئاواییەکانە، وەك ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و.. هتد، هەروەها دەرهاویشتەی سیاسەتی هێزە مەحەلییەکانیشە، چونکە ئەو ناکۆکییە تایفەگەرییەی لە ئارادایە، هۆکارێك نییە بۆ ناسەقامگیری سیاسی، بەڵکو وەك ئامرازێك بەکارهێنراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ لە کێشە سیاسییەکان.

*** واتە پێتوایە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە دەست لە پیرۆزیی سنوورەکان هەڵبگیرێت لەم ناوچەیەدا؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە گفتوگۆ لەم بارەیەوە بکرێت، ئەوەی ئاشکرایە کە ئەو سنوورانەی سایکس پیکۆ دروستی کردوون، هەروەها کێشەی فەلەستین بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. کەواتە دەبێت گفتوگۆیەکی تەواو بکرێت لەبارەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە ئەمەش سنوورەکان و کێشەگەلێکی دیاریکراو بگرێتەوە و ڕێگای جیاوازیش هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

*** هەروەك ئاشکرایە ناوچەی بەلکان شەڕ و ناکۆکی و کۆمەڵکوژی بەخۆوە بینی و لە ئەنجامدا ڕێکخراوی ناتۆ دەستتێوەردانی کرد و ئەمەش دروستبوونی دەوڵەتی نوێی بەدوای خۆیدا هێنا. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك دەکرێت سوود لەم ئەزموونە وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

-دەکرێت ئەزموونی بەلکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سوودی هەبێت، بۆ نمونە ئەگەر ئێمە لە ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق بڕوانین، ئەوا ڕاستە بە شێوەیەکی ڕەسمی دانی پێدانەنراوە، بەڵام وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆ هەڵدەسووڕێت. هەروەها ئەزموونی بەلکان پێمان دەڵێت کە سنوورەکان نەگۆڕ نین، واتە لە مێژووی هاوچەرخدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع گۆڕانکاری ڕوویداوە، کەواتە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان چارەسەرێك نییە لە دەرەوەی مومکیندا بێت، ئەمە حاڵەتەکە دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە فەلەستین. لەبەر ئەوە پێموانییە پێویست بەوە بکات کە سنوورەکان هەمیشەیی بن، ئەگەر هۆکاری ئەوە بن کە جێی نارەزایەتی بن، واتە مەبەستی خۆیان نەهێننەدی کە بریتییە لە دەستەبەرکردنی سنوور بۆ قەوارە سیاسییەکە.

*** واتە مەبەستتان ئەوەیە کە نابێت پاراستنی یەکپارچەیی، یاخود سەربەخۆیی سیاسیی ئەم وڵاتانە لەسەر حیسابی خۆشگوزەرانی خەڵکەکە بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت ئامانجی سەرەکی دەوڵەت دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی خەڵك بێت، بەڵام بە داخەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، نوخبەیەك، یان گروپێکی تایفەگەری دەستیان بەسەر دەوڵەتدا گرت کە لەبەرژەوەندی خەڵکدا کاری نەکرد. ئەمە شکستی گەورەی دەوڵەت بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی. واتە لەبری ئەوەی ببنە کۆمەڵگەیەکی کراوە و دیموکراسی و لیبراڵی، بوونە کۆمەڵگەیەکی خۆسەپێن و داخراو و ناسەقامگیر، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە. هەروەها دەستتێوەردانی دەرەکی لە سەردەمی شەڕی سارددا و دواتر بەم دواییە وەك داگیرکردنی عێراق، دۆخەکەیان ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز کرد.

*** ئەگەر باس لە هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێران بکەین، ئەوا دەبینین سعودیە وەبەرهێنانێکی زۆری کردووە لە هەناردەکردنی بیروباوەڕی وەهابیەت و ئێرانیش بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە شۆڕش هەناردەی وڵاتانی دەوروبەر بکات، کە ئەمەش بۆتەهۆی قووڵکردنەوەی جەمسەرگیری تایفەگەری لەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك هەوڵەکانی ئەم دوو وڵاتەدا بەم ئاڕاستەیەدا دەبێتەهۆی دروستبوونی شەڕێکی بێ کوتایی؟**

- من ناڵێم شەڕی بێ کۆتایی، چونکە هیچ شتێك بێ کۆتایی نییە. بەڵام ئەوە ڕاستە کە سعودیە و ئێران وەك دوو هێزی ناوچەیی هەوڵی ئەوە دەدەن سنووری دەستڕۆیشتوویی خۆیان بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیان درێژ بکەنەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی سعودیە خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەیە، ئەوا لەلایەن ڕۆژئاواوە و بەتایبەتی ئەمەریکاوە پشتیوانی کراوە. کەوابێت ئەوە ڕاستە کە ئەم دوو وڵاتە سیاسەتێك پیادە دەکەن کە دەبێتە مایەی ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەواتە نابێت ئۆباڵی هەموو ناسەقامگیرییەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخەینە ئەستۆی هێزە ڕۆژئاواییەکان، بەڵکو هێز و دەستەبژێری مەحەلیش هەن کە بوونەتە سەرچاوەی ناسەقامگیری.

*** هەر لە پێوەندی بەم پرسەوە ئێمە ئەوەمان بەدی کرد کە وڵاتانی کەنداو، بەتایبەتی سعودیە، هەروەها ئیسرائیلیش گوزارشتیان لە نیگەرانی خۆیان کرد لە دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی گروپی (٥ + ١) لەگەڵ ئێراندا، پێیانوابوو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیگەرانییە**

**ئەمنییەکانی ئەوان لەبەرچاو نەگیراوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟**

- ئەگەر لە سیاسەتی دەرەکیی دەیەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا بڕوانین، ئەوا دەبینین کە وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل زیاد لە شایستەیی خۆیان هاوکاری کراون لەلایەن ئەمەریکاوە. لەبەرئەوە سەیرە کە گلەیی لە ئەمەریکا بکەن دوای ئەوەی بۆ چەندین ساڵ بەهرەمەندبوون لە پشتیوانی دارایی و لە پارێزگاری ئەمەریکا. ئەمەریکاش گەمەی خۆی دەکات لە ناوچەکەدا کە ڕەنگە بەلای ئەم لایەن، یان ئەو لایەندا بیشکێنێتەوە.

*** ئەی ڕاتان چییە بەرامبەر ئەو بۆچونەی پێیوایە ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکشێتەوە و زیاتر ڕوودەکاتە ئاسیا؟**

- لە ماوەی ١٠ بۆ ١٥ ساڵی ڕابردوو، واتە لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، ئەمەریکا دارایی و توانایەکی سەربازی زۆری لەم ناوچەیەدا خستەگەڕ، سەرەتا لە ئەفغانستان و دواتر لە عێراق و ئێستاش جارێکی دیکە لە عێراق و سووریا. بەڵام زەحمەتە ئەمانە بە سیاسەتێکی سەرکەوتوو وەسف بکەیت، تەنانەت لە ڕوانگەی ئەمەریکاشەوە، چونکە داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا جڵەوی بۆ هەموو هێزە تێکدەرەکان شل کرد لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمەریکا ناچاربوون بە وردی بیر لە ئەگەری دووبارە تێوەگلان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەنەوە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ئەمەریکا وەك ڕابردوو تاکە سوپەر پاوەر نییە و لە داکشانێکی لەسەرخۆدایە و تواناکانی خۆی زیاد لە ئەندازە بەکارهێنا، بەتایبەتی لەسەردەمی سەرۆکایەتی بوشدا.

*** ئەوەی پێوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبێت، ئەوا تاوەکو ئێستا ئەم وڵاتە خۆی لە کێشەکانی ناوچەکەوە تێوەنەگلاندووە، ئایا ئیسرائیل لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە ئەم هەڵوێستەی وەرگرتووە و ئایا ئیسرائیل سوودمەندی سەرەکییە لەم بارودۆخەی ئێسا لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت؟**

- کاتێك بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد و دیکتاتۆرە عەرەبەکان ڕووخێنران، ڕەنگە ئیسرائیل هەستی بە نائاسوودەیی کردبێت، چونکە ئەو دیکتاتۆرانە سەقامگیری ناوچەکەیان دەپاراست. لە ڕاستیشدا بەهاری عەرەبی سەرەتا بە شێوەیەکی ئیجابی دەستی پێکرد و دواتر داخزا بەرەو توندوتیژی سیاسی و ئیسرائیلیش دوورەپەرێزی گرت، کاتێك وڵاتانی وەك سوریا و لیبیا و عێراق گەیشتە دۆخی تەقینەوە. لە ئێستاشدا کێشەی فەلەستین بە بەراورد بە کێشەی سووریا و عێراق گرفتێکی بچووکە و ئیسرائیل بەردەوامی بە دروستکردنی کۆمەڵگە نیشتەجێکان دەدات.

*** ئەوەی پێوەندی بە شەڕی داعشەوە هەبێت، ئەوا ڕەخنەی ئەوە لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا دەگیرێت کە تەنیا جەخت لەسەر تێکشکاندنی داعش بە شێوەی سەرازی دەکاتەوە و ئەو هۆکارانە فەرامۆش دەکات کە لە بنەڕەتدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە لە ئارادایە کە پشتیوانی بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی سیاسیدا، وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا ڕوویدا. پێدەچێت خودی داعش سیاسەتێکی گرتبێتەبەر کە هانی ڕۆژئاوا بدات بۆ ئەوەی کاری تۆڵەسەندنەوە ئەنجام بدات. کەواتە ڕەنگە کەسانێك هەبن لە ڕۆژئاوا کە باوەڕیان وابێت بەکارهێنانی هێزی سەربازی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی داعش، لە هەمان کاتدا ڕەنگە ئەمە خزمەت بە سیاسەتی داعش بکات کە ڕۆژئاوا پتر ڕابکێشێتە ناوچەکەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی پڕوپاگەندەکەی کە گوایە جۆرێك لە پێکدادانی شارستانیەت لە ئارادایە لە نێوان جیهانی ئیسلامی و ڕۆژئاوادا.

*** ئایا باوەڕتان وایە کە هۆکارە ڕیشەییەکانی دروستبوونی داعش بۆ پەراوێزخستن و بێبەشکردنی سوننەکانی سووریا و عێراق دەگەڕێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بووە هۆی دروستبوونی گرژیی ناوخۆیی و هەوڵی دەرەکی کە هەردووکیان ئامانجیان بەدەستهێنانی باڵادەستی بوو لە عێراقدا، هەوڵی ئەو کاراکتەرانە، بەتایبەتی کە عێراق لە بونیادنەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخ فەشەلی هینا، ڕەنگە لە ئەنجامی ئەوەشدا داعش دروست بووبێت. هەروەها نابێت وا وێنای دۆخی سەردەمی سەدام حوسێن، یان حافز ئەل ئەسەد بکەین کە کۆمەڵگەیەکی کراوە و دیموکراسی لە ئارادا بوو، بە دڵنیاییەوە وا نەبوو، بەڵام داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەرگای کێشەکانیان والاکرد.

*** چۆن لە شەڕی کوردستان لە دژی تیرۆریستانی داعش دەڕوانیت و ئایا پێتوایە ئەمە شەڕێکە لە پێناوی بەها مرۆڤایەتییەکاندایە و پێویستە ئەم هەوڵانە کوردستان بەرز بنرخێندرێن، بەتایبەتی کە ئێستا ئەم هەرێمە لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییدایە؟**


بە دڵنیاییەوە کورد خەونی ئەوەی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی هەبێت، بەلای کەمەوە لە سەروەختی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، کە لەو سەروەختەشدا بەڵێنێکیان پێدرا لەلایەن ڕۆژئاواوە کە دواتر جێبەجێیان نەکرد. بە دڵنیاییەوە کوردیش وەك کاراکتەرەکانی دیکەی ناوچەکە خوازیارە لە پانتاییەکی بەدەستەوە بێت کە ڕێکخستنێکی سیاسی تێدا بەرقەرار بێت و پتر مایەی ڕەزامەندی ئەوان بێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کوردستان لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتدایە لە دەوروبەرێکی دژواردا.

**دەبێت ئامانجی سەرەکی دەوڵەت دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی خەڵک بێت، بەڵام بە داخەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، نوخبەیەک، یان گروپێکی تایفەگەری دەستیان بەسەر دەوڵەتدا گرت کە لەبەرژەوەندی خەڵکدا کاری نەکرد**

**ئەگەر ئێمە لە ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق بڕوانین، ئەوا ڕاستە بە شێوەیەکی ڕەسمی دانی پێدانەنراوە، بەڵام وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ هەڵدەسووڕێت**

**ئەو ناکۆکییە تایفەگەرییەی لە ئارادایە، هۆکارێک نییە بۆ ناسەقامگیری سیاسی، بەڵکو وەک ئامرازێک بەکارهێنراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ لە کێشە سیاسییەکان**

# ڕیفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی لە کوردستان



مەیادە محەمەد نەجار*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕیفراندۆم شێوازێکە لە شێوازەکانی بەشداریکردنی هاووڵاتییان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، بە یەکێك لە ڕێگاکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ دادەنرێت و دەرفەتی ئەوە بۆ جەماوەر دەڕەخسێنێت، کە لەبارەی پرسێکی دیاریکراو، بە بەڵێ، یان بە نەخێر دەنگ بدەن، ئەم شێوازەی دەنگدان لە چەند وڵاتێکی وەك سویسرا و وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان و زۆر لە وڵاتانی ئەورووپا بە زۆری بەکاردێت.

ماوەیەکی زۆرە لەهەرێمی کوردستان پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم یەکێکە لە پرسە هەنوکەییەکان، لەساڵی ٢٠٠٥ یەکەم ئەزموونی ڕیفراندۆم بینرا و تاقیکرایەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕیفراندۆم گرنگییەکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی پرسێکی چارەنووسسازەو کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی میللەتەکەمان و داهاتووەکەی دەبێت، واتا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستاندا مێژوو بۆ خۆی تۆمار دەکات.

دواتر بۆ شیکردنەوەی زیاتری بابەتەکەمان، پێم باشە دیراسەیەکی ورد لەسەر چەمکی ڕیفراندۆم بکەین کە لەم قۆناغەدا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆتە پایەیێکی گرنگ بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە سیاسییەکان، ئەگەرێکی زۆریشی هەیە کە ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەتایبەتی کە جاڕدانی سەربەخۆیی نزیك بۆتەوە.

بێگومان بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ڕیفراندۆم پێویستە شیکردنەوەیەکی ورد بۆ ئەو وشەیە بکەین و لە ڕووی فەرهەنگی سیاسییەوە تێگەیشتنێکمان بۆ ئەم وشەیە هەبێت. ڕیفراندۆم شێوازێکی بەشداریکردنی هاووڵاتییانە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، واتا شێوازێکی نوێیە بۆ گەیاندنی دەنگی دەنگدەر بۆ ئەو سندووقەی کە بڕیاری سیاسی بەرهەم دەهێنێت و باشترین ڕێگەکانی دیموکراتی بۆ گەیاندنی دەنگی هاووڵاتی، بێگومان ئەوەی ڕیفراندۆم لە هەڵبژاردن جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ڕیفراندۆم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت.

لە ڕووی یاساییەوە ڕیفراندۆم بە یەکێك لە شێوازە نوێیەکان دادەنرێت کە میللەت بتوانێت دەنگی خۆی بگەیەنێتە دەسەڵاتی پێوەندیدار. ڕیفراندۆم ئامرازێکی شارستانییە کە لە نێو جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا وەك پرەنسیپێکی دیموکراتی ڕێزی لێدەگیرێت و لە زۆر بواردا بەکاردەهێندرێت و، متمانە بەئەنجامەکەی دەکرێت و لە گەلێك کایەدا پشتی پێدەبەسترێت، بەتایبەتی کە کاریگەریی ئەرێنییانەی لە بواری چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکاندا دەرکەوتووە و بۆتە مایەی هێمنی و بنبڕکردنی شەڕی نێوان نەتەوە جیاجیاکان. ڕیفراندۆم پرۆسەیەکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پێشینەی هەیە، لە ڕووی یاساییەوە ڕیفراندۆم مافێکی ئاسایی هاووڵاتیانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

ڕیفراندۆم وەك هەر کارێکی سیاسی بۆ بڕیاردانی چارەنووس، بۆ ئەوەی ببێتە واقیع، پێویستی بە ئاوێتەبوون و کارلێکی هۆکارە بابەتی و خۆییەکان هەیە تا ڕادەی پێگەیشتن، بەشێکی تر لە توێژەرانی بواری سیاسی پێیانوایە ڕیفراندۆم پرۆسەیەکە یان کارێکە لە توانادایە بکرێت و ببێتە واقیعێکی بەرچاو، هەرچەندە زۆر جار ئەو بڕیارانەی کە لە ڕیفراندۆمەوە دەردەکرێن، بڕیاری هەتاهەتایی و چارەنووسسازن، ئەوەی گرنگە ڕیفراندۆم سەرەتا لە سنووری مومکین و ئەگەرێکدایە و بەیارمەتی کۆمەڵێك هۆکار و لە جووڵانەوەی خۆیدا بەرەو پێشەوە مەرجەکانی پێدەگات و لە چرکەساتی هەماهەنگیی هەموو مەرجەکاندا پێکەوە دەگاتە مەبەست و ئامانجەکانی و ئەوەی مومکین و ئەگەر بوو بە واقیعێکی هەستپێکراو دەگۆڕێت. واتا ڕیفراندۆم شێوازێکی بەشداریکردنی هاووڵاتییانە لە دروستکردنی

بڕیاری سیاسیدا و بە یەکێك لە ڕێگاکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ دادەنرێت ودەرفەتی ئەوە بۆجەماوەر دەڕەخسێنێت کە لەبارەی پرسێکی دیاریکراوەوە بە بەڵێ، یان نەخێر دەنگ بدەن.

## ● مێژووی ڕیفراندۆم

زۆربەی سیاسەتمەدارانی جیهانی دیموکراسی پێیانوایە ڕیفراندۆم باشترین و پۆزەتیڤترین هەنگاوی سیاسییە لە قۆناغەی ئەمڕۆی جیهاندا، چونکە بە یەکێك لە باشترین ڕێگاکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ دادەنرێت و فۆرمی ڕاستەقینەی دیموکراسییە و سەرجەم چاودێرانی بواری سیاسەت ڕیفراندۆم بە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ لەقەڵەم دەدەن، چونکە دەبێتە هۆی بەرینکردنەوەی ڕێژە و ئاستی بەشداریکردنی سیاسیی هاووڵاتیان و لە ژیانی سیاسی و پرۆسەکانی بەڕێوەچوونی دیموکراسی بووندا.

ڕیفراندۆم لە چەندین وڵاتی دیموکراتیی جیهان وەك سویسرا و وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان بەزۆریی بەکاردێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەك بەریتانیادا کەمتر هانای بۆ دەبرێت. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، زۆرجار لە ویلایەتەکاندا دەکرێت. ڕیفراندۆمکردن مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ئەوروپادا و وەك سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی پێدەکەن لە دامەزراوە دیموکراسییەکانی یۆنانی دێریندا هەبووە، هەروەها لەلایەن میرنشینەکانی وڵاتی ئەڵمانیای کۆنەوە بەکارهاتووە، بەشێکی تر لە مێژوونووسان پێیانوایە کە لە وڵاتی ئینگلتەرای نوێشدا ڕیفراندۆم هەبووە، هەروەها لەسەردەمێکی زووشەوە لە سویسرا ئەنجامدراوە، واتا بەشێك لە وڵاتانی جیهان مێژوویەکیان لە جێبەجێکردنیدا هەیە.

## ● جۆر و شێوازەکانی ڕیفراندۆم

ڕیفراندۆم لە ڕووی پراکتیکی جێبەجێکردندا چەندین فۆرمی جیاوازی هەیە. لێرەدا بەکورتی جۆرەکانی شیدەکەینەوە کە بریتین لە:

یەکەم: (ڕیفراندۆمی داواکراو)، ئەویش کاتێك داوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەکرێت و ئیمزای بۆ کۆدەکرێتەوە، واتا لەم جۆرەدا ڕیفراندۆم بۆ داواکاری بابەتێکی دیاریکراو دەکرێت.

دووەم: ئەو جۆرەی ڕیفراندۆم کە بۆ دیاریکردنی پرسێك بخرێتەبەرکار، دەخرێتەڕوو بۆ ئەوەی جەماوەر رای خۆی لە بارەیەوە بدات، بۆ ڕەشنووسی دەستوور، یان یاسایەکی بنەڕەتی، لە نموونەی ڕیفراندۆمەکەی ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٥ کە لە عێراق بەڕێوەچوو، تاقیکردنەوەیەکی ناوخۆیی بوو.

سێیەم: زۆر جار ڕیفراندۆم بۆ دەنگدان لەسەر ئەو کردانە دەکرێت کە پێشتر ئەنجامدراون، بەمەبەستی زانینی بۆچوونی جەماوەر بەرامبەریان و بڕیاردان لەسەر بەردەوامبوون، یان هەموارکردنی، لە نموونەی ئەو ڕیفراندۆمەی ماوەیەك لەمەوبەر لەهەرێمی کیوبیکی کەنەدا ئەنجامدرا بۆ بڕیاردان لەسەر سەربەخۆیی وەرگرتنی هەرێمە فەرەنسییەکە، یان مانەوەی لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا.

چوارەم: جۆرێکی تری ڕیفراندۆم بریتییە لەوەی کە دامەزراوەیەکی یاسایی دەخوازێت ڕەزامەندیی دەنگدەران بۆ یاسایەك بەدەست بهێنێت، بەرلەوەی بەرکاربخرێت، واتا ئەم یاسایەی کە باسدەکرێت بەر لەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەخرێتە ڕیفراندۆمەوە، ئەمەش لە زۆر وڵاتی جیهان پەیڕەو کراوە و سەرکەوتوو بووە، ئەوە پێی دەوترێت ڕیفراندۆمی ئیختیاری، واتا لەسەر ئەم بنەمایە کار لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە دەکرێت.

## ● مەرجە یاساییەکانی ڕیفراندۆم

بێگومان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پێویستی بە کۆمەڵێك یاسا هەیە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، یاساکانیش لە چەندین شێوازی جیاوازدان کە لێرەدا شیان دەکەینەوە.

یەکەم: ڕیفراندۆم بۆ ئەنجامدانی چەند هەنگاوێکی گرنگە کە دەبێت لە ڕووی یاساییەوە بکرێت.

ـ بەر لە دیاریکردنی ڕیفراندۆم دەبێت لێژنەیەکی دەستووری دەست بەکارەکانی بکات، ئەو لێژنەیەش دەبێت لە کەمترین ماوەدا بانگەشەیەك بۆ دەستنیشانکردنی سەرجەم هەنگاوەکانی ڕیفراندۆم بکات.

ـ هەروەها یەکێکی تر لە پڕەنسیپە گرنگەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفراندۆم ئەوەیە کە دەبێت لە کاتی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە ڕیفراندۆمدا بەشێوەیەکی پێوەرانە هاووڵاتیان بەشداری بکەن.

ـ مەرج نییە سەرجەم هاووڵاتیان بەشداری ڕیفراندۆم بکەن، واتا ڕیفراندۆم زیاتر ڕێژەییە.

دووەم: پێویستە ئەو هاووڵاتیانەی کە بەشداری لە ڕیفراندۆم دەکەن، دەبێت تەمەنی یاساییان هەبێت، جا ئەو تەمەنە بەپێی یاسای ئەو دەوڵەتە دەستنیشانکراوە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وەك تەمەنی دەستنیشانکراو مەرجە هەموو بەشداربووان تەمەنیان لە سەرووی (١٨) ساڵ بێت.

سێیەم: پێویستە کاتێك ڕیفراندۆم دەستنیشان دەکرێت لە ڕووی یاساییەوە ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی بەرلەو ماوەیە هەموو هاووڵاتیان بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی بتوانن بەشداربن، تەنیا لەهەندێك حاڵەتەدا ڕیفراندۆمەکە بە یاسایەکی دیاریکراو تەمەنی دیاریکراو دەستنیشان دەکات.

چوارەم: دەنگدان بە ڕیفراندۆم لە زۆربەی کاتەکاندا بە نهێنی دەبێت، تەنیا لەچەند حاڵەتێکدا بەئاشکرا دەبێت، شێوازی نهێنی بۆ ئەوەیە سەرجەم هاووڵاتیان بتوانن بەبێ هیچ کێشەو گیروگرفتێك بەشداری بکەن.

پێنجەم: پێویستە دەزگا نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی

**سەرۆک مەسعود بارزانی لەهەوڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدایە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکان پشتگیری هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن**

**لە هیچ دۆخێکدا نابێت ململانێی سیاسی ڕێگربێت لەبەردەم پرۆسەی ڕیفراندۆمدا، بەتایبەتی لەم دۆخەدا کە دەرفەتێکی گرنگ و بەهێز لەبەردەم گەلی کوردستاندایە بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات**

ڕاستەوخۆ ئاگاداری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بن بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی گشتیگر ئاگاداری ئەم پرۆسەیە بن، لەروویەکی ترەوە پێویستە نوێنەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی (نەتەوەیەکگرتووەکان) ئامادەی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم بن.

شەشەم: پێویستە بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەرنامەڕێژی بۆ هەموو کارەکان لە ڕووی یاساییەوە کرابێت بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم یاسایی بێت، واتا نابێت لەو مەرجانەی کە باسمان کرد، هیچ کامێکیان فەرامۆش بکرێت.

حەوتەم: بوونی کەش و هەوایەکی ئارامی سیاسی یەکێکە لە پرەنسیپەکانی سەرکەوتنی ڕیفراندۆم، چونکە ناکرێت لەکەش و هەوایەکی ناڵەباری سیاسیدا ئەنجام بدرێت، واتا زەمینەسازیی سیاسی پێویستە و دەبێت بەر لەهەر گۆڕانکارییەکی یاسایی لەکاتی ڕیفراندۆمدا ڕەوشەکە لەباربێت.

**● گرنگیی ڕیفراندۆم بۆ کوردستان**

ڕیفراندۆم لەم قۆناغەی ئێستادا گرنگییەکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە وا دەکات بەشێوەیەکی دەستووری و یاسایی کورد بڕیاری خۆی بدات. لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا ڕیفراندۆم پرسێکی مێژووییە بەتایبەتی کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان (سەرۆك مەسعود بارزانی) لەهەوڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدایە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکان پشتگیری هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن. لە هیچ دۆخێکدا نابێت ململانێی سیاسی ڕێگربێت لەبەردەم پرۆسەی ریفراندۆمدا، بەتایبەتی لەم دۆخەدا کە دەرفەتێکی گرنگ و بەهێز لەبەردەم گەلی کوردستاندایە بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، لەم کاتەشدا پرسی سەربەخۆیی لە هەموو پرسەکانی دیکە گرنگترە. ئێستا دۆخێك بۆ گەلی کوردستان هاتووەتە پێشەوە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا هیچ قۆناغێك بەقەد ئەم قۆناغە هەستیار نەبووە. وەك دەبینین زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان هەڵویستێکی پۆزەتیڤیان هەیە و پشتگیری ریفراندۆم دەکەن، بۆیە گرنگە ئاڕاستەی کورد بۆ ئەوە بێت کە بەرەو دەوڵەت و سەربەخۆیی هەنگاو بنێی. ناکرێت لەژێر هەر پاساوێك بێت، لایەنێك، یان چەند لایەنێك ئاڕاستەی گوتاریان ئەوە بێت کە تانە لە بابەتی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بگرن، چونکە دواجار ئەمە ئیرادە و ویستی خەڵکی کوردستانە، لەلایەکی ترەوە پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بەیەکەوە دەیانەوێت لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا چارەنوسیان دیاریکراو بێت، واتا سەرجەم ئاماژەکان هەنگاون بەرەو سەربەخۆیی و ریفراندۆم.

*** ماجستێر لە کارگێڕی کار**

■

**ڕیفراندۆم ئامرازێکی شارستانییە کە لە نێو جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا وەک پرنسیپێکی دیموکراتی ڕێزی لێدەگیرێت و لە زۆر بواردا بەکاردەهێندرێت و متمانە بەئەنجامەکەی دەکرێت و لە گەلێک کایەدا پشتی پێدەبەسترێت**

■

**ڕیفراندۆم گرنگییەکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی پرسێکی چارەنووسسازەو کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی میللەتەکەمان و داهاتووەکەی دەبێت**

# با ساڵی نوێ بکەینە ساڵی ژینگە لە قوتابخانەکاندا



**عەبدولڕەحمان سدیق**

■ بۆ گوڵان دەینووسێت

لە ئەنجامی زۆربوونی کێشە ژینگەییەکان لای خۆمان وەك ئەوەی لەجیهاندا روویدا پێش دەیان ساڵ لەگەڵ دەرکەوتنی شوێنەواری جەنگەکان و خراپ بەرەوپێشچوونی پیشەسازی و بیناسازی و داهێنانی چەندین مەکینەو دروستکردنی زۆرێك لە کارگەی نایاسایی و زیادبوونی لە رادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە و گوێنەدان بە چارەنووسی نەوەکانی ئایندە و زیادبوونی زۆری رووبەری خانووبەرە و کەمبوونەوەی رووبەری سەوزایی و کشانی ئاسۆیی شارەکان و زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگە و هۆکارەکانی گواستنەوە و تێکئالانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمیی هۆشیاریی

ژینگەیی و بایەخ نەدان بە شوێنەوارەکانی پڕۆژە ئەنجامدراوەکان و. هتد.

هەموو ئەمانە ئەوسا پاڵی بە زۆرێك لە توێژەر و کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە کە هەڵوەستەیەك بکەن لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا، بۆیە دەنگی نارەزایی و هاواری ترسناکیی و ئاگادارکردنەوە لە زۆر لاوە بڵند بووە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تادێت دەستە و کۆمەڵە و گروپ و لیژنە و وەزارەتی تایبەت بە ژینگە لە وڵاتان دێنەئاراوە، بەجۆرێك کە ڕۆژ نییە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان گۆڤار و بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگە و مەترسییەکانی پیسبوون نەکرێت.

هەرێمی ئێمەش لەسایەی دەستکردن بە پەرەپێدانی فراوان واچاوەڕوان دەکرێت لەماوەی ساڵانی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبوونی تێدا دەربکەوێت، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی قەرەباڵغ و پڕبوونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بە هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی سامانی سروشتی، بەکاربردنی بێ پلانی زانستی و ئاستێکی بەرزی هۆشیاری ژینگەیی و ژینگەی ڕۆشنبیرییدا.

بۆیە ئەرکی پاراستنی ژینگە و چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەشە لەهەمانکاتدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لەجاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتەئەستۆ، کە دەتوانرێت بە هۆیانەوە شوێنەوارەکانی مادده پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن، یان کەم بکرێنەوە.

پیسبوونی ژینگە ئەمڕۆ بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنووورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و پیسبوونی پێکهێنەرەکانی لەهەر شوێنێکی دنیادا، کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر شوێنەکانی تریش لەجیهاندا.

ئێمەش کە بەشێکین لەم دنیایە و لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە بەپێی تواناو لە سنووری زانیارییەکانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لە ڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

لەبەر گرنگیی پاراستن و چاککردنی ژینگە و بەمەبەستی پەرەپێدانی هۆشیاریی ژینگەیی و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بە ژینگەمان گەیشتوون، باش وایە ناوەندەکانی خوێندن ئارەزوومەندانە ماوەی خوێندنی ئەمساڵ بە ساڵی ژینگە ناو بنێن لە خوێندنگە و قوتابخانەکاندا و زنجیرە چالاکییەك رابگەیەنن لەم بوارەدا وەك ئەم چالاکییانەی لای خوارەوە:

١- پێشبڕکییەك بۆ هەڵبژاردنی باشترین دیزاینی لۆگۆ و دروشمی ساڵی ژینگە لە قوتابخانەکەدا.

٢- خەڵاتی باشترین سێ پێشنیازی کرداری بۆ جوانکردنی ژینگەی قوتابخانە.

٣- سازکردنی پێشبڕکێی دووبارە بەکارهێنانەوەی شتومەکەکان.

٤- ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی زانستی لە ڕۆژی ژینگەی کوردستاندا لە (١٦)ی مانگی نیسانی (٢٠١٧).

٥- ڕێکخستنی پێشبڕکییەك بۆ باشترین سێ پڕۆژەی کورتە فیلمی (٥) خولەکی لەبارەی ژینگەوە.

٦- پێشبڕکییەك بۆ هەڵبژاردنی باشترین سێ چالاکی هونەری و ئەدەبی تایبەت بەمنداڵان.

٧- ڕێکخستنی پێشانگەیەك بۆ ئەو بەرهەم و ئامێر و پێداویستییانەی کە هاوڕێی ژینگەن.

٨- دروستکردنی کتێبخانەیەکی بچووکی ژینگەیی و هاندانی قوتابیان بۆ پڕکردنەوەی بە کتێب و گۆڤارە ژینگەییەکان.

٩- ڕێکخستنی پێشبڕکێی پاکترین و جوانترین سێ پۆلی قوتابخانە بەپێی پێوەر و ستاندارده ژینگەییەکان .

١٠- هەڵبژاردنی باشترین سێ ڕێکخەری کەمپینی ژینگەیی تایبەت بە بوارێکی دیارکراوی ژینگە لە قوتابخانەدا.

١١- خەڵاتی باشترین سێ توێژینەوەی ژینگەیی بۆ قوتابیان وخوێندکاران.

١٢- پێشبڕکێیەك بۆ هەڵبژاردنی چالاکترین سێ مامۆستا لە بواری پاراستنی ژینگەی قوتابخانەدا.

تێبینی:

وەك میکانیزمێکی کردارییش بۆ ئاگاداربوون و سەرپەرشتیکردنی ئەم هەڵمەت و چالاکییانە وا باشە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە دەستەیەکی سەرپەرشتیار و ناوبژیوانی لە (٣) مامۆستای قوتابخانە دیار بکات.

### ستیڤانۆ بیانچینی شارەزای کاروباری ناوچەی بەلکان بۆ گوڵان:

# ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا بڕیاریاندا کۆسۆڤۆ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ

**ستیڤانۆ بیانچینی، پرۆفیسۆری مێژوو و سیاسەتی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتە لە زانکۆی بۆڵۆنا، شارەزای کاروباری ناوچەی بەلکانە، بەتایبەتی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووی هاوچەرخی یوگسلافیا و ئەو دەوڵەتانەی لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی یوگسلافیاوە دروست بوون. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند بوارێکی گرنگ دەدات، وەك سیاسەت و کەلتووری سیاسی لە بەلکان، جیوپۆلەتیکی بەلکان، مێژووی بەلکان لە سەدەی بیستدا و پێوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان لە دوای شەڕەکانی بەلکانەوە، بەتایبەتی پێوەندییەکانی بەلکان و ئیتاڵیا. بۆ تێڕوانین و قووڵبونەوەی زیاتر لە ئەزموونی بەلکان، کە لەبەریەك هەڵوەشانی دەوڵەت و دروستبوونی دەوڵەتی نوێی بەخۆوە بینی و بۆ زانینی ئەوەی تا چ ڕادەیەك ئەزموونی ئەو ناوچەیە سوودبەخش دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ناوچەی بەلکان سەرچاوەی دوو شەڕی گەورەی جیهانی بووە، دوای ساڵی ١٩٩١یش جارێکی دیکە بووە ناوچەیەکی کۆمەڵکوژی و جینۆساید، ئەم کێشەیەی کۆتایی نەهات تاوەکو سنوورەکان دووبارە دانەڕێژرانەوە، ئایا تا چەند بە بەلکانکردن بووە هۆکاری ئەوەی چەند دەوڵەتێکی تازە دروست بن و کێشەکە چارەسەر بێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی یوگسلافیای پێشوو، ئەوا ئەمە ئەنجامی بڕیارێك بوو کە لەلایەن یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکاوە دەرکرا، بڕیارەکەش ئەوەبوو کە پێویستە دەوڵەتە سەربەخۆکان لە چوارچێوەی ئەو سنوورە ئیدارییەدا بمێننەوە کە لەلایەن ڕژێمی کۆمۆنیستی پێشووەوە دامەزرێنرابوون، واتە ڕێگە نەدەدرا ئەو سنوورانە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. واتە سنوورە ئیدارییەکانی پێشوو وەك سنوورێکی نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، لە ڕاستیدا ئەمە هەر تەنیا بەسەر یوگسلافیادا جێبەجێ نەبوو، بەڵکو هەمان مامەڵە لەگەڵ چیکسلۆفاکیا و یەکێتی سۆڤیەتیشدا کرا. کەواتە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە سنووری ئەم سێ فیدراڵیەتە بە نەگۆڕی مانەوە، بۆ نموونە، سنووری نێوان بۆسنیا و کرواتیا و بۆسنیا و سربیا گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، واتە ئەگەر لە نەخشە بڕوانیت، ئەوا سنوورە ئیدارییەکانی سەردەمی حوکمڕانیی کۆمۆنیزم مانەوە.

*** کێشەکانی یوگسلافیای پێشوو دەریخست کە کێشە نەتەوەییەکان بە ئیحتیواکردنی چارەسەر ناکرێن، بەڵکو هەمیشە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو دەمێننەوە، کێشەکانیش تاوەکو جیاکردنەوەی سنوورەکان چارەسەر نەکران، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ناکرێت ڕێککەوتنی دایتون ببێتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان؟**

- لە ڕاستیدا سەرکەوتنی ڕێککەوتنی دایتون بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توانیی کۆتایی بە شەڕ بهێنێت، واتە لە دوای ڕێککەوتنی دایتونەوە خەڵکی



نەبوونە قوربانیی شەڕ. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نەهات کە ڕێککەوتنەکە کێشە ئیتنییەکانی یەکلاکردەوە، تەنانەت ڕێککەوتنی دایتون نەبووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی کارا پەرە بە حوکمڕانی بدرێت، چونکە بۆسنیا و هێرزۆگۆڤینیا دەوڵەتێکی شکستخواردووە. لە ڕاستیدا ڕێککەوتنی دایتون بۆسنیا و هیرزۆگۆڤینیای بە چەشنێك ڕێکخستەوە کە دوو قەوارەی تێدا دروست بێت، قەوارەیەکی بە مەرکەزیکراو و قەوارەیەکی بە نامەرکەزیکراو، کەواتە ئەم لاسەنگی و ئەم ناهاوسەنگییەی نێوان ئەم دوو قەوارەیە و ئەو دەسەڵاتانەی دراوە بە قەوارە نامەرکەزییەکە بە بەراورد بە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بۆتە هۆی ئەوەی لە ڕووی عەمەلییەوە مەحاڵ بێت بتوانرێت وڵاتەکە بەڕێوەببردرێت. بە شێوەیەك کە لە سەدا ٧٠ی بودجەی وڵاتەکە بۆ ئیدارەی گشتی دەڕوات، لەبەر ئەوە هیچ پیشەسازییەك لە ئارادا نیبە و گەشەی ئابووری و بەرهەمهێنان بوونیان نییە. هەروەها بارگرژی زیاتر هەیە، بۆ نموونە، لەم نزیکانەدا کۆماری سربیا هەوڵی ڕێکخستنی ڕیفراندۆمێك- لە پێناوی سەربەخۆییدا- دەدات، و دادگای دەستووریش بڕیاریدا کە ئەوە ڕیفراندۆمێکی نادەستوورییە، بەڵام ئەم قەوارەیە بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕیفراندۆمە، بێ ئەوەی گرنگی بەوە بدات کە دادگای دەستووری چ بڕیارێکی داوە. تەنانەت ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپاش ڕەخنەی توندیان لەم کار و بڕیارەی کۆماری سربیا گرتووە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی هەبێت. لەبەر ئەوە پێموا نییە ڕێککەوتنی دایتون بووبێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشە ئیتنییەکان، لەبەر ئەوە دەرکەوتنی ئەم کێشانە بە بەردەوامی کێشەی نوێ بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی دایتون دروست دەکات، کەواتە لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە ئەگەر باجی پاراستنی ژیانی خەڵك و بەردەوامبوونی ژیانی خەڵك بە شێوەیەکی ئاشتییانە بوونی حوکمڕانییەکی ناکارا بێت، ئەوا دەتوانین

**ئەوروپا بەرپرسیارێتی ئەو ڕەوشە ناسەقامگیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای بەردەکەوێت**

بڵێین کە ڕێککەوتنی دایتون سەرکەوتووە بووە، بەڵام ئەگەر بتەوێت مەسەلەکە وا بخەیتەڕوو کە حکومەتێکی کارات هەیەو ئاشتی بەرقەرارە، ئەوا دایتون چارەسەر نییە.

*** لەگەڵ ئەوەی کێشەی بۆسنیا نەبووە وانەیەك بۆ کۆسۆڤۆ، بەڵام دیسان دوای ئەو هەموو جینۆسایدە لە کۆسۆڤۆ ڕووی دا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بوو کۆسۆڤۆ جیابکاتەوە، ئایا بە ڕای ئێوە بە بەلکانکردنی چ پەیامێك دەداتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئایا مەبەستمان چییە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چونکە ئەوەی لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆ ڕوویاندا لەلایەن ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکاوەوە بڕیاری لەسەردرا، کە ئەو لایەنانەی بە تەنیا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێکناهێنن، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ڕووسیا و چین و وڵاتانی دیکە وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە قەڵەم نەدەیت. چونکە بۆردومانکردنی سربیا و مۆنتینیگرۆ بەهۆی بۆسنیاوە ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەگەڵ نەبوو، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، چونکە ئەو ڕەزامەندییە بەهۆی ڤیتۆی ڕووسیاوە بەدەست نەدەهات، لەبەر ئەوە ئەمە بڕیارێك نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەریکردبێت. بەڵکو بەشێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو. هەروەها من هاوڕانیم لەگەڵ بەشی یەکەمی پرسیارەکەتاندا کە بۆسنیا نەبووە دەرسێك بۆ کۆسۆڤۆ، چونکە پێموایە بووە دەرسێك. لەبەر ئەوەی کۆسۆڤۆ ئەو ڕاستییەی بۆ ساغ بۆوەوە کە تەنیا ئەو کاتەی شەڕدەکەن ئەمەریکا و ئەورووپا دەستێوەردان دەکەن، چونکە ئەمە هۆکاری دەستێوەردانیان بوو بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە بۆسنیا. لەبەر ئەوە ڕەخنەیان لە سەرکردەکەیان ئیبراهیم روگوڤا دەگرت کە سیاسەتێکی ئاشتییانەی گرتبووەبەر. بەو پێیە دەستیان دایە دروستکردنی ڕێکخراوی سەربازی و هێرشکردنەسەر پۆلیسی سربی و پۆلیسیش کاردانەوەی هەبوو، ئەمەش دۆخێکی خوڵقاند بۆ ئەوەی ئەمەریکا و ئەورووپا دەستێوەردان بکەن. بەڵام ئێستا کۆسۆڤۆ وڵاتێکی کارا نییە و هەندێ وڵاتی یەکێتی ئەورووپاش هەن کە دان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا نانێن، وەك ئیسپانیا و قوبرس و یۆنان و سلۆڤاکیا و ڕۆمانیا. لەلایەکی دیکەوە ڕووسیا هەیە کە پشتیوانی سربیا دەکات، لەبەر ئەوە دۆخێك لە ئارادایە کە یەکلا نەبۆتەوە. بەم دواییەش چەند ڕێککەوتنێك کراون- ئەگەرچی تا ئێستا پەسەند نەکراون و نازانین تا کەی دوا دەخرێت-، بە سەرپەرشتی کۆمیتەی ئەورووپا، یەکێکیان پەیوەستە بە سنووری مۆنتینیگرۆوە و ئەوی دیکەیان بە دروستبوونی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کەمینەی سربییەکانی باکوری کۆسۆڤۆ، دواخستنی ئەم ڕێککەوتنەش – لە پێوەندی بە کۆسۆڤۆوە- بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرلەمانی ئەم وڵاتە بە توندی ڕەتی دەکاتەوە.

*** ئایا تا چەند گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردن و جیاکردنەوەی ئەو قەوارانەی خوازیارن لە دەوڵەتاکانیان جیاببنەوە، وەك سۆماڵی لای لە سۆماڵ و هەرێمی کوردستان لە عێراقدا؟**

- لەڕاستیدا کاتێك کۆلۆنییە ئەورووپییەکان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی سەربەخۆییان بەدەست هێنا، ئەوا هێزە کۆلۆنیاڵیەکانی پێشوو و دواتر نەتەوە یەکگرتووەکانی بڕیاریان دا کە نابێت سنوورەکان بگوڕێن- ئەو سنوورە دەستکردانەی لەلایەن هێز کۆلۆنیاڵییەکانەوە سەپێنرابون- تەنیا لە ئەنجامی گفتوگۆی ئاشتییانەی نێوان لایەنەکانەوە نەبێت. بەتایبەتی ئەم حاڵەتە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێ دەبێت. لەم ڕووەوە کتێبێکی زۆر باش هەیە بە ناوی «The peace to end all the peace» لە نووسینی دەیڤید فرۆمکین، تەرخان کراوە بۆ پرسی داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بڕیاری دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان فەڕەنسا و بەریتانیای مەزن و ئەمەش هۆکاری ئەو هەموو بارگرژییەیە کە لەم ساتەوەختەدا لەو ناوچەیەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئێستاش سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سنووری دانپێدانراوی نێودەوڵەتین و ئەوەندی من ئاگاداربم وڵاتی فیدڕاڵی تێدا نییە، بە چەشنی یوگسلافیای پێشوو و چیکسلۆفاکیا و یەکێتی سۆڤیەت. هەروەها ناکرێت ئەو چارەسەرەی کە لایەن هێزە کۆلۆنیاڵییەکانی پێشووەوە بەسەر فیدڕاڵیەتی سۆشیالیستییەکاندا جێبەجێ کرا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە بکەیت، چۆن ئەم کارە لە سووریا، یان لە عێراق یاخود لە تورکیا، یان لە سۆمال ئەنجام دەدەیت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ڕێککەوتنێك هەبێت بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەك ئەوەی لە سوودانی باشوور بەدی هات، واتە دەبێت ئەم شێوازە بگریتەبەر ئەگەر بتەوێت دانپێدانانی نێودەوڵەتی

**نەک تەنیا چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو چارەسەرکردنی کێشەکانی باکووری ئەفریقیاش دەبێتەهۆی باشتربوونی ڕەوشی ئەمنیی ئەورووپا**

**ئیرلەندا دوای شەڕێکی خوێناوی و درێژخایەن لە بەریتانیا جیابۆوەوە، واتە بەریتانیا کە بە لانکەی دیموکراسی و ئازادی دادەنرێت، جیابوونەوەی ئاشتییانەی ئیرلەندای قبووڵ نەکرد**

بەدەست بهێنیت، بە پێچەوانەوە من چارەسەرێکی ئاشتییانە بەدی ناکەم بۆ ئەم کێشانە.

*** واتە پێتانوایە مەرج نییە ئەو جیابوونەوە و چارەسەرە شەڕ لە خۆبگرێت و دەکرێت بە ڕێگایەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا من تەواو بە گومانم لە گرتنەبەری چارەسەری ئاشتییانە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە لە ئەزموونی نێودەوڵەتیدا چەند نموونەیەکی کەمی دابەشبوون و جیابوونەوەی ئاشتیانەمان هەیە. واتە زۆربەی ئەزموونەکان ئەزموونی خوێناوی بوون. تەنانەت بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە پرسی سوودانی باشووردا دوای شەڕ هات و ئێستاش سوودانی باشوور لە دۆخێکی ئاشتیدا نییە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەیت کە دابەشبوونی ئاشتییانە ڕوودات، چونکە بنەمایەکی دیکە هەیە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە پەیوەستە بە سەقامگیری سنوورەکانی ئەو دەوڵەتانەی لە ئارادان، چونکە ئاشکرایە ناکرێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە سەربەخۆیی بەدەست بهێنیت، تاوەکو سنووری ئەو دەوڵەتانە نەخەیتە مەترسییەوە. ڕەنگە لە ئایندەدا مۆدێلی دیکە بێتەئاراوە، بۆ نموونە، بەریتانیا، کە ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئایا دوای دەرچوونی لە یەکێتی ئەوروپا، بەریتانیا وەك وڵاتێکی یەگکرتوو دەمێنێتەوە، یان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دابەش دەبێت بەهۆی سەربەخۆبوونی سکۆتلەندا و ئیرلەندای باکوورەوە، ئەمەش تەنیا وەك ئەگەرێك دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، چونکە لەم ساتەوەختەدا هیچ بەڵگەیەك لە ئارادانییە، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئیرلەندا دوای شەڕێکی خوێناوی و درێژخایەن لە بەریتانیا جیابۆوەوە، واتە بەریتانیا کە بە لانکەی دیموکراسی و ئازادی دادەنرێت، جیابوونەوەی ئاشتییانەی ئیرلەندای قبووڵ نەکرد.

*** ئاشکرایە سنوورەکانی بەلکانیش هەمان ئەو سنوورانەی سایکس پیکۆن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابەشکرد، بەڵام لە بەلکان پیرۆزی سایکس پیکۆ نەما، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەو پیرۆزییە نەمێنێت؟**

- هەموو شتێك ڕێی تێدەچێت، بەڵام من لەوە دڵنیانیم کە دەستێوەردانی دەرەکیش سنووری سەقامگیری لێبکەوێتەوە، ئەمە مەسەلەیەکی سەرەکییە، واتە تەنانەت دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکانیش زەمانەتی ئەوە ناکەن سنوورەکانی وڵاتێك سەقامگیر بن. ئەگەر ڕاشکاوبم لەگەڵتاندا، ئەوا تەنانەت سنوورەکانی ئێستای بەلکانیش بەو شێوەیە سەقامگیر نین کە پێشبینی دەکرێن، ئەمە سەرەڕای دەستێوەردانی دەرەکیش، چونکە چەند بزووتنەوەیەك هەن کە خوازیاری گۆڕینی سنوورەکانی ناوچەی بەلکانن، کە ڕەنگە ئەو گۆڕانکارییانەش بەتایبەتی بە زیانی بۆسنیا و مەکدۆنیا بشکێنەوە ئەگەر هاتوو گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی دروست بوو، ئەو گۆڕانکارییەش ئاشتییانە نابێت ئەگەر ڕوودات و بە تێڕوانینی من گۆڕینی سنووری ئەم دوو دەوڵەتە مەحاڵە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەدی بێت، ئەمە زۆر زەحمەت دەبێت. کەواتە تاوەکو نەتەوە یەکگرتووەکان بەشدار نەبێت و لایەنە پێوەندیدارەکانی کۆنەکاتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن و بگەنە ڕێککەوتن لەبارەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ سنوورەکان، ئەوا زەحمەتە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی چارەسەری ئاشتییانە بە دوای خۆیدا بێنێت. بۆ نمونە تا چ ڕاددەیەك دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە سعودیە و ئێران و ڕووسیا و ئەمەریکا بگەنە ڕێککەوتن لەبارەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە کاتێکدا تا ئێستا لەسەر پرسی دەوڵەتی فەلەستین ڕێکنکەوتوون.

*** ئێستا کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستەوخۆ بوونەتە کێشەی ئەوروپا، بەتایبەتی هاتنی پەنابەران و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لەلایەن داعشەوە، ئایا تا چەند چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خزمەت بە ئارامی و ئاسایشی ئەوروپا دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و ئەوەش ڕاستە کە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە هۆی باشتربوونی دۆخی ئەمنی و ئارامی ئەوروپا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ئەم ئامانجە بەدی بهێنرێت. هەروەها ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، چونکە نەك تەنیا چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو چارەسەرکردنی کێشەکانی باکووری ئەفریقیاش دەبێتەهۆی باشتربوونی ڕەوشی ئەمنیی ئەوروپا. کەوابێت گریمانەی ئەوە دەکەین و لە ڕاستیدا پێویستیشە کە ئەوروپا بایەخ بە چارەسەری ئاشتییانە بدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. هەروەها ئەوروپا بەرپرسیارێتی ئەو ڕەوشە ناسەقامگیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای بەردەکەوێت.

**تەواو بە گومانم لە گرتنەبەری چارەسەری ئاشتییانە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە لە ئەزموونی نێودەوڵەتیدا چەند نموونەیەکی کەمی دابەشبوون و جیابوونەوەی ئاشتیانەمان هەیە**

**بڕیاری دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیای مەزن و ئەمەش هۆکاری ئەو هەموو بارگرژییەیە کە لەم ساتەوەختەدا لەو ناوچەیەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە**

هوارد فێدیرسپیل
پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# پرۆسەی دروستکردنی ئینیتمای نیشتمانی لە عێراقدا سست و ناکارا و شکستخواردوو بووە

*** باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر داعشیش تێکبشکێندرێت، ئەوا عێراق دەبێتە وڵاتێکی ناسەقامگیر هاوشێوەی باشووری لوبنان کە ئێران هەوڵ دەدات بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدا بەدی بێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دروستبوونی دۆخێکی لەم شێوەیە تا چ ڕادەیەك لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کاریگەری دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا گروپێك لە ستراتیژیستەکان هەن کە باوەڕیان وایە ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە ئەو دۆخەی ئاماژەتان پێکرد بێتەئاراوە و سەرتاسەری ناوچەکە لە سووریاوە تا ئیسرائیل و تاوەکو عێراق ببێتە ناوچەیەکی ناسەقامگیر و لایەنە ڕکابەربەیەکەکان باڵادەست بن بەسەریدا و تێیدا حکومەتە لاوازەکان هەوڵی ئەوە بدەن یەکگرتوویی وڵاتەکانیان بپارێزن. کەسانێکی دیکە هەن باوەڕیان وایە کە ئەوە داعشە کە فاکتەری ناسەقامگیرییە و هەر کاتێك ئەم ڕێکخراوە تێکشکێندرا، ئەوا قەیرانی عێراق و سووریا چارەسەر دەبن و دەتوانرێت حکومەتگەلێکی سەقامگیر لەو وڵاتانەدا دابمەزرێندرێت. ئەمەریکا باوەڕی بە تێڕوانینی دووەمیانە و پێیوایە حکومەتێکی نیشتمانی بە پشتیوانیی سوننە و شیعە و کورد لە عێراقدا بەدی دێت. هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕاوێژکارە مەدەنی و سەربازییەکانی خۆی لەم وڵاتەدا هیشتۆتەوە بۆ ئەوەی لە ڕوودانی ئەمە دڵنیا بێت.


*** ئەگەر لە بارودۆخی عێراق بڕوانین ئەوا مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە ئەم وڵاتە ببێتە وڵاتی تاقم و لایەنەکان کە هەریەك لەو لایەنانەش میلیشیای خۆی هەبێت و ئێرانیش زۆرترین دەستڕۆیشتوویی هەبێت. چۆن ئەمەریکا دەتوانێت ڕێگری لە ڕوودانی ئەمە بکات؟**

- ئەگەر لە بارودۆخەکە بڕوانین ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم لێکدانەوەیە بۆ لایەنە شیعە و کوردییەکانی عێراق ڕاست و دروستە، بەڵام ڕەنگە ئەمە لە کۆتاییدا بەسەر سوننەکانیشدا بێت کاتێك لە دەستی داعش ڕزگار دەکرێن، ئەگەرچی ئەمەش دەرئەنجامێکی پێشوەختە نییە. چونکە نە ئەمەریکا و نە حکومەتی عێراق خوازیاری ڕوودانی ئەم بارودۆخە نین و کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە نیشتمانییەکان، وەك سوپا و دەزگای بیرۆکراسی، ئەویش بە ئامانجی دروستکردنی ئینیتمایەکی نیشتمانی لە وڵاتەکەدا، نەك دابەشبوونی تایفەگەری. ئەم پرۆسەیە تا ئێستا بە سستی بەڕێوەچووە، هەروەها ئەم پرۆسەیە ناکارا بووە و دووچاری چەندین شکست بۆتەوە، بەڵام ئەمە چارەسەرێکە کە سەرۆك ئۆباما خوازیاری هێنانەئارایەتی.

*** پێدەچێت هێزی قودسی ئێرانی کە لە ئێستادا شەڕی داعش دەکات، هێندەی داعش گروپێکی میلیشیایی بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە هێزی قودس ببێتە هەڕەشەیەکی سەرەکی لەسەر ناوچەکە؟**

- داعش تەنیا بەرپرسیارە لە خۆی، لەبەر ئەوە هیچ کۆت و بەندێکی لەسەر نییە. لە کاتێکدا کە هێزی قودسی ئێرانی تا ڕادەیەکی گەورە دەستی واڵایە، بەڵام لە کۆتاییدا لە ژێر کاریگەری ئێراندایە و ئێران دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، کە بە دڵنیاییەوە ئێران ڕێگا نادات هێندەی داعش سەربەخۆ بێت و بە ئەندازەی داعش ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە. لەبەر ئەوە دەبێت بە هەمان شێوەی هەوڵەکانی

■ **بەبێ بوونی کورد وەک پێکهاتەی سێیەم و سەرەکی لە عێراقدا، ئەوا ئەگەری مانەوەی دەوڵەتی عێراق وەک ئەگەرێکی لاواز دەمێنێتەوە**



هوارد فێدیرسپیل، پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆهایۆ، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگی وەك سیاسەتی بەراوردکار و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، پێشتر شرۆڤەکار بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بۆ تاوتوێکردنی دۆخی دوای تێکشکاندنی داعش و بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئێران و پرسی ڕکابەریی نێوان ئێران و سعودیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیکەی ئێران لە ناوچەکەدا ئیحتیوا بکرێت.

*** دەستڕۆیشتویی ئێران لە ناوچەکەدا مایەی نیگەرانییە، بەتایبەتی کە پشتیوانی ئەو هێزە مەحەلییانە دەکات کە بوونەتە هۆی هێنانەدی ئامانجەکانی ئێران و شەڕی بۆ دەکەن. ئایا ئەم دەستێوەردانەی ئێران ڕێگەخۆشکەر نییە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش؟**

- ئێران هێزێکی ئیقلیمییە و دەیەوێت ئەجێندای خۆی لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە هەمان ئەو کارانە دەکات کە دەوڵەتان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە ئەنجامیان دەدەن. هەروەها لەبەر ئەوەی ئێران خاوەنی حکومەتێکە کە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵبژاردووە وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، ئەوا لەلایەن هێزەکانی دیکەی ناوچەکەوە وەك هەڕەشە سەیر دەکرێت، بەتایبەتی کورد و عەرەب. بەڵام ئەگەر ئێران بە شێوەیەکی کەمتر دوژمنکارانە هەڵسوکەوت بکات، ئەوا ئەم هەڕەشەیە کاڵتر دەبێتەوە لە ڕوانگەی ئەوانەی دیکەوە، بەڵام پێدەچێت ئەوە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ بێت، واتە سەرەڕای بەرژەوەندی گەورەی هەندێ لایەنی مەدەنی لە ئێراندا کە هەوڵی ئەوە دەدەن کە سیاسەتێکی کەمتر دوژمنکارانە لەسەر ئاستی دەرەوە بگیرێتەبەر.

*** ئایا ڕۆڵی گەورەی کورد لە شەڕی داعشدا بەرز نرخێنراوە لەلایەن حکومەتی عێراق و ئەمەریکاوە؟**

- پێدەچێت فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکا بەڕاستی تێکۆشانی پێشمەرگە بەرز بنرخێنن لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و لە هەوڵەکانی لە باکووری سووریا و گوزراشت لەو بەرزنرخاندنەش کراوە بۆ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان. تەنانەت حکومەتی عێراقیش ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوە کە کورد پێکهاتەیەکی بەهێزە لە شەڕی دژ بە داعشدا، ئەگەر کەمتر گوزارشت لەم نرخاندنە دەکەن. هەرچۆنێك بێت، حکومەتی عێراق و ئەمەریکا پابەندن بە عێراقێکی یەکگرتووەوە و ترسیان هەیە لە پێدانی ئەندازەیەکی زیاتری خۆبەڕێوەبەری، یان دەسەڵاتی زیاتر بە کورد لە پرۆسەی حوکمڕانی، یان لە دروستکردنی هێزی بەرگریدا. چونکە بەبێ بوونی کورد وەك پێکهاتەی سێیەم و سەرەکی لە عێراقدا، ئەوا ئەگەری مانەوەی دەوڵەتی عێراق وەك ئەگەرێکی لاواز دەمێنێتەوە.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە سعودیە پشتیوانی سوننە بکات وەك ئامرازێك بۆ ئیحتیواکردنی ئێران؟**

- ئەمە ئەگەرێکی دوورە، لەبەر ئەوە سعودیە خوازیاری بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکە لەبەرامبەر ئەو پشتیوانییەی دەستەبەری دەکات. بە دڵنیاییەوە سعودیە دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا ئیحتیوا بکات، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدات ئامرازی گونجاو بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت. هەرچۆنێك بێت، داعش هەڕەشەیە بۆسەر ئەمەریکا و ئەوروپا، سعودیەش خوازیاری شەڕاکەتە، لەبەر ئەوە ئەو هێزانە خوازیاری کۆتایی هێنانن بە داعش. واتە سعودیە دووچاری هەڕەشەیەکی گەورە دەبێتەوە ئەگەر کار لەگەڵ داعشدا بکات و لە ئێستادا ئەگەرچی سەرکردەکانی سعودیە نائومێد بوون لە پێوەندیەکانی واشنتۆن بە تارانەوە، بەڵام دواجار ئەوە واشنتۆنە کە بەرگری لە سعودیە دەکات و ئەگەری ئەوەش نییە ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

**تەنانەت حکومەتی عێراقیش ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوە کە کورد پێکهاتەیەکی بەهێزە لە شەڕی دژ بە داعشدا**



### نێڤین ئەنجەلیک
### پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# سیاسەتی شیعەگەریی ئێران و عێراق بۆتە هۆکاری ئەوەی داعش بتوانێت سوننەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت

نێڤین ئەنجەلیك پرۆفسیۆری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤە لە زانکۆی ڕێجێنت لە لەندەن، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری دیراساتی ئەوروپی لە زانکۆی ساسیکس بەدەست هێناوە، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، لە نێویاندا سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی پەرەپێدان و مافەکانی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری گۆڕانی سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە و ئایندەی ئەو ململانێ تایفەگەرییەی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت، لەگەڵ پرسی بە خاوەن دەوڵەت بوونی کوردستان، گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

*** ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ژینگەیەکی لەبار بۆ قووڵبونەوەی کێشە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی ناوچەکە، ئایا چۆن جیهان ئەو سنوورانە بە پیرۆز دەزانێت لە کاتێکدا سەرچاوەی کێشەکان ئەو سنوورە دەستکردانەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك ئەو کێشانەی پەیوەستن بە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە، من هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا و چەندین سەرچاوەش ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەم ڕێککەوتنە هۆکارێکە بۆ ئەو کێشانە. من ئەوەش زیاد دەکەم کە ڕێکخستنەوەی دۆخی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی جێی ڕەزامەندی نەبووە، چونکە ئەگەری دروستبوونی حوکمڕانی دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا خوڵقاند. هەرچەندە دوای دروستبوونیان ئەم دەوڵەتانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبوونە خاوەنی سەروەری- بە چەشنی وڵاتە ئەوروپییەکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت بە تێپەڕبوونی کات حوکمڕانی دیکتاتۆری لەم ناوچەیەدا دامەزرێنرا و لەبەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیش ڕۆژئاوا چاوپۆشی لەم جۆرە حوکمڕانییانە کرد. پێموایە ئەمە گەوهەری کێشەیە و هەر کاتێکیش هەوڵدرابێت دیموکراسی لە ناوچەکەدا بەرەوپێش ببردرێت، پشێوی بە دوای خۆیدا هێناوە. لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە بە ڕادەیەکی گەورە بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی هێزە ڕۆژئاواییەکان. لە پێوەندی بە پیرۆز سەیرکردنی سنوورەکان، یاخود گۆڕینی سنوورەکانەوە، ئەوا ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بێت بە نەتەوەی کوردەوە، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە کە نەتەوەیەکی ئەوەندە مەزنە و بەسەر —بەلای کەمەوە- چوار دەوڵەتدا دابەش بووە، کە دوو دەوڵەتیان بەدەست ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنن و دوو دەوڵەتی دیکەیان لەلایەن حوکمڕانییەکی دیموکراسییەوە فەرمانڕەوایی ناکرێن، کەواتە ئەمە دۆخێکی تەواو دژوارە. من لەو باوەڕدا نیم کە عێراق وەك دەوڵەتێکی فرەئیتنی بەردەوام بێت کە خاوەنی سیستمێکی لیبراڵ دیموکراسی بێت. کەواتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت چ مۆدێلێك پیادە بکرێت لەلایەن ئەو نەتەوانەی لە عێراقدا نیشتەجێن، کە مایەی ڕەزامەندی هەمووان بێت و دۆخێك بخوڵقێنێت کە تێیدا پێکەوەژیانی ئاشتییانەی تێدا دەستەبەر بێت؟ ئێمە لەم میانەدا ئەو هەوڵانەمان بەدی کردووە کە خراونەتەگەڕ بە ئامانجی پێدانی جۆرێکی دیاریکراو لە خۆبەڕێوبەری بە کورد — لە باکووری وڵاتەکەدا-. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو پشێوی و ئاژاوەیە بەدی دەکەین کە لە ناوچەکە و عێراقدا هاتوونەتەئاراوە. لەبەر ئەوە لە پێوەندی بە پیرۆز سەیرکردنی سنوورەکانەوە من دەڵێم بۆ من ئاسانە کە لە لەندەنم و بڵێم پێویستە ڕێز لە سنوورەکان بگیرێت، بەڵام ئایا تێڕوانینی ئەو نەتەوانە چۆنە کە لەسەر ئەو سنوورانە دەژین و ڕووبەڕووی مەترسی و ناسەقامگیری و نائارامی دەبنەوە، کە ڕەنگە بەلای ئەوانە پێویست بە گۆڕینی ئەو سنوورانە بکات بۆ ئەوەی هەل و مەرجێکی باشتری ژیانیان بۆ دەستەبەر بێت و ئاسایش و ئارامی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانیان. بەڵام بە داخەوە سیاسەتی پیادەکراو ئەوەیە کە ڕێگە نەدرێت هیچ نەتەوەیەك لای خۆیەوە دەست بە گۆڕینی سنوورەکان بکات، چونکە گۆڕینی ئەم سنوورانە پشتیوانییەکی گەورەی دەوێت و هەل و مەرجە جیۆپۆلەتیکیەکەش دژ بە گۆڕینی ئەم سنوورانەیە لەم ساتەوەختەدا، کە ڕەنگە ئەمەش لە داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام لە ئێستادا ئەم دەرفەتە لە ئارادا نییە.

*** بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو زۆر پێداگیری لەسەر مانەوەی سنوورەکانی ناوچەی بەلکان کرد، کەچی سەرەنجام نەیتوانی ڕێگری لە گۆڕانکارییەکان بکات، ئایا پێتوانییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەروا دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە یەکێکە لە مۆدێلەکان کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت پیادە بکرێت، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە کاتێك کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی ڕاگەیاند، نزیکەی نیوەی دەوڵەتانی جیهانی دانیان پێدانا، واتە هێشتا نیوەی دەوڵەتانی جیهان ئیعتیراف بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ ناکەن و تەنانەت دەوڵەتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپاش هەیە کە دانپێدانان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ ڕەتدەکاتەوە، کەواتە لەم ڕووەوە هاوڕایی و ڕێککەوتنێك نییە. ئەوەی پێوەندی بە دەستێوەردانەوە هەبێت، ئەوا ئەم کارە لە لایەن ناتۆوە ئەنجام درا، بێ ئەوەی پشتیوانی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر بێت، ئەمە لە کاتێکدا لە دوو حاڵەتەدا جەنگ ڕەوایەتی هەیە، حاڵەتی یەکەمیان بەرگری لە خۆکردنە و حاڵەتی دووەمیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشە، کە هیچ یەکێك لەم دوو حاڵەتە لە پرسی کۆسۆڤۆدا بەدی نەهات، لەبەر ئەوە لەو کاتەوە گومان لە ڕەوایەتی و یاساییبونی دەستێوەردان لە سربیا و کۆسۆڤۆدا دەکرێت. تەنانەت ئەو کۆمیسۆنەی بە سەرۆکایەتی دادوەری ئیتاڵی، کاسێیەزێ، دامەزرێنرا، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەستێوەردان لە کۆسۆڤۆدا ڕەوایە legitimate بەڵام

**کوردستان تاکە هەرێمێکی عێراقە کە بە شێوەیەکی کارا هەڵدەسووڕێت، بەڵام بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی داهاتوو بۆ بەدەستهێنانی سەروەری و جیابوونەوە لە عێراق هاوپەیمانی بەهێزی پێویستە**

**ئەو سیاسەتە شیعەگەرایەی کە ئێران و شیعەکانی عێراق پشتیوانی لێدەکەن تا ڕادەیەکی گەورە بوونەتەهۆی ئەوەی داعش بتوانێت گەنجانی نێو پێکهاتەی سوننە لە عێراق و سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای خۆیدا ڕابکێشێت**

**سووریای ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر مایەی هیچ مەترسییەک نەبوو بۆ ئیسرائیل، بەڵام ئەم بارودۆخەی ئێستا بۆتەهۆی ئەوەی چەندین سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئیسرائیل دروست ببێت**

**تا ئێستا داعش ئیسرائیلی نەکردۆتە ئامانجی هێرش و پەلامارەکانی، لە کاتێکدا داعش چەندین کار و کردەوەی لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشدا ئەنجامداوە و بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامدانیان ڕاگەیاندووە. کەواتە ئەوە ڕاستە تا رادەیەک ئیسرائیل سوودمەندە لەم بارودۆخە**

**ئێستا ئێران سەرکردایەتی جیهانی شیعە دەکات و سعودیەش ڕێبەرایەتی فیکری وەهابی، لەلایەکی دیکەوە تورکیاش وەک دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە- کە ئەندامی ناتۆشە- ڕۆڵ دەبینێت و هەوڵی سەرکردایەتی جیهانی سوننە دەدات**

یاسایی legal نییە، کەواتە دەستێوەردانی دەرەکی و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی بەلکان ڕووبەڕووی ڕەخنەی گەورە دەبێتەوە لەلایەن ئایدیۆلۆژیا سیاسییە جیاوازەکانەوە. هەروەها پێموا نییە ڕێگاچارەیەکی باش بێت لەبەر ئەوەی ڕەنگە دەرگای پشێوی واڵا بکات، بۆ نموونە ئێوە لە سووریا بڕوانن و بزانن چەند نەتەوەی تێدایە، ڕەنگە بتوانین بڵێین لە عێراقدا سێ بۆ چوار نەتەوەی تێدایە، بەڵام لە سووریادا زیاترە، هەروەها چی دەکەیت لەبارەی لوبنانەوە؟ کەواتە بەکارهێنانی هێز نابێتەهۆکاری هێنانەئارای هەل و مەرجی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ، بەڵکو دەبێت ڕێککەوتن لە نێوان خەڵکانی نیشتەجێی ناوچەکە بکرێت، بۆ نموونە لە نێوان گەلانی نیشتەجێی عێراقدا.

*** هەندێك لە سەرچاوەكان ئاماژەی پێدەكەن سعودیە لە ساڵی ١٩٧٩وە تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلاری بۆ بڵاوكردنەوەی فیكری توندڕەوەی وەهابی خەرجكردووە، لە بەرامبەریشدا كۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای دامەزراندنیەوە تا ئێستا دروشمی سەرەكی بریتیی بووە لە هەناردەكردنی شۆڕش بۆ دەرەوە، كە بریتی بووە لە فیكری شیعەگەری، ئایا بەردەوامی ئەم ململانێیەی نێوان ئێران و سعودیە نابێتە فاكتەرێك بۆ ئەوەی شەڕێكی بێ كۆتایی لەم ناوچە گرنگەی جیهان بەردەوام بێت؟**

- من بە گرنگی دەزانم کە ڕۆژئاوا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینێت لەو ململانێی دەسەڵاتەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەدەچێت، وەك ئەوەی لە سووریا و لە عێراق و هەروەها لە لوبنان بەدی دەکرێت و دەکرێت یەمەنیش بگرێتەوە کە ئێستا توندوتیژی لەو وڵاتەدا هاتۆتەئاراوە، کە ئەم کێشانەش کاریگەرییان هەیە بەسەر سەرجەم نەتەوەکانی ناوچەکەوە. لەلایەکەوە دیکەوە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، ئێستا ئێران سەرکردایەتی جیهانی شیعە دەکات و سعودیەش ڕێبەرایەتی فیکری وەهابی، لەلایەکی دیکەوە تورکیاش وەك دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە- کە ئەندامی ناتۆشە- ڕۆڵ دەبینێت و هەوڵی سەرکردایەتی جیهانی سوننە دەدات، کەواتە دەبینین سێ دەوڵەت لە هەوڵی ئەوەدان جڵەوی سەرکردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرنەدەست، بەڵام من لەوە باوەڕەدا نیم کە هیچ یەکێك لەم دەوڵەتانە بتوانێت بە تەواوەتی جڵەوی سەرکردایەتی بگرێتەدەست بە چەشنێك کە لە دەرەوەی دانی پێدابنرێت. ئەوەی باجەکەشەی دەدات خەڵکی ئاسایی و نەتەوە بچووکەکانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە دەستێوەردانی ڕۆژئاوا کارێکی پێویستە، بەڵام ئەمە لەلایەن ڕووسیاوە ڕێگری لێدەکرێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم کێشەیە لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیاوە چارەسەر بکرێت. بەڵام بەداخەوە سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئیدارەی ئۆباما خۆ بە دوورگرتن بووە لە دەستێوەردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامانجی چارەسەرکردنی شەڕ و ناکۆکییەکان. ئەمە لە کاتێکدا پوتین ڕۆڵی سەرکردایەتی بینی و ئەمەش ڕۆژئاوای ناچارکرد بۆ ئەوەی کار و کردەوەی جددی بگرنەبەر لە سووریادا، بەڵام هێشتا بە ئەندازەی پێویست نییە. کەواتە ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەو ململانێیەی لەسەر ئاستی ناوچەکە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی سەرکردایەتی لە ئارادایە، نابێتەهۆی ئەوەی هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانە بتوانێت ئەو ئەرکە بگرێتەئەستۆ، لە هەمان کاتدا ڕۆژئاواش وەك پێویست دەستێوەردان لەم ناوچەیە ناکات.

*** دیارە ئیسرائیلیش لەم هاوكێشەیەدا هێزێكی گەورەیە، بەڵام جۆرێك لە بێدەنگی هەڵبژاردووە، ئایا چی لە بێدەنگی ئیسرائیل دەخوێنێتەوە؟**

- بەم دواییە هەندێ ڕاپۆرتم خوێندەوە کە باس لەوە دەکەن تا ئێستا داعش ئیسرائیلی نەکردۆتە ئامانجی هێرش و پەلامارەکانی، لە کاتێکدا داعش چەندین کار و کردەوەی لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشدا ئەنجامداوە و بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامدانیان ڕاگەیاندووە. کەواتە ئەوە ڕاستە تا ڕادەیەك ئیسرائیل سوودمەندە لەم بارودۆخە، لەبەر ئەوەی کاراکتەرەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرقاڵن بە کێشەی خۆیانەوە. بەڵام من دەڵێم ئەم بارودۆخە هەڵگری هەندێ مەترسییە بۆ ئیسرائیل، چونکە ئێمە دەزانین کە سووریای ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر مایەی هیچ مەترسییەك نەبوو بۆ ئیسرائیل، بەڵام ئەم بارودۆخەی ئێستا بۆتەهۆی ئەوەی چەندین سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئیسرائیل دروست ببێت و ئیسرائیلییەکانیش نازانن چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو سەرقاڵبوونەوەی کاراکتەرەکانی دیکە بۆتەهۆی ئەوەی کە کێشەی فەلەستین فەرامۆش بکرێت، لە کاتێکدا ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی توێژی گەنجانی عەرەب بەرەو ڕادیکاڵیەت بچن و ئەمەش بە بەرژەوەندی گروپەکانی وەك داعش دەشکێتەوە.

*** ئایا لەم ڕووەوە هیچ جۆرە نزیكبوونەوەیەك، یان هاوپەیمانێتییەكی ئەمری واقیع لە نێوان ئیسرائیل و سعودیەدا بەدی دەكەیت، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵات ئێران بە دوژمنی خۆیان دەزانن؟**

- ڕەنگە ئەو دوو وڵاتە بە یەك ئاڕاستە كار بكەن لە دژی دوژمنێكی هاوبەش، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم كە دۆستایەتی درێژخایەن لە نێوانیاندا دروست بێت. تۆ بڕوانە مێژووی ئەم دواییەی توركیا لەگەڵ ئیسرائیلدا، كە وڵاتێكی كەمتر ڕادیكاڵە لە ڕووی تەفسیركردنی ئیسلامەوە و پێشتر پێوەندی باشی هەبوو لەگەڵ ئیسرائیل و دواتر گۆڕا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەكی كراوە و جارێكی دیكە پێوەندییەكانیان ئاسایی بووەوە، واتە بە بەردەوامی ئەو پێوەندییانە لە گۆڕاندا بووە، كەواتە ئەگەرچی سعودیە و ئیسرائیل بە یەك ئاڕاستەش كار بكەن، ئەمە مانای دروست بوونی دۆستایەتی و پێوەندیەكی باشی درێژخایەن نییە لە نێوانیاندا.

*** هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش ئامانجی خۆی لە نەمانی داعش چڕكردۆتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو میلیشیایانەی ئێران لە ناوچەكە دروستی كردوون و بەردەوامیشە لە دروستكردنیان، بەهەمان شێوەی داعش كاری دڕندەیی ئەنجام دەدەن و پاشانیش بڵاوی دەكەنەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر كارە دڕندەكانی داعش بوویێتە كار و كاردانەوە لە نێوان شیعە و سوننەدا، ئایا بە تەنیا تێكشكاندنی داعش چ سوودێكی هەیە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت سەرەتا ئەو دۆخە مەترسیدارە و خراپە لەبەرچاو بگرین كە زۆرێك لە خەڵكی عێراقی خۆیان تێدا بینیوە لە دوای كۆتاییهاتنی دیكتاتۆریەت لەو وڵاتەدا و ئەوەی پێی دەوترا پرۆسەی بە دیموكراتیزەكردن و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن گروپێك لە سیاسییەكانەوە كە دواتر كاری تۆڵەسەندنەوە ئەنجام درا و ژیانی خەڵكی تێكچوو و ئارامی و ئاسایش لە ئارادا نییە و سیستمێك نەبوو كە بەرگری لە خەڵك بكات و بیانپارێزێت، لەبەر ئەوە ئەوان بە دوای لایەنێكیدا دەگەڕان كە ئاسایشیان بۆ دەستەبەر بكات و لەو كاتەدا ئەو گروپانە لە ئارادابوون كە تەفسیرێكی ڕادیكاڵانەیان بۆ ئیسلام دەكرد، وەك داعش و گروپەكانی دیكە كە بانگەشەی ئەوەیان كرد پارێزگارییان لێدەكەن و ئەمەش كاردانەوەی باڵادەست بوونی شیعە بوو بەسەر عێراقدا. لە ڕاستیدا ئەمە پرسێكە پەیوەست دەبێتەوە بە مەسەلەی بە پیرۆز سەیركردنی سنوورەكانەوە- هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد-، ئەگەر ئێمە لە جیابوونەوەی پاكستان لە هیندستان بڕوانین، ئەوا ژمارەیەكی زۆری خەڵك بوونە قوربانی تێیدا و ڕاستە لە ماوەدای دووردا دوو دەوڵەتی تا ڕادەیەك سەقامگیری لێكەوتەوە، بەڵام هەمیشە ترسی هەڵگیرسانی شەڕ هەبووە لە نێوانیاندا كە هەردوو وڵاتیش خاوەنی چەكی ناوەكین، لەبەر ئەوە پێموایە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەكانی عێراق بۆ جیاكردنەوەی شیعە و سوننە و كورد ببێتەهۆی چارەسەركردنی كێشەكە، بەڵكو ڕەنگە ببێتەهۆی ئاڵۆزتركردنی كێشەكە لە ماوەدای نزیكدا. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەكە، ئەوا ڕاستە كە ئەو سیاسەتە شیعەگەرایەی كە ئێران و شیعەكانی عێراق پشتیوانی لێدەكەن تا ڕادەیەكی گەورە بوونەتەهۆی ئەوەی داعش بتوانێت گەنجانی نێو پێكهاتەی سوننە لە عێراق و سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای خۆیدا ڕابكێشێت.

*** كوردستانی عێراق كە ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیعە لە ناوچەكە، تەنیا ناوچەیە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی شەڕی تیرۆریستانی داعش ناكات، بەڵكو كوردستان بۆ بەرگریكردن لە بەها مرۆڤایەتی و دیموكراتی و پێكەوەژیان شەڕی تیرۆریستان دەكات، ئایا ئەم نموونەیەی كوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی سەربەخۆدا ڕەنگبداتەوە، نابێتە مۆدێلێكی باش بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- بە باوەڕی من ئەم ئەگەرە لە ئارادایە، لە ئێستادا جیهان باسی سۆماڵ ناكات، سۆماڵ وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆی خاوەن سەروەری دانی پێدانراوە، بەڵام لە واقیعدا وڵاتێكی لەم چەشنە، واتە وڵاتێكی خاوەن سەروەری و یەكگرتوو بوونی نییە، تەنیا ناوچەیەك لەم وڵاتەدا كە بە شێوەیەكی كارا هەڵسووڕێت بریتیە لە سۆماڵی لاند، بەڵام هیچ لایەك دانی پێدانانێت، ڕەنگە كوردستانیش – لە باكووری عێراقدا- هەمان حاڵەتی هەبێت، چونكە كوردستان تاكە هەرێمێكی عێراقە كە بە شێوەیەكی كارا هەڵدەسووڕێت، بەڵام بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی داهاتوو بۆ بەدەستهێنانی سەروەری و جیابوونەوە لە عێراق هاوپەیمانی بەهێزی پێویستە، بە شێوەیەكی سەرەكیش دەبێت ڕۆژئاوا و واشنتۆن دی سی بێت، توركیای ئێستاش لە سایەی سەركردایەتی ئەردۆغاندا – كە توركیاش ئەندامی ناتۆیە- بە توندی بەرهەڵستی دروستبوونی دەوڵەتێك دەكات لەسەر سنوورەكانی، كە توركیاش خۆی كەمینەی كوردی هەیە و تا ئەم دواییەش بە توركی شاخ دەناسران. لەبەر ئەوە پێموایە سەربەخۆیی ئەمری واقیعی كوردستان بۆ ماوەیەكی دیكەش بەردەوام دەبێت و بەهێز دەبێت و ڕەنگە لە ئایندەشدا كاتێك چارەسەرێكی بۆ كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگیرێتەبەر، یەكێك لە ئەگەرەكان هەنگاونان بێت بەرەو سەربەخۆیی تەواوی كوردستان.

**ئەمە كێشەیەكی گەورەیە كە نەتەوەیەكی ئەوەندە مەزنە و بەسەر –بەلای كەمەوە- چوار دەوڵەتدا دابەش بووە، كە دوو دەوڵەتیان بەدەست ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنن و دوو دەوڵەتی دیكەیان لەلایەن حوكمڕانییەكی دیموكراسییەوە فەرمانڕەوایی ناكرێن**

**ڕێكخستنەوەی دۆخی دوای جەنگی یەكەمی جیهانی جێی ڕەزامەندی نەبووە، چونكە ئەگەری دروستبوونی حوكمڕانی دیكتاتۆری لە ناوچەكەدا خوڵقاند**



## دکتۆر شەماڵ موختار سەرۆکی زانکۆی کوردستان بۆ گوڵان:

# ٦٥٪ی قوتابیانی دەرچووی زانکۆی کوردستان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن

**زانکۆکانی کوردستان تاچەند لەئاست زانکۆکانی جیهاندان؟ ئایا کردنەوەی زانکۆ ئەهلی و نموونەییەکان توانیوێتی ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە دەرچووانمان لە ئاست بازاڕی کار و سیستەمی بەڕێوەبردنی نوێدا بن؟ زانکۆی کوردستان دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر کردنەوەیدا تاچەند توانیوێتی ببێتە زانکۆیەکی نموونەیی؟ ئەم زانکۆیە بایەخ بە چ زانستێك دەدات و شێوازی وەرگرتنی قوتابیان و پسپۆڕایەتی لەم زانکۆیە چۆنە و پێوەندی لەگەڵ زانکۆ بەناوبانگەکانی وڵاتانی نەمسا و بەریتانیا چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەند بابەتێکی تایبەتمەند ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ دکتۆر محەمەد رەشید ناسراو بە (دکتۆر شەماڵ موختار) سەرۆکی زانکۆی کوردستان لە هەولێر سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** زانكۆی كوردستان یەكەمین زانكۆ بوو لە كوردستان كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك زانكۆیەكی جیهانی ناوزەد دەكرێت و خوێندن تێیدا بە زمانی ئینگلیزییە، ئایا ئەم زانكۆیە بۆ چ مەبەستێك دامەزراوە و جیاوازی لەگەڵ زانكۆكانی دیكەی كوردستان چییە؟**

- لەساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بیرۆكەی زانكۆی كوردستان دروست بوو، ئەمەش دوای ئەوەی تا كاتی راپەڕینی ١٩٩١ لە كوردستان تەنیا زانكۆی سەلاحەدین هەبوو، كە پێشتر ئەم زانكۆیە زانكۆی سلێمانی بوو، بە هۆكاری سیاسی گواستراوە بۆ هەولێر، تەنانەت ئەو كاتیش هیچ تایبەتمەندییەك بۆ ئەم زانكۆیە دانەنرابوو، ئەمەش كاریگەری خراپی لەسەر ئاستی پێشكەوتنی كردبوو، كاتێكیش پەرلەمانی كوردستان دامەزرا، بیرۆكەی دانانی چەند زانكۆیەكی دیكە دروست بوو، ئەوەبوو زانكۆی سلێمانی و پاشان زانكۆی دهۆكیش كرایەوە. لەو قۆناغەدا كە كوردستان دوو گەمارۆی قورسی نێودەوڵەتی و عێراقی لەسەر بوو، شوێنەواری توندی لەسەر ئاستی پێشكەوتنی زانكۆكان هەبوو، تاقیگە و باڵەخانەمان نەبوو، توانای كردنەوەی كۆلێژی نوێ و بەشەكانمان نەبوو، نەمان دەتوانی پێشبڕكێ لەگەڵ زانكۆكانی عێراق و جیهان بكەین، بۆیە بیرۆكەی دروستبوونی زانكۆی كوردستان لێرەوە دەستی پێكرد بۆ ئەوەی زانكۆیەكی نموونەیی لە كوردستان دابمەزرێت و بەهاوشێوەی زانكۆكانی جیهان دەسەڵات و تایبەتمەندێتی خۆی هەبێت و سەر بەهیچ دامودەزگایەكی حكومی نەبێت، تەنیا بەپێی رێنماییەكانی خوێندنی باڵای كوردستان و عێراق بەڕێوەبچێت، هاوكات قوتابیان بەشێوەیەكی كارامەو لێهاتوو ئامادەبكرێن بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشت بۆ دامودەزگاكانی حكومەت و كەلێنی نێوان خوێندن و بازاڕی كارو بەڕێوەبردنی دامودەزگاكانی حكومەت پڕبكاتەوە. زانكۆی كوردستان پەیڕەوی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی نوێ دەكات كە سیستەمێكە هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای ٢٠٢٠ی هەرێمی كوردستان كە وەزارەتی پلاندانان بەهاوكاری یەكێك لەكۆمپانیا بەناوبانگەكانی ئەمەریكا دایڕشتووە. بەڵێنیان بە قوتابیان داوە كە سەرجەم هەنگاوەكانیان لەپێناو خزمەتكردنی پرۆسەی پێگەیاندنێكی شایستەی قوتابی بێت و بە پەیڕەوی دڵنیایی جۆری شان بەشانی زانكۆكانی جیهان بەڕێوەبچێت، گەرچی لەم بارودۆخە سەختەدا ئاسان نییە، بەڵام بەپشت بەستن بەقوتابیانی خۆشەویست و وانەبێژان و كارمەندان ئەم كارە ئاسان دەبێت.

*** دوای كردنەوەی ئەم زانكۆیە زانكۆی ئەمەریكی لە عێراق و لە سلێمانی كرایەوە، بەم دواییەش زانكۆی ئەمەریكی كوردستان لە دهۆك كرایەوە، ئایا جیاوازی نێوان زانكۆی كوردستان و زانكۆی ئەمەریكی چییە، ئایا ئەو ستاندەرەی زانكۆی كوردستان كاری پێدەكات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جیاوازی لەگەڵ زانكۆی ئەمەریكی هەیە؟**

- زانكۆی كوردستان جیاوازی لەگەڵ زانكۆی ئەمەریكی هەیە، زانكۆی ئەمەریكی زانكۆیەكە زمانی خوێندنی ئینگلیزییە و لەهەموو جیهاندا هەیە، تەنانەت لەبەغداو وڵاتانی عەرەبیش هەیە، بەڵام زانكۆی كوردستان واتا زانكۆیەكە بۆ پێگەیاندنی كادیری لێهاتووی كورد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا رۆڵ ببینن لە پڕكردنەوەی ئەو كەموكورییانەی كە لەدامودەزگاكانی حكومەت هەیە، ئەم زانكۆیە هەموو كۆلێژێكی نییە، بەڵام ئەو كۆلێژانەی هەیەتی خاوەنی دەسەڵات و سیستەمی تایبەتی خۆیەتی و كادیری شارەزا پەروەردە دەكات بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا دەرچووانمان لە بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و زانستی كوردستان رۆڵ ببینن.

*** دیارە ئێستا زانكۆكان خەریكی خۆئامادەكردنن بۆ ساڵی تازەی خوێندن، زانكۆی كوردستان ساڵانە ژمارەیەك قوتابی وەردەگرێت، ئایا شێوازی وەرگرتنی ئێوە لەسەر بنەمای قبوڵ مەركەزی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، یا ئێوە مەرج و شێوازی تایبەتی خۆتان هەیە، ئایا مەرجەكان بۆ خوێندن لە زانكۆكەتان چییە؟**

- وەرگرتنی قوتابی لە زانكۆی كوردستان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و بەشێوازی نمرەیە و بە كوالیتییەوە قوتابی بۆی هەیە لە رێگەی ئۆن لاین فۆرمی خۆی وەربگرێت و پڕی بكاتەوە، واتا گەرچی رێنماییەكان جێبەجێ دەكەین، بەڵام وەرگرتنی قوتابی لە زانكۆكەمان بە شێوازی ناوەندی نییە، فۆرمەكەش بەپێی ئەو رێنماییانەیە كە ئێمە دامانناوە بۆ هەریەكێك لەكۆلێژەكان كە بەرزترین نمرەیان داناوە كە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو نمرانەی كە پێشبڕكێ بكات لەگەڵ زانكۆ حكومییەكان. هاوكات ئەو قوتابییەی پێشكەشی زانكۆی كوردستان دەكات، دەبێت بڕوانامەیەكی بەرزی زمانی ئینگلیزی هەبێت، هەروەها چاوپێكەوتنی لەگەڵ دەكرێت و ئەگەر سەركەوتوو بێت، كۆیەك نمرەی پێی دەدات و دەیباتە پێشەوە، واتا كێبڕكێ هەیە لەنێوان ئەو قوتابیانەی فۆرمی وەرگرتن پێشكەش دەكەن، پاشان ژمارەی وەرگرتن دێت كە لەهەر كۆلێژێك دەستنیشان كراوە، ئێمە بەدوای ژمارەی قوتابی ناگەڕێین، كەمترین ژمارە لە قوتابی

**بەرهەمی زانكۆ قوتابییە؛ هەربۆیە لەسەرەتادا لە بیرۆكەی ئەوەدا بووین قوتابییەك دروست بكەین باوەڕی بە كەسایەتی خۆی هەبێت و خاوەن بڕیاری خۆی بێت. پشتگیری و پاڵپشتیان دەكەین لەخوێندن و كارو ئیشەكانیان ئەمە وایكردووە خاوەن راوبۆچوونی خۆیان بن**

**ئومێدەوارم زانكۆكانی دیكەی پزیشكی چاو بە پرۆگرامی خۆیاندا بخشێننەوە بۆ ئەوەی پزیشكی نموونەیی دروست بكەین**

**كاتێك كۆلێژی پزیشكیمان كردەوە بۆ ئەوە بوو دەرچووانی كۆلێژی پزیشكی بتوانن كاریگەریان لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی تەندروستی هەرێمی كوردستان هەبێت، لەبەر ئەمەشە ئەو ژمارەیەی قوتابی كە لەم كۆلێژەوە وەردەگیرێت، زۆر كەمە، بۆ ئەوەی دەرچووانێك دروست بكەین كە نموونەی لێهاتوویی و كارامەیی بن**

**بەردی بناغەی زانکۆکەمان لەسەر سیستەمی بەریتانییە، واتە ئێمە ڕێگای زانکۆکانی بەریتانیامان گرتووە، هەربۆیە هەوڵی پێوەندیمان زیاتر لەگەڵ زانکۆکانی ئەو وڵاتەیە، لەگەڵ زانکۆکانی ئەمەریکا و کەنەداش پێوەندیمان هەیە لەوانە زانکۆی کارلتن کە توێژینەوەکانیشمان هەوڵ دەدەین لە گۆڤارەکانی خۆیان بڵاوی بکەنەوە**

**دەرچووەکانی بکالۆریۆسی ئێمە ئێستا لە دەرەوە لەزانکۆ بەناوبانگەکانی دنیا دەخوێنن و پێوەندیمان لەگەڵیان هەیە، لەوانە زانکۆکانی ئۆکسفۆرد و کامبریج و هارڤارد وەرگیراون، ئەمە بەڵگەیە بۆ نموونەیی ئاست و توانای دەرچووانمان کە لەدوای دەرچوونیانەوە لەسەر شەقام نین و هەلی کاری باشیان دەست کەوتووە**

**لە٦٥٪ی دەرچووانمان لەکۆمپانیاکان کار دەکەن و لە ١٠٪ لە دەزگاکانی حکومەت و لە٢،٥٪ لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و لە١،٥٪ لەخوێندنی باڵاو لە٤،٦٪ لەنەتەوە یەکگرتووەکان و لە٠،٥٪ لەدەرەوەی هەرێمن بەشێوەیەکی گشتی لەسەرووی لە ٩٠٪ی دەرچووانی زانکۆی کوردستان سەرقاڵی کارن**

وەردەگرین بە بەرزترین کوالیتی، ئەمساڵیش ڕێنمایی تازەمان دەرکردووە، بۆ نموونە یەکێك لە ڕێنماییەکان ئەوەیە ئەگەر قوتابی زمانی ئینگلیزی تەواو نەبوو، بۆ ماوەی ساڵێك دەیخەینە تاقیگەوە پێی دەڵێن (ڤاون دیشن) تاوەکو ئامادەی بکەین بۆ قۆناغی یەکی کۆلێژ لەدوای ئەمەش ئەگەر هاتوو قوتابییەکە زمانی نەگەیشتە ئەو ئاستەی ئێمە بۆ ماوەی ساڵێك دەیخەینە کۆرساتەوە.

*** ئایا ئێوە بەپێی کۆنمرەی قوتابی کورسییەکانی خوێندنتان دابەشکردووە، یان قوتابی دەبێت موقابەلەیەکیش بکرێت، ئایا ئەم موقابەلەیە هەموو بوارەکانی زانستی لە زانکۆکەتان دەگرێتەوە، یان چەند بەشێکی تایبەتە؟**

- لە زانکۆکەمان کورسیی خوێندنمان دیاری نەکردووە، بەڵکو کراوەیە و هەموو کەس دەتوانێت تەقدیم بکات، بەپێی ئەو مەرجانەی دیاریمان کردووە. یەکێك لەمەرجەکانمان دیاریکردنی نمرەیە بۆ نموونە بۆ کۆلێژەکانی ئەندازیاری لە نمرەی ٨٠ کەمتر وەرناگرین، هەرچەندە ئێمە ئەندامین لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو ڕێنماییەکانی وەزارەتیش جێبەجێ دەکەین، بەڵام ئەم زانکۆیە لەسەر بنەمای تایبەتمەند دروست کراوەو دەسەڵاتی خۆمان هەیە بۆ ئەو ڕێنماییانەی لەوەزارەتەوە بۆمان دێت خۆمان ڕێنمایی و کۆنمرەی تایبەتمان هەیە هەر بۆ نموونە بۆ کۆلێژە زانستە کۆمەڵایەتیەکان کە زانستی سیاسی و یاسای نێودەوڵەتی و بیزنس و پێوەندییەکان و تادوایی .. تێدایە بە کۆنمرەی سەرووی ٧٠ قوتابی وەردەگرین لەکاتێکدا لە زانکۆ ئەهلیەکان و تەنانەت حکومیەکانیش لەخوار نمرەی ٧٠ش وەردەگرن. لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێت قوتابی بەو فیلتەر و مەرج و ڕێنماییانەدا بڕوات کە خۆمان لە زانکۆکەمان دیاریمان کردووە، تەنانەت بەبێ چاوپێکەوتن هیچ قوتابیەك وەرناگرین، ئەگەر کۆنمرەکەشی بەرز بێت، بۆ نموونە قوتابیەك پێشکەشی کۆلێژی پزیشکی دەکات لە چاوپێکەوتنەکەدا پرسیاری لەسەر بایلۆجی و فیزیاو کیمیاو تەنانەت بیرکاریشی لێ دەکرێت و دەبێت لە زمانی ئینگلیزیش باش بێت و بڕوانامەی هێنابێت، لەو چاوپێکەوتنە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، هەندێك نمرەی دەداتێ و ئاستی دەباتە پێشەوە.

*** ئایا زانکۆی کوردستان یەکێکە لە زانکۆکانی کەرتی تایبەت، یان سەر بەکەرتی گشتییە، یان تێکەڵە؟ ئایا حکومەت بەشێکی خەرجییەکانی لەخۆی دەگرێت؟**

- لەسەرەتادا بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم زانکۆیە وەك زانکۆیەکی تایبەت دروستکراو سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت و هیچ لایەنێك و دامودەزگایەك کۆنترۆڵی نەکات، چونکە لەکاتێکدا سەر بەدەزگایەك بێت، ئەو دەسەڵات و تایبەتمەندییەی نامێنێت، لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و جیهان زانکۆکان ئازادی خۆیان هەیە و دەسەڵاتی خۆیان پیادە دەکەن و هیچ یاسایەك ناتوانێت بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەڵام لەگەڵ ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵای وڵاتەکەی دەگونجێت، ئێمەش هەر وامان کردووە، بەڵام لەم دواییانەدا کە وەزارەتی خوێندنی باڵا دامەزرا، شێوازەکەی گۆڕدرا و کرا بە زانکۆی حکوومی بە مەرجی هێشتنەوەی تایبەتمەندی سەربەخۆیی بەڕێوەبەرایەتی و دارایی بەو مەبەستەی کە وەك دەزگایەکی کارا ڕۆڵی خۆی ببینێت و نموونە بێت بۆ ڕاستکردنەوەی سیستمی خوێندنی باڵا لە هەرێم کە لەوانەیە تەنیا کلیل بێت بۆ دامەزراندن و بنیادنانی نەوەیەکی تێگەیشتوو کە بتوانێت ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان ببینن لە بونیادنانی نیشتمانی کوردستانیدا، لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاش گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کە ئەو تایبەتمەندێتی و ئەو دەسەڵاتەی زانکۆی کوردستان هەیەتی، خاڵێکی ئیجابی و میکانیزمێکی گرنگە. سەبارەت بە خەرجییەکانی زانکۆکەشمان بەشێك لە خەرجییەکان لە وەزارەتی دارایی وەردەگرین و مانگانە ڕاپۆرت سەبارەت بە خەرجییەکان پێشکەشیان دەکەین.

*** زانکۆی کوردستان زیاتر بایەخ بە زانستی مرۆڤایەتی دەدات، یاخود بە هەموو زانستەکان بەگشتی؟ ئەو بوارانە چین کە لە زانکۆکەتان پسپۆڕایەتی تێدا وەردەگیرێت؟ ئایا تەنیا خوێندنی دیراساتی بکالۆریۆس دەدەنە قوتابی، یان خوێندنی ماستەر و دکتۆراش و پسپۆڕایەتی تێدا وەردەگیرێت؟**

- لە زانکۆی کوردستان گرنگی بە هەموو زانستەکان دەدەین. لە زانکۆکەمان کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و زانستە مرۆڤایەتیەکانیش هەیە، تایبەتمەندێتیش لە خوێندنی باڵا هەیە لە ماستەر و دکتۆرا، لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە قۆناغەکانی ماستەر(MBA) هەیە و بڕیارە بۆ ئەمساڵیش خوێندنی دکتۆرا بکەینەوە.

*** بە بەردەوامی کەرتی تایبەت گلەیی ئەوە دەکەن کە ئاستی دەرچووانی زانکۆکان لە کوردستان بەپێی پێویست نییە، بگرە لە ئاست پێشکەوتن و پێداویستییەکانی بازاڕ و ئابووری نین، ئایا لەزانکۆی کوردستان تاچەند ڕەچاوی ئەو هاوسەنگییە دەکەن کە پێویستە لەنێوان بازاڕی کار و پڕۆگرامەکانی خوێندندا بن؟**

- ئێمە ئەو بۆچوونەمان گۆڕیوە، دەستخۆشی لە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم زانکۆیە دەکەم، بەپێی خشتەی دەرچووانی زانکۆکەمان شانازی بە دەرچووانمانەوە دەکەین. بەدواداچوونمان بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە لە ٩٢٪ی دەرچووانمان لەشوێنی هەستیار و گرنگ لە قونسوڵخانە و باڵیۆزخانەکان و رێکخراوەکان و کۆمپانیاو دامودەزگاکانی حکومەت کار دەکەن، تەنانەت دەرچووەکانی بکالۆریۆسی ئێمە ئێستا لە دەرەوە لەزانکۆ بەناوبانگەکانی دنیا دەخوێنن و پێوەندیمان لەگەڵیان هەیە، لەوانە زانکۆکانی ئۆکسفۆرد و کامبریج و هارڤارد وەرگیراون، ئەمە بەڵگەیە بۆ نموونەیی ئاست و توانای دەرچووانمان کە لەدوای دەرچوونیانەوە لەسەر شەقام نین و هەلی کاری باشیان دەست کەوتووە. لە٦٥٪ی دەرچووانمان لەکۆمپانیاکان کار دەکەن و لە ١٠٪ لە دەزگاکانی حکومەت و لە٢،٥٪ لە رێکخراوە ناحکومیەکان و لە٥،١٪ لەخوێندنی باڵاو لە٤،٦٪ لەنەتەوە یەکگرتووەکان و لە٥،٠٪ لەدەرەوەی هەرێمن بەشێوەیەکی گشتی لەسەرووی لە ٩٠٪ی دەرچووانی زانکۆی کوردستان سەرقاڵی کارن تەنانەت دەرچووانێکمان هەیە لە هەرە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان سەرقاڵی خوێندنی دکتۆران ئەمەش هاندەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی قوتابیان رووبکەنە زانکۆی کوردستان.

*** پێوەندیتان لەگەڵ زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان چۆنە؟**

- یەکێك لەبەرنامە و هەوڵەکانی زانکۆکەمان بۆ ئەوەیە پێوەندییەکی پتەو دروست بکەین لەگەڵ زانکۆ بەرز و بەناوبانگەکانی جیهان، ئەندامی زانکۆکانی لەندەن و لیستەری بەریتانین، ئەمساڵیش دووبارە پێوەندیمان پێوە کردوونەتەوە و تەنانەت قوتابیەکانیشمان دەنێرینە ئەو زانکۆیانە، قوتابیمان ناردۆتە زانکۆی کاردیف و هەوڵ و پێوەندیشمان لەگەڵ زانکۆکانی سالڤ هانتن و یۆرك و هەلپ کردووە، بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی بەردی بناغەی زانکۆکەمان لەسەر سیستەمی بەریتانییە، واتە ئێمە رێگای زانکۆکانی بەریتانیامان گرتووە، هەربۆیە هەوڵی پێوەندیمان زیاتر لەگەڵ زانکۆکانی ئەو وڵاتەیە، لەگەڵ زانکۆکانی ئەمەریکا و کەنەداش پێوەندیمان هەیە لەوانە زانکۆی کارلتن کە توێژینەوەکانیشمان هەوڵ دەدەین لە گۆڤارەکانی خۆیان بڵاوی بکەنەوە.

*** ئایا لەزانکۆی کوردستان سیستەمی پەرەلێل پێڕەو دەکەن وەك زانکۆکانی دیکەی کوردستان پێڕەوی دەکەن ؟**

- نەخێر، ئێمە سیستەمی پەرەلێلمان نییە، ئێمە تەنیا ئەو کۆلێژانە دەکەینەوە کە بۆ کۆمەڵگە و ئابووری و ژێرخان و بواری پزیشکی پێویستن، کاتێك کۆلێژی پزیشکیمان کردەوە بۆ ئەوە بوو دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی بتوانن کاریگەریان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی هەرێمی کوردستان هەبێت، لەبەر ئەمەشە ئەو ژمارەیەی قوتابی کە لەم کۆلێژەوە وەردەگیرێت، زۆر کەمە، بۆ ئەوەی دەرچووانێك دروست بکەین کە نموونەی لێهاتوویی و کارامەیی بن، سیستەمی کۆلێژی پزیشکی ئێمە جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆلێژەکانی پزیشکی لە زانکۆکانی دهۆك و سلێمانی، تەنانەت جگە لە تاقیگەکانی ئێمە لە تاقیگە و نەخۆشخانەکانی دەرەوەی وڵاتیش دەخوێنن و وەکو زانکۆی جیهان خەرجییەکانیان لەئەستۆ دەگرین، لەسەرەتای دانانی کۆلێژی پزیشکی پێوەندیمان لەگەڵ دوو زانکۆی پزیشکی نەمسا بەناوی گراس و کرێنسی دروست کرد، قوتابیەکانمان هەندێك لە کۆرساتیان لەنەمسا تەواو کرد هەر بەزمانی ئینگلیزی، هەرچەندە خوێندن لەو وڵاتە بەزمانی ئەڵمانییە، بەڵام قوتابیەکانمان بەزمانی ئینگلیزی خوێندنیان، ئێستا بەرنامەیەکی ترمان هەیە دوای گەڕانەوەی قوتابیەکانمان لەگەڵ زانکۆیەکی بەریتانی کە تیمێکی تایبەتی ئەو زانکۆیە هاتنە ئێرەو چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەیان لەگەڵ قوتابیەکانمان کرد، پێش ئەوەی بیانبەن بۆ لای خۆیان. بەرنامەکەمان ئەوەیە ئەو قوتابیەی لێرە دەخوێنێت لەکۆلێژی پزیشکی بەدوو شێوەیە بەشێوازی زانکۆ بەناوبانگەکانی دەرەوەی بەریتانیاو نەمساو ئەڵمانیا هەروەها بەشێوازی خۆشمان واتا دوو بڕوانامە وەردەگرن، تەنانەت قوتابیان دەتوانن بڕوانامەی خوێندنی باڵا بەدەستبهێنن و بگرە لە وڵاتی ئەوانیش کار بکەن، ئومێدەوارم زانکۆکانی دیکەی پزیشکی چاو بە پرۆگرامی خۆیاندا بخشێننەوە بۆ ئەوەی پزیشکی نموونەیی دروست بکەین.

*** پێوەندی نێوان سەرۆکایەتی زانکۆ و مامۆستا و قوتابیان لەسەر چ شێوازێکە کە وا باس دەکرێت لەگەڵ زانکۆکانی دیکەی کوردستان جیاوازی گەورەی هەیە؟**

بەرهەمی زانکۆ قوتابییە؛ هەربۆیە لەسەرەتادا لە بیرۆکەی ئەوەدا بووین قوتابیەك دروست بکەین باوەڕی بە کەسایەتی خۆی هەبێت و خاوەن بڕیاری خۆی بێت. پشتگیری و پاڵپشتیان دەکەین لەخوێندن و کارو ئیشەکانیان ئەمە وایکردووە خاوەن راوبۆچوونی خۆیان بن. چاوەڕێی هەر ئەمەش لەزانکۆی کوردستان دەکرێت کە ناوێکی پیرۆزە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەیە زانکۆکە بگەیەنینە ئاستی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان و ببێتە نموونە بۆ سەرجەم زانکۆکانی دیکەی کوردستان بەپاڵپشتی و پشتگیری هەموو لایەك سەرکەوتوو دەبین.

**لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە قۆناغەکانی ماستەر (MBA) هەیە و بڕیارە بۆ ئەمساڵیش خوێندنی دکتۆرا بکەینەوە**

**بەشێک لە خەرجییەکان لە وەزارەتی دارایی وەردەگرین و مانگانە راپۆرت سەبارەت بە خەرجییەکان پێشکەشیان دەکەین**

**لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهان زانکۆکان ئازادی خۆیان هەیە و دەسەڵاتی خۆیان پیادە دەکەن و هیچ یاسایەک ناتوانێت بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەڵام لەگەڵ رێنماییەکانی خوێندنی باڵای وڵاتەکەی دەگونجێت، ئێمەش هەر وامان کردووە**

**ئەو قوتابیەی پێشکەشی زانکۆی کوردستان دەکات، دەبێت بڕوانامەیەکی بەرزی زمانی ئینگلیزی هەبێت، هەروەها چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت و ئەگەر سەرکەوتوو بێت، کۆیەک نمرەی پێی دەدات و دەیباتە پێشەوە**